
جوامیر

**تێبینی**

ئەم بەرهەمە بریتی‌یە لە دیوانی داستانی‌هەڵۆی سوورو هەرسێ بەشەکەی کەشکۆڵی پێشمەرگە.

# داستانی هەڵۆی سوور

و

# کەشکۆڵی پێشمەرگە

جوامێر

■ داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە
□ جوا مێـــر
■ چاپی یەکەم ١٩٨٦
□ لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان
■ زنجیرە ٤١
□ چاپخانەی شەهید جەعفەر

# پێشەکی

ساقی شۆڕش

هەڵسەنگاندنی تێکرای لایەنە دەرکی و ناوەکیەکانی تاقی کردنەوە دوور و درێژ و دەوڵەمەندەکەی شیعری کاک شێرکو بێکەس، بەم پەلە پەلە و لە دوو توێ ی پێشەکیدکی مەودا تەسک و لە ناو بارودۆخی ژیانی پێشمەرگایەتیدا کارێکی زەحمەت و ناجۆر بوو بۆمن، بۆیە لێرەدا خۆم لە هەڵسەنگاندکە لادا وەو تەنیا بە تاووتوێ کردنێکی گشتی ی ناوەرۆکی دوا دەساڵی شیعرەکانی کاک شێرکۆ خۆم خەریک کردوە، لەگەڵ هەندێ وردە سەرنج دەربارەی فۆرمی هونەریی ئەم شیعرانە.

دوا دەساڵی شیعرەکانی کاک شێرکۆم هەڵبژاردوە نەک ئاسان کردنی کارەکەی خۆم، چونکە نەژیانی گەلی کورد لە بڕگەی ئەم دەساڵەدا ژیانیکی ئاسان و بێ گرێ و بێ ئاڵۆزیە.. نە ناوەڕۆکەکانی شیعری کاک شیرکۆش لەم ماوەیەدا راستەوخووێ حولەو لە ژیانی گەل دابڕاون تا بە ئاسانی بێنە دەست، بەلکو هەلبژارنەکەم لەبەر ئەوە بووە کە:

ـ) ساڵی ١٩٧٥ کە یەکەم ساڵی قۆناغەکەیە، ساڵی وەرچەرخان و گۆڕانکاریەکی گەورەو کاریگەرە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و نەتەوەیی گەلی کورددا، لە سێ مانگی یەکەمی ئەم ساڵەدا ناهەموارترین کارەساتی نەتەوەیی ژیانی هاوچەرخی گەلی کوردی هێنایە هەژان.. بگرە گەیاندیە لێواری رووخان کە

ئەویش کارەساتی هەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلوولە، دوا بە دوای کارەساتەکە دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان رەشەبای رەشترین هێرشی رەگەزپەرستانەیان بە مەبەستی راپێچ کردن و تێک و مەکان دانی بوونە نەتەوەییەکەی گەلی کورد هەلکرد .
ئەوەندەی نەبرد پێشەنگی شۆرە سوارانی کورد لەسەر کەلاوەی تەپیوی شۆرشی ئەیلول و لە ناو تاریکایی ئەشکەنجەو ئازارەکانی دوای ئاشبەتال و هەرەسەوە پزیسکی بەرنگاربونەوەو شۆرشیکی نوێ یان جۆخماخە پێدا . شۆرشەکە بەسالانیکی کەم و لە ناو گەرمەی خەباتیکی سەخت و خوێناوی دا خۆی تیکەلی ژیان و چارەنووسی هاوچەرخی گەلی کورد کرد .
لەبەرامبەر ئەم رووداوە گرنگانەدا ، گرتنەوەو خستنەوە سەر پێی گەلی کورد دوای گلانی بزووتنەوە سیاسی وجەکدار یەکەی کورد ، جۆشدانی خەباتی سیاسی و کومەلایەتی و پێشمەرگەیی لە ناو ریزەکانی کورددا ، پوختکردن و ریکخستنی ئەم خەباتە لە قەوارەی شۆرشیکی نوێ دا ، ئنجا ئەکە هەر پاراستنی کەسایەتیە نەتەوەییەکەی کورد بگرە پەرەپێدان وپتەوتر کردنی ئەم کەسایەتیەش چ لە ئاستەگیانی و دەروونی و روشنبیریەکەدا و چ لە ئاستە جەستەیی و مادیەکەیدا ، ئەرکە سەرەکیەکانی ناو ژیانی ئەم دەساڵەی کورد بوون .
وابزانم دەست نیشان کردنی رۆلی شیعرەکانی کاکە شیرکۆ بیکەس چ لە چۆنیەتی هەلهێنجانی ناوەرۆکە لەم ژیانانەو چ لە چۆنیەتی کارکردنە سەر ژیانەکە ، کاریکی هەم پێویست و بەجێیە .. هەم شایەنی ئەوەشە لیکۆلینەوەیەکی تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێ . بێگومان لێرەدا نابێ ئەوەمان لەیادبچێ کە لەتەک کاکە شیرکۆدا چەندین شاعیری دلسوزوبەجەرگی دیکەش هەبوون بەپەری جوامێریەوە لەم مەیدانەدا رۆلی خۆیان دەگێرا .. بۆنموونە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت و عبداللە

پەشێوو رەفیق سابیرو سەعدوللا پەرۆش و جەوهەر کرمانج و چەندانی دی .

ـ) راستە .. کاک شێرکۆ بێکەس لە نەوەی دووەمی پەنجاکانەوە دەستی داوەتە شیعر نووسین ، لە شەستەکانیشدا دەنگی تایبەتی ی خۆی لە گۆڕەپانی شیعری کوردی دا هەبووە ، لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) یشەوە هەوڵ و کۆششی بەرهەمەکانی کاک شێرکۆ سەرەکیترین دەوریان لە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی دا گێڕاوە ، هەروەها راستیشە کە هەر لەسەرەتاوە رەگەری کۆمەلایەتی و خۆ بەگەل و مەسەلەی گەل بەستن لە ناوەرۆکی شیعری کاک شێرکۆدا هەبووە بەلام لە پاڵ ئەم راستیانەدا ـ بەرای من ـ دەبێ ئەو راستیەش لەبەرچاو بگرین کە هەموو ئەو نووسین و بەرهەمانەی کاک شێرکۆ بەر لە ساڵی حەفتا و پێنجەوە نووسیونی ، هەمووی هەر پێنەوکردن و خۆش کردنی زەمینەبووە بۆ ئەو بەهە ( پۆپەگەیشتنەی ) کە ناوەرۆک و شێوەی شیعری کاک شێرکۆ لە دوای حەفتا و پێنجەوە بەخۆیەوەی دیوە .

لە دوای حەفتا و پێنجەوە ئیتر شیعر لە لای کاک شێرکۆ لەوە دەرچووە ئامرازێکی هونەری بێ بۆ دەربڕینی نارەزایی و بۆ خۆسوراندنەوە لە بازنەی خەمە تایبەتی و خودیەکانی ناو ژیانی مرۆڤ ، لەم بازنە تەسکە دەرچووەو بەتەواوی چۆتە ناو بازنەی خەمە گەورەکەی کۆمەلی گەلی کوردەوە ، وەکو چەکێکی کۆمەلایەتی بە ناوەروک و تێگەیشتن و تەقەمەنیەکی تازە ، ئەرکە بەرنگاریەکانی سەرشانی خۆی جێ بە جێ کردو . لەو رووداوانە دواوە کە لە ناو جەرگەی ژیانی گەلدا روویان داوەو ئەو چرایانەی رۆشن کردۆتەوە کە دەبوایە بۆ دەرباز کردن و بەرەوپێشەوە بردنی گەل رۆشن بکرێنەوە . لەم هەموو جولانەوەشدا هەم ئاوێنە بووە رەنگی واقیع و رووداوی داوەتەوە ، هەم ئامرازێکی داهێنەرانەش بووە هەڵوێستی

ئاشکرا و روونی خۆی دەست نیشان کردووەو راوتیگەیشتنی خـــۆی لە بەرامبەر رووداوەکان دەربڕیوەو رووبەرووی هیـــــــزە دوژمنکارەکانی ناوەوەو دەرەوەی گەلی کورد بۆتەوە .

ناوەروکی شیعری کاکە شێرکۆ لەم دەساڵەدا سیمای تایبەتی و سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە ، نالێم جیاوازە لە سیما و سروشتــی ناوەرۆکی پیش دەساڵەکەی ، بەلام بە باوەڕەوە ئەوە دەڵێــــم کە زۆر لە پێش ئەوو زۆر لەو کۆمەلایەتی ترو گونجاوترە هـــەم لەگەڵ ماددەی ژیانی گەلی کوردو هەم لەگەل بزووتنـــــەوەی بەرنگاری ی گەلی کورد .

لەبەر ئەم دوو هۆیەی سەرەوە بابەتی تاووتوێ کردنـــــی ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی کاکە شێرکـــۆم هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی لەم پێشەکیەدا لێ ی بدویـــــم .. باوەڕیشم وایە ئەگەر هەقی خۆیشم نەدابێ بە بابەتەکـــە .. ئەوا هەر نەبێ تیشکیکم خستۆتە سەری .

****************

ـ) ئەڵقەی دەست پێ کردنی ناوەرۆکی بەرنگاری لە شیعرەکانـــی دەساڵی دوایی کاکە شێرکۆدا ، لە هەناوی رووداوەکانـــــی کارەساتی ئاشبەتاڵەوە سەرچاوە هەلدەگرێ .

بێگومان گۆڕەپانی بزووتنەوەی ئەدەب بەگشتی و هونـــەری شیعر بەتایبەتی لە ناو کۆڕی بەرنگاربونەوەی نەتەوەیـــی دا تەنیا جەنگانی راستەوخۆو شەتەقاندنەوە نیە لـــــە رووی دوژمن دا ، بەڵکو سەربازی رووبەرووبونەوەی دوژمن ، لە نـــاو بەرەی گەلەکەی خۆیشیدا چەندین گورەپانی بەرباڵاوی کومەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیریش هەن کە دەبێ ئەدەب و شیعرو روشنبیـــری ئەرکی بەرنگاریانەی خۆی تیا یاندا بەجێ بگەیەنێ ، بایەخـــی بەجێ گەیاندنی هیچ کامێکیش لەم ئەرکە کۆمەلایەتی و سیاســی و

هەواڵنامەی کتێب

رۆشنبیریانە کەمترنیە لە بایەخی بەجێ گەیاندنی ئەرکی رووبەروو بوونەوە راستەوخۆیەکە .

ئەوی راستی بێ .. شوێنی راستەقینەو سەرەکی ی ئەدەب بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی بەرنگار بونەوەی نەتەوەیی خۆی ، نا و ریزەکانی گەلە ، بگرە نا و قولایی مێشک و دڵ و دەروونی گەلە ، چونکە ئەگەر تفەنگ و ئامرازە ماددیەکانی دیکەی بەرنگاربونەوەی نەتەوەیی ، لەپێشەوەی ریزەکانی گەل یان وەک شورەی پولایین لە دەوری ریزەکانی گەل سەنگەر دابمەزرێنن و بەر لە هێرشە جەستەیی و ماددیەکەی دوژمن بگرن ، ئەوا ئەدەب لە جەرگەی ئەم ریزانەدا بەتایبەتیش لە نا و (گیان وبیر ) ی گەلدا :

ـ هەم دەبێ خەریکی سازدان و جۆشدانی کۆمەلانی گەل بێ .. بەهاندان و ژیاندنەوەی دڵ و دەروون و بیریان، بەپاککرنەوەی گیانیان لە تۆزوگەردی نائومێدی و دوو دلی و رارایی و بێ ورەیی ، بەرووبەروو بوونەوەی دیاردە کۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیریە سەلبیەکانی نا و کۆمەل کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو خزمەتی بەرژەوەندیەکانی دوژمن دەکەن .

ـ هەم دەبێ بەرنگاری لێشاوی هێرشە گیانی و دەروونی و رۆشنبیریەکەی دوژمن ببێتەوە کە لە چەندین ریگەو بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر ئاراستەی گیانی و مێشکی گەلی کورد دەکرێ بە مەبەستی تەپاندنی گیانەکەو کوێرکردنەوەی سەرچاوە روون و گەشەکانی .

یەکێ لە کارەساتە هەرە سامناک و ترسناکەکانی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد کە بەراستی لە چوارچێوەی قۆناغی خۆیدا مەترسیەکانی ئێجگار گەورەی بۆ لە بەین بردنی نەتەوەی کورد دروستکرد بوو، هەرەسەکەی سالی ١٩٧٥ بوو . مەترسیەگەورەکەی ئەم هەرەسە زۆرتر لەوەوە هاتبوو کە

رەشەباکەی هەر تەنیا حزبێکی سیاسی ی کوردی و هەر تەنیـــــا سەنگەرەکانی هێزی پیشمەرگەی بەسەریەکدا نەرووخاند ، بەڵکـــو تیکرای بونیانی نەتەوەیی گەلی کوردی هێنایە هەژان و لــــــە هەموو مەیدانە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیــــــری و دەروونیەکاندا ئەم بونیانە هەژێنراوەی گەیاندە ســـــــەر لێواری رووخان .

ـ ئەڵقەی دەست پێ کردنی ناوەرۆکی بەرنگاری لە شیعری ئـەم دەساڵەی کاک شیرکۆدا ، ریسوا کردنی ئەو رێبازە سیاسیە بـــوو کە بڕیاری ئاشبەتاڵ کردنی بە سەر شۆرش و هێزی پیشمەرگــــەو گەلی کورد سەپاند ، لەو هەل و مەرجە سیـیە تایبەتیــــــەی دوای کارەساتی ١٩٧٥ ئەم ریسوا کردنە لەلایەن کەسانـــــــی بیر ووناکە و سەربە سەنگەری گەل و دڵسوزی وەکو کاکە شیرکـــۆ کارێکی پێویست و دەست خستنە سەر ئەڵقەیەکی ناوەنــــــدی ی کارەساتەکە بوو ، کەسانی قەلەم بەدەست و خاوەن هەڵوێســـت ، ئەوانەی لە زەرفە گرنگەکانی ژیانی گەلدا ئەرکی راستی گوتــن و ربەری کردن و شی کردنەوەی گرێ یە سیاسی و ئایدیولـــــوژی و مێژوویەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، لە ئاستێ بڕیاری ئاشبەتاڵ و ئەنجامەکانی ئەم بڕیارەدا دەبوایە بێنە گوفتارو قسەکـــردن ، دەبوایە لە بەرامبەر ئەو ریبازە سیاسیەی بەر پرسیارە لـــــە رووداونی هەرەس و ئاشبەتاڵ هەلوێستێکی روون و دیاروئازایانــە بنوێنن ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا شێوەیەک بوو لە شێوەکانـــــی بەرنگار بوونەوەی نەتەوەیی .

رایان کرد و ماڵیان چۆل کرد
رایان کرد و ئاگریان بەردایە بێشکە
بێشکە گریا و بوو بە زوخـــاڵ ،
رووباریان کوشـــت ،

رایان کرد و ماڵیان چۆل کرد
ئابڕوو مەلێکی سپی بوو
خستیانە ناو
قەفەزەی سنگی فەرهادی و
هەڵیان گرت و بردیان بۆ شا
ئابڕوو سەر پۆشی کێوان بوو
دایان بەسەر تەرمەکەداو
بردیان بۆ شا
دوای قاقایەکێ کە ـ شا ـ سەرێکی هەڵبڕی
مەلی هێنایە دەرەوەو
لەبەر قاچی شابانوودا سەری بڕی
ئەمجا رەیان داتەوییەوە
بەسەر پۆشیش
پیلاوەکانی پێ ی سڕی .

لێپرسراوانی ئاشبەتاڵ بەم شێوە ناشرینە تێیان ئەقاندو لە تاران گیرسانەوە ، بەو خەیاڵەی کە کورد لە ناو تەپ و تۆزی هەرەس و ئاشبەتاڵدا ئیتر بەرچاوی شێواوە و توانای دیتنی ئەم رەفتارەیانی نیە ، بەلام چاوی شیعر کە چاوی زەمیری نەتەوەی کوردە نەک هەر شاهێدی بەزینەکە بوو .. بگرە لە کاتی خۆی دا ریسواشی کردن :

سیوەش ئەی گەورە پیاوینە
پیاوانی دز
پیاوانی پووت
چاومان لێ یە :
لە ناو لنگی تارانەوە سەر دەردێنن
رەشی دەستتان

ئوتێل .. ئوتێل
شەقام .. شەقام
روو زەردیتان ئەگەڕێنن .

راستە .. ڕێبازیکی سیاسی دیاریکراو بەرپرسیارە ڕووداونی کارەساتی هەرەس و ئاشبەتاڵ ، بەلام سروشت و داروپەردوی کوردستان زۆر بە تەنگ ئەوەوەنین کێ بەرپرسیارە لە ڕووداونی کارەساتەکە ؟ گرنگ بەلای ئەوانەوە ئەوەیە گەلی کورد چەکێکی رەسەنی شۆڕشگیری بەشانەوە بێت و لە شاخ و پێدەشتەکاندا بەرگریان لێ بکات ، کە کورد بەر لە گەیشتنە ئامانجە نەتەوەییەکانی چەکی لەشان داگرت ـ وەک چۆن لە ئاشبەتاڵدا رووی دا ـ ئیتر کوردستان نەک هەر قین لە ربازە سیاسیە دەکاتەوە کە چەکی لە شانی کورد داگرتووە ، بگرە قین لە کۆمەلانی خەلکی کوردیش دەکاتەوە ، ئەگەر هاتوو خەلکانەکە سەرچاوەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەکدا ڕانەیان سەر لە نوێ لە کوردستاندا نەژیاندەوە .

لە بیرتانە ؟
سالی هەرەستان لە بیرە ؟
لە بیرتانە
ئەو بەیانیەی کە هەستاین
چاومان گلوفت .. سەیرمان کرد :
شاخەکان : تفمان لێ ئەکەن ؟
دارستان : پشتمان تێ ئەکەن ؟
گوند : چەمۆلەمان لێ ئەنێ ؟
شاریش پێمان پێ ئەکەنێ !

کەواتە مەسەلەکە هەر تەنیا بەوە نابڕیتەوە هەرچی قسەیەکمان لە دلدایە لە بەرامبەر ئاشبەتاڵ بیکەین وریبازە سیاسیەکە بە تۆمەتی ئاشبەتاڵ کردن بەکورد تاوانبار بکەین ،

هەواڵنامەی کتێب

بەڵکو دەبێ پێ بە پێ ی تاوانبارکردنەکە کارێکی گــــــەرم و پڕ تینی تازەش ئەنجام بدەین لە پێناو سەر لە نـــــــــوێ هەڵگرتنەوەی چەکی شۆرش تا خۆمان لە تف و پشت تێ کـــــردن و چەمۆڵەی شاخ دارستان و گوندەکانی کوردستان بپارێزیـــــن .

شیعرەکانی کاکە شیرکۆ ئاگادارن لەوەی کە ئەم هەرەســـــە کارێ نەبووە لە دەرەوەوە بەسەر کوردا سەپێنرابێ .. بەڵکـــــو سروشتی چینایەتی و سیاسی ی سەرکردایەتیەکەی شۆرشی ئەیلـــول و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شۆرشەکە و ناوەرۆکە کۆمەلایەتیەکــــەی ، هۆیە سەرەکیەکەی رووخان و ئاشبەتاڵ کردنی شۆرشەکە بـــوون .

لە دوا ساڵدا .. فەرهادێکی کوژرا و ووتی :
لە بەر ئەوەی ( هەرەم ) ە کە لەسەر نووکە و
سەر بەرەوژێر دانرا بوو
هەرەس وا بوو .. زەویش
بنکەو رەگی ئەویست ،
تۆفانەکەش زەریاوانی
چەند خوایەکە بوون
خۆفۆی گەورە ، خۆفۆی بچووکە
خۆفۆی قـڕە ،
ـ دارێوشیش دەنگە و سەری لێ دزیبووین
بۆیە کاتێ هەرەم رووخا
نەهەنگەکانی داستان و دەرداستانی
ئەم سەدەیە کۆبونەوە و
تۆفانەکەیان هەڵمژی ،
کێش مایەوە .. چیش مایەوە
چوون بەناخدا .. چوون ..بەناخدا ....

زوربەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە دوای ئاشبەتـــــاڵ و رەیان بەردابوو ، سەرچاوەی هیوا و بشوو درێژی لە نـــاو دڵ

و دەروونیاندا کوێر نوو بووەوە ، بەلایانەوە مەحال بوو جارێکی دیکە بتوانن شورەی شۆرش لە ناو چیا بە دوژمن تەنراوەکانی کوردستاندا بەرزبکەنەوە ، لەم کاتانەدا شیعرەکانی کاکە شێرکۆ تەپ و تۆزی رەش بینی و ورەبەردان و خاوبوونەوەو شکست هێنانی دەروونی و بێزاریان لە ناو دڵ و مێشکی کومەڵانی خەلکی دا دەرەواندنەوەو تۆوی گەش بینی و بەئاسان خستنی کارو هیوایان لە ناو خەڵکی دا دەچاند و هانیان دەدان قۆڵی خەبات و شۆرشی لێ هەڵماڵن .

شورەی چین و هەرەم و کۆشکەکەی بابل
یەکەم جار تەنها بەردێکە بوو بناغەیان
ئەو شاخەوانەی یەکەم جار
سەرکەوتە سەر لوتکەی ئەفرست
چۆکی دادا بەو چیایە
ئەویش تەنها بە یەکێ هەنگاو دەستی پێ کرد .

دوای کارەساتی هەرەس ، گەش کردنەوەی خەلکی و ئاوات لە لادروست کردنیان بە دوا رۆژ و خوێنی شەهید و چەکی پێشمەرگە ، گرنگترین ئەرکی سەرشانی شیعری بەرنگاری بوو ، چونکە دوژمنی رەگەزپەرست بە هەرچی دەسەلات و شێوەیەکێ لەبەر دەستی دابوو هەوڵی دەدا دەماری ئاوات بە دوارۆژ لە ناو دڵی کورددا بکوژێ و وێنەی چەکی پیشمەرگە لەبەرچاوی میللەت بسڕێتەوە .

ئەی ولاتە غەمگینەکەم چاو هەڵبرە :
گزنگێ لە بزەی کازیۆەی
ئەو لێوانەت هەرگیز مەبرە ،
تەماشاکە : لەم شەوەدا
خوێنی شەهید

باراني تووش
دەشتي گولالە ئەروێنن ،
تەماشاکە : هيوا بولبوليکي سەوزەو
ئەفرێ و لە سەر چەکي شاني
پێشمەرگەکان بۆت ئەخوێنێ .

هەل و مەرجي دواي ئاشبەتاڵ بەو هەموو پەلەپەليەي دوژمن دەيئواند بۆ لە ناو بردني هەرچي زووتري گەلي کورد، پێويستي بەوە دەکرد پێشەنگي کارواني خەباتي گەلي کورد بەپەلە بڕيار بدات و بجولێتەوە ، لە دواي ئەم پێشەنگەشەوە کۆمەلاني خەلکي کياني دەستەو وەستاني و ئەژنۆگرتنە باوەش و بێهوودەيي و چاوەڕواني فڕێ بدەن ، شيعرەکاني کاکە شيرکۆ لە تەکە گەشاندنەوەي پشکۆي هيوا ، پەلەي کەوتنەکاري شۆرشگيرانەشي لە خەلکەکە ئەکرد :

درەنگە .. درەنگە .. درەنگە .. درەنگە
زۆر درەنگە ،
مێژوو رووي ئەکردە خوێن و واي پێ ئەوت
ري و بانەکان روويان ئەکردە رێبوارو وايان ئەوت

کات درەنگە بوو .. چونکە دوژمن وەک کێرديکي بێ کيف ئەگەڕا و سەري بە دەرگاي هەموو کورديکدا دەکرد، دەستي دابوە گلاوترين هێرشي راگواستن و دەربەدەرکردني خەلکي کورد و شێواندني سيما نەتەوەييە تايبەتيەکاني کوردستان .

کێرد بە بێ کيف ئەگەڕێت و سەربە دەرگاي
هەموو برينێکدا ئەکات ،
سەر ئەکەوێتە سەر کەژو هەوار هەوار
بۆ بەرەو خوار راپيچ ئەکات ،
کێرد قينێکي رەشي تيژە

زمانی کوردی ئەبڕێت و
گوڵ لە باخچەو دەغڵ لە کێڵگە دەرئەکات ،
ـ مامە یارە ـ لە گۆڕ ئەهێنێتە دەرێ و
ـ عەگالێکی ـ لەسەر ئەکات .

کات درەنگێ بوو .. دەبوایە لە ناو تاریکە شەوی ئاشبەتاڵ و هێرشی رژێمی عیراقدا کورد بحولێتەوە و بە بەرپاکردنـــــی ئاگری شۆرشیکی نوێ لە دایکێ بوونێکی نوێ ی جیاواز لە دایـــکێ بوونەکەی پێشو بۆ خۆی بنووسێتەوە .. لەدایکێ بوونەکـــــەی پێشوو ناکاملانە بوو .. پڕ کەم و کورتی بوو .. بۆیە مردن و هەرەسی بەدواوە بوو ، بەلاّ لە دایکێ بوونەکەی ئەمرۆ دەبـــێ کامل و ئاسایی و راستەقینە بێ تا ژیان و گەشەسەنـــــــدن و بەسەرکەوتن گەیشتنی لە دواوەبێ ..

دایە ئەبێ جاریکی تر بەسکێ هەڵمبگریتەوە
لە دایکێ بوونی ئەمجارەم
ئەبێ دوێنێت لە باربەرێت .

کات درەنگێ بوو .. برکردنی ئەو تاریکەشەوەی لــــە دوای ئەویست
حەفتا و پێنج گەلی کوردی تێکەوتبوو چاوێکی پڕ ورەو وردوتیـــژی
لەم دەمەدا هاوێرکردن لە نێوانی
شەو خۆیی و تاریکەشەودا چاوی ئەوێ .
چاوێ دەزووی تەماشاکەی
بکا بە دەزوی ی رەنگاوی ئەو رێ یەوە
کە ئێش تەقەڵی دەروونی تێ هەڵ ئەدا !

چاوێکی ئەویست ، بەفر ئاسا ، هەمیشە بێدارو کراوەو هوشیار ـ خەریکی گەرمەی داهێنان و هاوێر کردن و گەشە پێدانـــــی ژیان بێ ـ چونکە میللەت لە ناو هەل و مەرجیکی سەخــــــت و دژوار و ئالۆزکاوی وەکو هەل و مەرجی دوای ئاشبەتــــاڵ دا

ئەگەر رێ بداتە نووستن بچێتە چاوی ، ئەوا رێ دەداتە خاوبونەوەو سستی و ژاکان و مردنیش لەنا و دەمارەکانی دا گەرا دابنێن . ئەوە نیە بەفر کانگایەکی بەپیت و سپی ی ژیانە ، ناتوێ و هەر خەریکی داهێنان و کاری سروشتی ی خۆیەتی ؟ خۆ ئەگەر ئەم بەفرە بنوێ و ئیتر نەبسا رێ .. بێگومان کانیەکان نازێینەوەو رووبارەکان تووشی خنکان دێن و سروشتیش دەپوکێتەوە .

بەفر ناتوێ
بنووستا یە
کوێرەکانی ئەژیا یەوە ؟
بنووستا یە
کوێستان ئەبوو بە هەواری قاسپەی سووری ؟
بنووستا یە
رووبارەکان نەئەخنکان ؟

+ ) هێشتا سالێک بەسەر یەکەم یادگاری تال و تەلخی کارەساتی هەزەس تینەپەریبوو کە لرفەی شۆرشێکی نوێ ، بەکارو کۆشش و خەباتی تێکۆشەرە کۆڵنەدەرو بەرچاو روون و خەمخۆرەکانی کورد لە کوردستاندا هەڵایسایەوە ، بێگومان هەڵگیرسانەوەی شۆرش نەکارێکی سەرشیتانەو نە هاروگیفی دەستەیەک کوردی خوێن گەرم و توندرەو بوو - وەک چۆن ئەوسا هەندێ تێیگەیشتبوون - بەڵکو کردەی پێداویستیەکی مێژوویی و زادەی هەل و مەرجێکی لە باروپێگەیبوی بابەتی و خودی بوو ، بەلگەشمان بۆ ئەم قسەیە نەک هەر مانەوەو نەگلانی شۆرشەکەیە بگرە پەرەسەندن و بەهێزبوونیشیەتی لە بەرامبەر دوژمنێکی سەرسەخت و رەگەز پەرەست و پڕ چەکی وەکو رژێمی عیراق ، بەو هەموو بارودۆخە زەحمەتەشەوە کە دەوری گەلی کورد و بزوتنەوە سیاسیە شۆرشگێرەکەی داوە .

بێگومان ئەگەر شۆرشەکەمان شۆرشێکی بێ بنەما و دەسکردو

دوور لە گیانی مێژوو بوایە نەک هەر ئەم رۆژگارە گەشەدارەی ئەمرۆی بەخۆیەوە نەدەدی .. بگرە وەکو چەندین شۆرشی دیکەی میللەتان ساڵ دوو ساڵی نەدەبرد و لە پاڵ تاشەبەردی دڵسوزی و خوێن گەرمی ی خۆیدا شەهید دەکرا و نەدەگەیشتە ئەم رۆژە شکۆدارە . بەدەست پێشکەری ی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکیتی ی نیشتمانی ی کوردستان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٦ دا یەکەم لاپەرەی داستانی شۆرشی نوێ ی ئەمجارەمان بەخوێن نووسرایەوە ، سەنگەری بەرنگاربونەوەی پێشمەرگەیی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری گەلی کورد سەرلەنوێ دامەزرێنزایەوە و شەڕ لە هەموو بەرەکانی ژیاندا لە نێوان بەرنگاربووەوە کوردەکان و رژێم دا گەرم بوو .

هەندێ کەس هەن پێیان وایە دوای ئاشبەتاڵ ، جگە لە گۆڕەپانی شیعرو ئەدەب ، هەموو گۆڕەپان و سەنگەرەکانی دیکە چۆڵ کران .

من پێیم وایە ئەم بۆچوونە چەوت و نازانستی و دوورە واقیعە ، چونکە ئەگەر هەموو گۆڕەپانەکان چۆڵ بکرانایە و تەنیا شیعرو ئەدەب لە مەیدانی بەرنگاری بوایە ، مەحاڵ بوو بەماوەی ساڵێک سەرلەنوێ شۆرش بکەوتبایەوە سەرپێ ، دیارە لە ماوەی ئەم ساڵەدا کەسانێکی تێکۆشەری خاوەن بەرنامەو ئامانج لەپێش چاو هەبوون دریان بەو هەمووگێژەن و ئاڵۆزیەی ناو باری سیاسی و کۆمەلایەتی ی کوردستان داوەو خەریکی سازدانی پێداویستیەکانی بەرپاکردنی شۆرش بوون . خۆ ئەگەر ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کە تێکوشەرانی رێکخراوی (کۆمەڵە) و رێکخراوی ( بزووتنەوە ) لە یەکەم رۆژی ئاشبەتاڵەوە بەمەبەستی ژیاندنەوەی بەرنگاری خەریکی کاری سیاسی و خۆکۆکردنەوەو پەیوەندی ی بەتێکوشەرانی دەرەوەی ولات کردن بوون بۆسازدانی شۆرش و بەرنگاری ، ئەگەر ئەم راستیەمان لەبەرچاو گرت

ئەوا بەتەواوەتی بۆمان دەردەکەوێ کە زوربەی گۆڕەپانەکانی بەرنگاری چۆڵ نەکرابوون و شان بە شانی شیعرو ئەدەبی بەرنگاری ئەوانیش خەریکی تەقاندنەوەی شێوە بەرزەکەی بەرنگاری بوون لە کوردستاندا کە شۆڕشی چەکداریە .

ئەمە لە سەرێکەوە .. لە سەرێکی دیکەوە شۆڕش .. بەتایبەتی شۆڕشیکی رزگاریخوازو دیموکراسی وەکو شۆڕشی نوێی گەلی کورد ، کارێکی یەک لایەنەو بەرهەمی یەک جۆرە چالاکی نیە .. بەلکو کارێکی فرەلایەن و زادەی یەکگرتنەوەی سەرجەمی وزەو چالاکیە شۆڕشگێریەکانی ناو کومەڵە . دەبێ هەربە شێوەی کۆمەلایەتیەو خشتی خۆی بخاتە سەر بینا ، شۆڕش ئەگینا ئەم بینا بە خوێن و قوربانی چنراوە هەرگیز بە تاقەت و توانستی تەنیا بەشێک یان کۆرو بەشە خەلک بەرزنابێتەوە .

لێرەوە .. شۆڕشی کوردیش زادەی خەباتی بێ وچانی هەموو گۆڕەپان و سەنگەرە چۆڵ نەکراوەکانی بەرنگار بونەوە بوو ، هەموو ئەم سەنگەرانە شان بەشانی یەکتری و بە هێزو وزە لە یەکدی وەرگرتن لرفەی شۆڕشی نوێی کوردستانیان هەلگیرساند ، شیعر لەناو ئەم سەنگەرانەدا سەنگەرێک بوو هەم لەکاتی خۆش کردنی زەمینەی بەرپاکردنی شۆڕشداو هەم لە کاتی هەلگیرسان و گەشەسەندنی ئاگرەکەیدا ، بێ دریغی کردن رۆڵی کاریگەری خۆی گێڕاوە .

شیعرەکانی کاک شیرکۆ لەودەمەدا بانگی بۆ خەباتی چەکدار هەلدەداو هانی کومەلانی خەلک دەدا بۆ ئەوەی بێنە کۆڕی پیشمەرگایەتی و چەک هەلگرتن ، چونکە بەبێ هەلگرتنی ئەم چەکە پیرۆزە نە ئاوی سووری سەرکەوتن دێتە قولپ و نە دێوی خۆگۆڕیو لە شێوەی رژێمی عیراقدا دێتە کوشتن :

بۆ ئەوەی ئاوی سوور بێت و شمشیرەکەت
بوە شێنی ،

ئەبێ سەرچاوە لە خوێنتا هەڵ قوڵێنی
بەدەماری رەگەکاندا شۆڕبێتەوەو
لە ناو خۆرێکی تازەدا سەردەربێنی .

لە سەرجەمی شیعرەکانی ئەم دەڕاڵەی کاک شێرکودا خەباتی شۆرشگێرانەی چەکدار وەکو لەبارترین و رێک و پێکترین شێوازی خەبات بۆ ئەم قۆناغەی گەلی کورد باس دەکری

من خۆم پزیشکم
بۆ تیماری زام
دەرمانی هەزار برینی لەشی دەردەدارم کرد
بەلام بۆ زامە قوولەکەی لەشی
ئەم کوردستانە
دەرمانی چەک و فیشەکم هەڵگرت

هەر بۆیەش کە یەکەم پۆلە پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستاندا دروست بوو ، هەر زوو وەکو مژدەیەکی ژیان هێنەر تەماشای ئەم پۆلەی دەکرد :

یەکەم جارە خۆیان ئەکەن
بەدەربەندا
یەکەم جارە لە سەر رەوەز
زەنگ لێ ئەدەن
یەکەم جارە نەهەنگ لە خەوی
خۆشی دوای هەرەس ئەکەن
لەو دەمەدا
سەروملی ئەو سوارانە
کۆمەلی مۆمی کافووریی داگیرساو بوون ،
هەرکە تروسکە دای لە کەژ
درەخت زەردەخەنەگرتی

هەرکە تروسکە دای لە ئاو
شەپۆل گوڵی دا لە قژی
هەرکە تروسکە دای لە ماڵ
خەمی هەژاران پێکەنی .

ئەم پێشمەرگانە لە شیعرەکانی کاک شێرکۆدا مایــەی خۆشەویستی و ڕێز لێ گرتن و شانازیەکی زۆرن ، چونکە بــە پالەوانی و بەلە خۆبوردوویی خۆیان لە ناو گەرداوێکــی ڕەش و تووشدا کەشتیە بەرەڵلاکەی کوردستانیان گرتۆتەوەو لــە نقووم بوون رزگاریان کردوە :

ئەی هەڵۆکانی داستانی ئەم شاخانە
ڕۆژانی بوو
کوردستانم کەشتیەکی بەرەڵلای ناو
گەرداوێکی ڕەش و تووش بوو
ئێوە چوون و جارێکی تر گرتتانەوە

ئەم پێشمەرگانە هیوای ئێستەو دوا ڕۆژی کوردن ، توانـای بەرێوەبردنی کاروانی شۆرشیان هەیە ، چونکە ئەو بیروبـاوەری لە دڵ و میشکیان دایە بیروباوەرێکی پێشکەوتنخواز و نوێیە .. بە جەستەولەش گەنج و پڕ هەرەت و توانان ، جیاوازن لــە جۆری لەشکرەکەی پێشووی کورد :

ئەم هەڵۆیانە لە ڕەنگ و شێوەی باڵ و
دەنووکیاندا لە هەڵۆکانی تر ناچن
ئەمان سوورن ئەوان بۆر بوون .

ئازان .. بە جەرگن .. نە ئەویان شەوە و نەڕۆژیــان ڕۆژ.. نەژیانیان ژیانەو نە مەرگیان مەرگ ، لە پێناوی مەسەلــەی رزگاریی کوردو کوردستان درێ بە زەحمەتی و ناخۆشی و تــرس دەدەن ، بەژیانی ژێر دەستەیی و چاولەنشینی رازی نیــن ، وەک هەڵۆی بەرزەفر لەسەر دوندولوتکە نەبێ نامرن :

ئەم هەڵۆ سوورانە بەشەوی زریان و بەفر
هێلانەیان ئەگوێزنەوە

لەسەر لوتکەش نەبێ نامرن
بە چەکەکانیان لە ناو گەردەلوولدا نەبێ
قەت باڵ ناگرن ، دۆستی هەموو
بنچکڕکن

ئەم پێشمەرگانە .. دروستەوە بووی هەناوی پڕ ئازاری گەلی کوردن ، لەو رۆڵە بەجەرگانەن کە هیچ کاتێ پشتی گەلەکەی خۆیان بەرنەداوە ، هیچ کاتێ لە دڵسۆزی و وەفا بەلاوە هیچ شتێکی دیکەیان لە دڵ دا نەبووە بەرامبەر بەکوردستان .هەمیشە هوشیارو چاوکراوە و رووله بەرزی بوون ، کە تاریکە شەوی هەرەس و ئاشبەتاڵ چۆکی بەسەر کوردستاندا دابوو ، ئەوان تاریکە رێ ی بەردەمیان بە چرای بیرو ورە رووناک دەکردەوە :
منا ئینە
ئەو سوارانە سوار بوونەوە
ئەسپەکانیان نەفرۆشتبوو
دڵیان نەدابوو بەکرێ
کلیلی دەربەندو شاخیان
بەجێ نەهێشت بۆ هیچ دزێ
ئەو سوارانە سوار بوونەوە
شەوی درێژ نەیخەواندن
تاریکەرێ نەیگلاندن

بەڵێ ... ئەو تێکۆشەرانەی بانگی پیرۆزی شۆرشیان هەڵدا و درزێکی گەورەیان خستە دیواری ترس و بێ دەنگیەوە دیواری ترس و بێ دەنگی درزێکی گەورەی تێ بووە نەک کولەکە ئێستە بانگێ لە کێودا ئەدرێ ...



هەواڵنامەی کتێب

ئەم تیکۆشەرانە .. بە هاتنەوەیان بۆ ناو شاخەکانی کوردستان و بە چەکێ کردنەوەشان ، هەرچی هیوای کوژاوە هەبوو لەناو دڵ و دەروونی کورددا بوژاندیانەوە ، هەرچی خەم بوو رەواندیانەوە ، دەروازەی رۆژگاریکی نوێی پڕ رووناکی و شکۆیان بەسەر ئاسوی نەتەوەی کورددا کردەوە :

ئەی هەڵۆی سوور !
هەڵۆکانی داستانی نوێی ئەم شاخانە
کە هاتنەوە
خەمی زەردی ئەم دەشتانە شین بوونەوە
ئەو گۆمانەی شەوان دەنگێ
مانگێ‌گریا و سەری ئەخستە پەنجەرەی
بێ ترووسکەی دڵیانەوە
روون بوونەوە .

ـ نەمامی هیوای بەخوێن ئاودراوی کورد رەگێ و ریشەی پەیداکرد رەگێ و ریشەکە قووڵتر بەناخی زەوی دا چووە خوارێ ، لق و پۆپەو گەڵاو گوڵ و بەری گرت . نەمام بوو بەدرەخت .. درەختێکی ئەستووری خۆڕاگر لەبەرامبەر تەورو رەشەبای دوژمناندا ..

شیعرەکانی کاکێ شیرکۆش پێ بەپێی هەڵچوون و گەورەبوونی درەختەکە ئەوانیش گەورەترو دەروون پڕ حەماسترو دەنگێ دلێر تر دەبوون ، هەقیشیان بوو ، چونکە ئەوانیش لەتەکێ شۆرشگیرانی کورددا لە چاندن و ئاودانی ئەم نەمامە هیوایەی شۆرش و پیشمەرگەدا دەوریان هەبووە ، لە خۆش کردن و بژارکردنی زەوییە خاپوورەکەی دوای ئاشبەتاڵ، ئنجا لە چاندن و لە ئاوادانی نەمامەکە .. تاگەیشتنی بەم رۆژگارە گەشەدارەی ئەمرۆی ..

مزگێنی ی !
دەوەنی گرمۆڵە و خەمباری سەردابان .. مزگێنی ی !
مزگێنی ی ! ئەی کانی ی لاپاڵی لێڵکراو ..
روون بەرەوەو .. مزگێنی ی ..
مزگێنی ی ! شورەبی گریاوی هیشتاکە چاوتەڕی
ئەدەڵە ! هەڵسەوە .. مزگێنی ی .
پێکەنە ! ئەی وردە شەپۆلی
ناو حۆگەی ترساوی بێ خورە
وەرەوە کەناری ئەمبەرو مەترسە !
ئەی هەڵاڵ !
ماچیکە ! ئەو بەفرەی ئیستاکە بەسەرتا ئەباری
پێکەنەو بۆ سورداش بە دوو دەست
گوڵی خوێن هەڵبرە .

ئەم مزگێنیـیە ئەگەرچی بەبۆنەی سەرکەوتنە مەزنەکەی شـەری دابانە ، بەڵام لە راستی دا بەبۆنەی سەرکەوتنیکی زۆر گەورەترە لە سەرکەوتنی دابان ، کە ئەویش سەرکەوتنی شۆرشە لـــــە مەسەلەی پەرەپێدان و بەهێزکردنی تێکرای بنەماو دەســـەڵات و قەڵاتەکانی خۆی لە هەموو مەیدانەکانی بەرنگاری دا ، شۆرشـی نوێ ی کورد ئەگەر هەتا دوێنێ ، چەند مەفرەزەیەک .. یـــان چەند کەسیک یان چەند صەد پیشمەرگەیەک بووبێ ، ئـــەوا ئەمرۆ بۆتە چەندین هەزار پیشمەرگەی پشت ئەستوور بە گەلـــی کورد ، لە کۆری نەبەرد دا ئازایانە روو بە رووی دوژ ـــــن دەبنەوەو بە خوێن داستانی سەرکەوتن و ئازادی بۆ گەلەکەیـان تۆمار دەکەن .

تا دوێنێ شۆرشم پزیسک بوو
ئەمرۆکە بڵیسەم
وا هاتووم بەسنگی رووتەوە

بۆ گوڵی ئازادیم
ژێر لوغم و ناو لوولەی تانک و تۆپ ئەگەڕێم .

-) کە شۆڕشی نوێ لە خاکی کوردستاندا بەرپا بوو ، چەندین مەسەلەی گرنگ لە گۆڕەپانی سیاسی ی کوردستاندا هاتەپێشەوە ، شیعر لە بەرامبەر ئەم مەسەلانەدا ، وەکو هێزیکی پێشەنگ و داهێنەر ، دەبوایە هەڵوێستیکی روون بنوێنێ و رۆڵی ئیجابیانەی خۆی بگێڕێ .. چونکە ئەم مەسەلانە پەیوەندیان بە چارەنووسی شۆڕشەکەو چارەنووسی گەلی کوردەوە هەبوو .

شیعرەکانی کاک شێرکۆ وەکو ریچکەیەکی پڕ هەستی مەسئولیەت لە بەرامبەر ئەم مەسەلانەدا قەمەو هەڵوێستی خۆیان هەبوو :

أ - یەکیتی ی ریزەکانی گەلی کورد یەکیکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە دەبێ هەموو گەلی کوردو هێزە سیاسی و پیشمەرگەییەکانی بەگشتی و قەڵەمی شۆڕشگێری کوردی بەتایبەتی هەمیشە هەوڵی دابین کردن و بەرقرار کردنی بدەن .

ناکۆکی و رقەبەرایەتی و ناتەبایی و درز لە جەستەی ریزەکانی کوردو بزوتنەوەی سیاسی ی کورد دا نەک هەر سەرچاوەی لاوازی و هۆی پەککەوتنە بۆ کورد ، بگرە مایەی بە هێز بوونی دوژمنیشە ، هەروەها زەمینەیەکی لەبار ریشە بۆئەوەی پلانەکانی دوژمن لە بواری تەفروتوناکردنی نەتەوەی کورد بە ئاسانی بەسەرماندا بسەپینرێ .

ئەوەتا وا گورگی سەرکەوشەن
گورگی بۆر .. گورگی رەش
بێ کلاو .. کلاودار .. ریشنیان ،
لمۆزیان لە خوێنی رژاومان وەرئەدەن
بە هەڵپەی کەڵبەی تیژ .. قەپاڵیان

ماسولکەی لاران و سەرشانمان ئەپچڕن
گورگن و ناپرسن
بۆ ئەوان گۆشت گۆشتە ،
سۆران بێ و بادینان
کورد کوردە .

یەکێتی ی هێزە سیاسی و پیشمەرگەییەکانی کوردستانی عیراق وەختی هاتووەو دەبێ هەموو ئەو کەسانەی دەنگیان لە ناو مەودای شۆرشی کوردستاندا دەروا ، پڕ بە دەم بانگی بۆ هەڵبدەن و بگرە کاریشی بۆبکەن .. چونکە بەبێ ئەم یەکیتیە مەحالە شۆرشی کورد بتوانێ بگاتە رۆژی سەرکەوتنی یەکجارەکی .

وەختێتی !
پیشمەرگەی کوردستان وەختێتی !
ئەم خاکە ئەنجن و ئاژنی
هەر سێ شت خواستیتی
یەکەمیان : یەکێتی !
دووەمیان : یەکێتی !
سێهەمیش : یەکێتی !
وەختێتی !

ب ـ دوای دامرکانەوەی شۆرشی شیخ مەحمودی نەمر ،وردە وردە دەنگی سەربەخۆیی کوردو یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە لە ناو بزووتنەوەی سیاسی ی گەلی کوردی کوردستانی عیراقدا خەریک بوو بەرەو کزی و لاوازی دەبۆوە ، تا وای لێ هات دوای شەڕی جیهانی دووەم بە پاڵەپەستۆیەکی دوو لایەنی ( پاڵەپەستۆی رێچکەی راستڕەوی ناو کومونیستەکانی عیراق و پاڵەپەستوی بورژوازیەتی کورد ) ئەم دەنگە لە ناو بزووتنەوەی کورددا ـ جار نا جارێ نەبێ ـ هەر بە تەواوی کپ کرایەوە، ئەم کپ ـ کردنە چەندین هەنگاوی گەورەوستراتیژی مەسەلەی کوردی

بەرەو دواوە گەڕاندەوە و جۆرە بێهوودەیی و بەرچاو شێوانێکی خستە بەردەم بزووتنەکەوە .
سەرەتا مەسەلەکە لە ناو بازنەی بزووتنەوەی سیاسی ی کورد دا قەتیس مابۆوە ، بەڵام بانگ بۆ هەڵدان و شێش پێ کردن و گۆشکردنی کومەلانی خەلکی کورد بەگیانی وا رهینانی لە کوردستانی گەورەو لە بیرخۆبردنەوەی یەکێتی ی گەلی کوردی پارچە پارچەکراو مەسەلەکەی هێنایە ناو کومەلانی خەلکیش .. تا وای لێ هات دوای شورشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ و بەدریژایی سالانی شەست ، لە کوردستانی عیراقدا ئەم دابڕاندنە لە پارچەکانی دیکەی کوردو کوردستان ، مەترسیەکی ستراتیژی و گەورەی بۆ سەر دوا رۆژی نەتەوەی کورد و مەسەلەی رزگاریخوازی ی کورد پێکە هێنا . چەسپانی ئەم واقیعە سیاسی و دەروونیە لە ناو کورد دا وەدی هاتنی مەرامێکی گلاوی دوژمنە داگیرکەرەکانی کوردستان بوو ، چونکە ئەم دوژمنانە ، کوژانەوەی بلێسەی ئاوات بە کوردستانی گەورەو یەکگرتوو خواستن و ئنجا ئاسایی بوونی مەسەلەی پارچە پارچەیی کوردستان لەبەرچاوی گەلی کوردیان بە یەکەم مەرج و یەکەم هەنگاوی کاریگەری خاپوور کردنی نەتەوەی کوردو لەبەین بردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد دەزانی .
دوای هەرەسی سالی ١٩٧٥ بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کورد دا ریگە لەبەردەم بیروباوەری پیشکەوتنخوازو چەپی راستەقینەی کورد والا بوو بو کەوتنەگەڕ لە پێناو گەشاندنەوەو تەکان پێدان و بەرەو پێشەوە بردنی ئەم مەسەلە ستراتیژیە گرنگە لە ناو بزووتنەوەی سیاسی ی کورد دا . والابوونی ئەم ریگایە ئاسۆیەکی نوێ ی لەبەردەم خەباتی شۆرشگیرانەی تێکرای گەلی کوردا رۆشن کردوە ، بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا .

ئەوە بوو دوای دەیان ساڵ خامۆشی .. پشکۆی یەکگرتنـــەوەی مەسەلەی کورد لە ناو کورەی شۆرشدا سەرلەنوێ گەشابوە .

شیعری نوێ ی بەرنگاری ی کوردی ، بەتایبەتی شیعرەکانـــی کاکە شیرکۆ لە ماوەی ئەم دەساڵەدا کارێکی جوامێرانەیـــان لەم پینا وەدا شان بەشانی بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە سیاسیەکەی کورد ، ئەنجام دا .شیعرەکانی کاکە شیرکۆ لەم دەساڵـــەدا بە چاویلکەیەکی تەسکە بین و پچڕ پچڕ بین سەیری مەسەلە و خاکە و ژیان و خەباتی کوردیان نەکردوە .. کە باسی پێشمەرگە لـــەم شیعرانەدا کرابێ ، وا باسی کراوە کە پێشمەرگەی هەمـــــوو کوردستانەو لە رووبەری هەموو کورد ! نی گەورەدا دەسوڕێتـــەوە و کارەکانی ئەنجام دەدا :

ـ درەنگە و رێم دوورە
مەنزلم بڵاوە .
هەر ئەمشەو من ئەبێ بۆیەکم لێرە بێ و
ئەویتر لە ـ بۆکان ـ
هەر ئەمـشەو من ئەبێ

بەسواری ئەسپە رەش
دەمامکە هەڵبەستوو
خۆم بکەم بە ( قەلای هەولێر ) داو
هەر ئەمشەو سەریش بەم
لە ( مەم )ی هەژاری ناو ( بۆتان ) .

رەنگە .. بارودۆخی خەباتی گەلی کورد وا لە هێزە سیاســـە شۆرشگیرەکانی کوردستانی گەورە بکات کە هەر یەکەیـــــــان بەپێ ی هەل و مەرجی تایبەتی ی پارچە کوردستانەکەی خـــــۆی و هەل و مەرجی گشتی ی ئەو ولاتەی پارچە کوردستانەکـــــــەی پێوە لکێنراوە ، شێوەی خەباتی رێکخراوەیی و سیاســــــی و

عەسکەری ی خۆی دا بریژی ، بەلام ئەوەی ناکرێ ئەوەیە شاعیر یان ئەدیب یان هونەرمەند کە بەرچاو روونترین و هۆشیارترین و خەیال فراوانترین کەسی نا و کۆمەلن ، ئەم هەل و مەرجە تایبەتی و گشتییانە بئاخننە نا و نووکی قەلەمەکانیانەوە .

دەشێ .. خاکی نەتەوەیەک پچڕ پچڕکردنی بەسەردا بسەپێنرێ یان گەلیک بە فیت و پلانی ئیمپریالیزم و دەولەتە داگیرکەرەکان دوچاری ونچڕ ونجڕکردن بێ ، بەلام ئەوەی هەرگیز ناشێ ئەوەیە ئازار و ئاوات و خەیال و ئامانج و دەروونی نەتەوە پچڕ پچڕبکرێ .. چونکە وبنەی رەسەنی ئەم ئازار و ئاوات و خەیال و دەروونە ئەگەر لە چوار چێوەی یەکگرتووی خۆی دا نەبێ هەرگیزاو هەرگیز دەقی تەواوی خۆی ناگرێ .

ئەو وەختەی لەوێوە بزماری
بەسنگتا داکوتن
لێرەوە ! خوێن لە بەر
ئارەکەی من ئەروا
گەر پرچی رەزێکت لەوێوە هەلکێشن
لێرەوە زریکەی شەپۆلی سیروانم
سەر ئەکا .

شیعرەکانی کاک شیرکۆ دەربڕی ئەم یەکێتییە نەتەوەییەن ، هەست بەو بایە دەکەن کە لەسەر ئارارا تەوە هەلدەکات و هەور دەداتە پێشە خۆی بۆ ئەوەی بیهێنێ و تینووێتی ی کەلاری پێ بشکێنێ :

( با ) ی ئەوین لە ماردین
کە تۆوی لاوکێ ئەفرێنێ
شاخە و شاخ
دێ بە دێ ی بادینان ئەیهێنێ
بۆ ئەوەی لەوەردی حەیرانی سۆرانا

بیچێنێ
( با )ی ئەزین کە لەسەر ئارارات هەڵ ئەکا
پاڵ ئەنێ بە هەوری گەردنی چیاوە
بەرەوخوار
ئەیدا ئە پێش خۆی و بە پڕ تاو رائەکا
ئەیەوێ زۆر زووتر
بگاتە سەر ( کەلار )
تاوەکو تینووێتی گەرمە سێر بشکێنێ و
لەسەر ئەو بە خوڕەم دابکا .

- هەر بەم پێوانەیەی سەرەوە ، داگیرکەری پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستان کە بەوپەڕی توندوتیژی کەوتۆتە وێزەی گەلی کورد ، تاکە دوژمنی کوردی ئەو پارچەیە نیە ، بەڵکو هەموو داگیرکەرانی

پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دوژمنی کوردی ئەو پارچەیەن . بەواتایەکی دیکە هەموو داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی راستەوخۆی هەموو گەلی کوردن لە هەموو پارچەکاندا . بۆیە لە چونیەتی کەلک وەرگرتن لە ناکۆکیەکانی نێوان ئەم داگیرکەرانە دەبێ بزووتنەوەی سیاسی کورد زۆر ئاگادار و بە حەزەر بێ .. کارێکی وانەکا ( کەلک وەرگرتنەکە ) لێی بێ بە ( نوکەرایەتی کردن ) بۆ داگیرکەری پارچەیەکی دیکەی کوردستان .

ئەم حیساب و لێکدانەوەیە تایبەتە بە بزووتنەوەی سیاسی کە لە نێوان ( تاکتیک ) و ( ستراتیج )دا کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا و بەپێی پیوانەکانی بەرژەوەندی و دەیان حیساباتی رۆژتا رۆژ گۆڕاو دەجولێتەوە . بەلام شیعر پابەند نیە بەم لێکدانەوەو حیساباتە .. هونەرێکی سەربەست و بلاوە ، ئامرازی بەراستی دەربڕینی ئەندێشەو بیرو ناوەوە ی

مرۆڤ و میللەتە ..

پێویستە شیعر لەم مەسەلەیەدا خۆی نەبەستێتەوە بـــــــە بزووتنەوەی سیاسی ، کە بزووتنەوەی سیاسی خۆی بێ دەنـــــــگ دەکات لە ئاست یەکێتی ی مەسەلەی کورد ، دەبێ شیعر بەوبـــەڕی راستگۆییەوە .. بەوپەڕی ئازایییەوە ئەم یەکێتییە بخاتە روو ، یان کە بزووتنەوەی سیاسی ـ لەبەر هەر هۆیەکی سیاســــــی ـ باسی ئەم یان ئەو دەوڵەتی داگیرکەرو دوژمنی کوردســـــتان ناکات . دەبێ شیعر خۆی لە ئاست ئەم دوژمنە دەم بەســـــت نەکات و هەمیشە بیا ناسێنێ .

ئەو وەختەی کەلەپچەی ئەستەموول
کەلەپچەی رژێمی گورگە بۆر
دەست و پێ ی گۆرانی ی
( دەرسیم ) ت ئەبەستێ
ئازادیت ئەداتەبەر سوونگی ... !

لە شیعرەکانی کاکە شێرکۆدا وەکە چۆن ژان و ئازار لە هەموو کوردستاندا یەکە ژان و ئازارە ، دوژمنیش هەر یـــــــەکە دوژمنە .

کێردی سێ لا
لەسەر هەسانێکی تازە
دەمی خۆیان تیژ کردەوە
کەوتنە ریگا
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
هەڵ ئەلەرزێ
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
بەفر ئەخوات و لەناو بەفرا هەڵ ئەکورمێ ،
فینی سێ لا .. گوێزانێکی سێ گوشە بوو
پیلانیکی سێ گوشە بوو

- لە باسکردنی ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەم دە ساڵەی کاک شیرکۆدا پێویستە سێ بابەتی گرنگی ناوەرۆکەکە لە یاد نەکەین : ( پێشمەرگە )و ( شەهید ) و ( شیعر ) .

x) پێشمەرگە ..

هەر لە دوای کارەساتی هەرەسی ( ١٩٧٥ )ەوە دروست بونەوەی پێشمەرگە هیوایەکی گەرمی شیعرەکانی کاک شیرکۆ بووە، نەک هەر هیوا بگرە ئامانجیکی پیرۆزیش بووە بانگی بۆ هەڵدراوەو کاری بۆکراوە ، چونکە دروست بوونەوەی پیشمەرگە یان وردتر ( هەبوونی پیشمەرگە ) لە هەموو ئان و ساتێکدا زامنی گرتنەوەو مانەوەی بەردەوام و پارێزتنی کوردە :

ئەی هەڵۆکانی داستانی ئەم شاخانە
رۆژانی بوو
کوردستانم کە شتیەکی بەرەڵلای ناو
گەرداوێکی رەش و شووش بوو
ئێوە چوون و جارێکی تر گرتنانەوە .

پێشمەرگە .. بڕبڕەی پشتی شیعرەکانی ئەم دە ساڵەی کاک شیرکۆیە بە تایبەتی ئەو شیعرانەی لەدوای ساڵی(١٩٨٠ ) ەوە نووسراون زوربەی ئەم شیعرانە لە خەباتی پێشمەرگە و لەو قورساییە پیرۆزە دەدوێن کە پێشمەرگە لە ناو بزوتنەوەی گەلی کورددا دیبنوینی پیشمەرگە لەم شیعرانەدا تەنیا هیمایەکی پیرۆزی خەباتگیران نیە هەر بەشان و بالی دا هەلبدری و بەس ، بەلکو هیمایەکی زیندووی ناو جەرگەی ژیانە ، هیمایەکە لە شێوەی مرۆڤیکی ئاسایی بەلام پڕ ئاوات و فیداکار :

ئەم کەشکۆلە ..
وەک هەگبەی پیشمەرگە وایە
نانە وردەو
تاک تاک گوللەو
لەتە ئاوێنەی شکاو

نا مەو نوقڵ و
را دیۆیەکی
خشە خشکەریشی تیا یە !
×) شەهید ..
شەهید جێگەیەکی دیارو پربایەخ و پیرۆزی لە نا و شیعرەکاندا هەیە . چونکە :

شەهید : نەمرە وەکو شاخ
وەکو بەفر ، وەکو درەخت
وەکو بەهارو گوڵە باخ .
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنێ
پەنجەو دەستە
ئازاری خاک رائەژەنێ .
سۆمای چاوە .
کام دوا رۆژ دوورە ئەیبینێ .
شەهید بالای
بەقەد بالای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵویستی
ئینسانە .

تا ئێستا کاک شیرکۆ شیعری بۆ چەندین شەهیدی نەمیری گەلەکەمان وتووە ( عەلی عەسکەری ، دکتور خالید ، جەمیل رەنجبەر ، شەماڵ ، ئارام ، جەمالی عەلی باپیر ، عبدالخالق معروف .. هتد ) بەلام ئەوەی من سەرنجم دا وەتێ ـ جانا رانم کاک شیرکۆ لەم بارییەوە خۆی دەڵێ چی ـ زوربەی هەرە زۆری ئەم شەهیدانە لەو کەسە قارەمانانە بوون کە لە رووبەرووبونەوەی راستەو خۆی پیشمەرگایەتی دا شەهیدکراون ،

بە دەگمەن ئەو کەسانەیان تێکەوتووە کە بە جۆرە شەهیدبوونیکی دیکەی غەیری پێشمەرگایەتی ماڵ ئاواییان لێ کردوین .

وادیارە کاک شیرکۆ زۆرتر لەگەڵ ئەم جۆرە مردنـــە پیرۆزەدا دەجوشێ کە دەربڕی جولانەوەو هەرەتی ئازایەتـــی و ئەوپەڕی لە خۆبوردنە . راستە ئەوانەی دوژمن زیندانیـــان دەکات پاڵەوانن ، یان ئەوانەی لە سیدارە دەدرێن پاڵەوانـــن . بەلام ئەوانەی لە ریگای پیشمەرگایەتی دا سەردەنێنەوە جـــۆرە شەهیدێکن مردنەکەیان زۆر تەڕ و پڕ سۆزتروگەنجترە لـــە هەموو جۆرە مردنەکانی دیکە .

کە ئەویان کوشت
سەعات هەشتی بەیانی بوو
تەم و مژ ئەرخەوانی بوو
ئەو وەختەی کەوت :
چاوی سـەوزی
گەلایەکی سەوز ماچی کرد
قژی رەشـی
وەنەوشەیەک خۆی تێ ئالان
کانیی خوێنی
رەگی دەمی خۆی پێوەناو
هەڵیمژی .

هەبوونی شەهید مەعنای هەبوونی پیشمەرگە و بەرنگاربونوەیە ، مەعنای هەبوونی ئەو سەرچاوەیەیە کە تینوێتی رێگەی گـــەل دەشکێنێ و ئاوی زولالی ئازادی لێ هەڵدەقولێ .. بۆیە لـــە هەموو دیاردە و هەبوونەکانی دیکە پیرۆز ترو بەرزترو پـــڕ بەها ترن :

ئەی گەلەکەم
هەرچی گێلاسی شیعرمە
بیگوشمە ناو دەرووندەوە
بە قەدەر خوێنی شەهیدێک
گۆنات سوور هەڵناگەڕێنێ !
هەرچی رووباری شیعریشمە
بیخەمە سەر دەشتی لەشت
بە قەدەر خوێنی شەهیدێک
تینوێتی ڕیگەت ناشکێنێ !
ئەی مەیدانی وڵاتم
هەرچی وشەی جوان و نازدار یشم هەیە
هەڵیان چنم .. چەند بەرزبن
هەر لە خوار ئەژنۆتانەوەن
بۆیە ئەڵێم
چاکتر وایە ئێوەیان دی
سەر دابخەن !.

×) شیعر .. یان چۆنیەتی تیگەیشتن لە شیعر .

هەر زوو کاک شێرکۆ ئەوەمان پێ دەڵێ کە دوو جۆرە شیعر هەن ، شیعریکی بستەبالای ناو دەرباری شا ، شیعریکی تیکۆشەری سەنگەری هەژاران .

جۆری یەکەمی شیعر زوو دەمرێ .. دەبوکێتەوە.. چونکە لە خزمەتی دوژمنانی گەل دایە :

شاعیرێکی بستە بالای
دەرباری شا
شیعری بووکە سەماکەرەی
تەمەن کورت بو
زۆر کەم ژیا

هەرکە سولتان هەستاید پێیان
هۆلی حێ هێشتچووە دەرێ
هەر ئەوەندەی :
تا رادیوکەمان بێ دەنگ کرد
( تەلەفزیون ) مان بێ رەنگ کرد
رۆژنامەمان کرد بە سفرە
ئیتر شیعری بستە بالاش
بوو بە -نەبوو-
هەر دەم و دەست
روحی دەرچوو .

بەلام جۆری دووەمی شیعر نەمرە .. نەکەم دەکات و نە دەپوکێتەوەو نە دەشمرێ .. جونکە ئەوانەی لە جۆگەی ئەم جۆرە شیعرە دەخۆنەوە هەژاری کورد و پێشمەرگەی کوردو رەنجدەری کوردن ..

کەچی هەمان خوێنی شیعرم
بەم رۆژگارە
رووبارێکە و هەژاری کورد
برینی لەشی پێشمەرگە
کیژی پێ پەتی ناو کێلگە
یەکە .. یەکە
هەر جۆگەیەو لێ ی هەل ئەگرن
کەچی تا بێت :
مێوی بیرم هێشووی وشەی
زیاتر ئەگرێ
بالی بەستەم بلندو بەرز
ئەفرێ و ئەفرێ ،
دلنیابن إ شیعر خوێنمە

دڵنیابن ئەو رووبارە
مادەم سەرچاوەکەی ( سەر)ی
ئەم گەلەیە
نەکەم ئەکاو
نەوشکە ئەکاو
نە ئەشمرێ !

ئەو جۆرە شیعرەی کاکە شێرکۆ دەینووسێ ، شیعری بەرنگاریــیە شیعری جەنگانە لە رووی دوژمناندا ، هاورێی پێشمەرگـــــــــە و نەبەردەکانی پێشمەرگەیە ..

دوێنێ و ئەمرۆش
سەنگەری سووری پێشمەرگە
هەڵمەتی هەڵۆی هەرێم و کەوت و بنکە
لە کوێ بووبێ
شیعری منیش
وەکە نارنجۆکە
وەکو گوللە
لەوێ بووە .

هەربۆیەش دەبینین گەرمترینی ئەو کەسانەی شیعرەکانی کـــاکە شێرکو دەخوێننەوەو وەکو خۆراکێکی خۆراگرتن و ورەی گیانـــــی چێژی لێ وەردەگرن هێزی پێشمەرگەی کوردستانن .

× × ×

ئەمەی سەرەوە پێداچونەوەیەکی گشتی بوو بە ناوەروکـــــــــی شیعرەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی کاکە شێرکۆ ، هەر چەنـــــــدەی کە زۆرتر ئەو دیوانانەم کردوە بە نمونە کە لە ناوشۆرشـــــــدا دەرچوون ، جا چ ئەو شیعرانە بووبن کە کاکە شێرکۆ لە شــــار نووسیونی و لە شاخ لە ژێر ناوی ( جوامێر ) بلاوکردونەتەوە .یان

ئەو شیعرانە بووبن کە لە شاخ لە کاتی پیشمەرگایەتیی کاکە شێرکۆ خۆی دا نووسرابن و بڵاوکرابنەوە .

بەر لەوەی کۆتایی بەم نووسینە بهێنم و ریگا لەبەردەم شیعرەکاندا چۆڵ بکەم خۆیان بێنەقسە ، وام پێ چاکە بەکورتی پێناسەی ئەم دیوانە شیعرە بخەمە بەردەست خوێنەرانەوە .

ئەم دیوانە لە ئەسڵدا چوار کۆمەلە شیعری چاپکراوە .. هەرچواریان لە ناو شۆرشدا بلاوکراونەتەوە، یەکەمیان ( داستانی هەڵۆی سوور ) لە تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۸۱ لە سلێمانی نووسراوە و ساڵی ۱۹۸٤ لە ناو شۆرشدا چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە .

دووەمیان کەشکۆڵی پیشمەرگە ـ بەشی یەکەم-بیست و پێنج پارچە شیعرە لە شار نووسراون و ساڵی ۱۹۸٤ ئەویش لە ناو شۆرشدا بلاوکراوەتەوە . سێیەمیان بەشی دووەمی کەشکۆڵی پیشمەرگەیە کە لە ناو شۆرشدا نووسراوەو ساڵی ۱۹۸۵ بلاوکراوەتەوە ، لەسێ شیعری دریژ پێک هاتووە . چوارەمیان کەشکۆلی پیشمەرگە ـ بەشی سێیەمە کە لە هەشت پارچە شیعر پیک هاتووەو ساڵی ۱۹۸۵ بلاوکراوەتەوە .

هیوادارم توانیبێتم بەم کارە تیشکێکم خستبێتە سەر شیعرەکانی کاکە شیرکۆ بێکەس ـ جوامێر ـ .

داستانی

# هەڵۆی سوور

١

هەور تەتەرێکە خێرا و مژدەی سەوزی
ئەم بارانە ئەدا بە تۆ

بچو بەری
بچۆ بەری و
لە خۆشیاندا تێر تێر بگری !

زۆر دەمێکە بوو، ئاسۆ وەکوو
شاعیرێکی تەنیای چاوشین
ئانیشکی دادا بۆوە سەرکەل
غەمگین .... غەمگین ،
بەر پەنجەرەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی
بالندەی وشەی گرتبوو
بەیانیان زوو
ژانی نەنووستووی ئەو ... ئەبوو :

بە ناموێیەکی گەڕیدەی سەر هەڵ گرتووی
شاخ و دوڵی
وڵاتی تەم
وڵاتی خۆی
لە ئەنگۆرەشدا ... هەناسەی
ئەبوو بە کزەبایەکی
باوەشێنکەر
بۆ ئاگردانی برینی پڕ لە پشکۆی
سەرنجی وێڵ ئەفڕی و ئەڕۆی
لەو سەرەوە ، برژانگی تەڕ ئەهاتەوە
هیچ دیار نەبوو کپ و خاموش .
هیچ دیار نەبوو کپ .
هیچ دیار نەبوو
هیچ . !
xxxxxxx
باڵندەکان لە کۆچدا بوون
ڕێگە ون و . کۆچ بێ وادە
هەتاو : لە تەما خنکابوو
زەریا کاروانی قووت دا بوو
هەوار : دووکەڵ . وشە : نمەی

نەباریو بوو ،
چاوی شاعیر دوو ئەستێرەی
خولە مێشی ی ، لە ناو سەردا
قەتیس ماو بوون .

دەستی شاعیر دوو لقی وشکی
دارێکی لە دارستان بە جێ ماو بوون .
یاری شاعیر ،،

دوو سوێسکە مەمکی سپیلکەی
لەبناردا سەر بڕاو بوون .

xxxxx

زەمان دەمی گوێزانێ بوو
ڕوومەتی ئارام و ئۆقرەی ،
کچی خۆری قاش قاش ئەکرد
دڵۆپی سوور تکایە سەر :

شەوی تەمەن
سووکە بە بارانەی خوێنین باڵی تۆ بوو
هەژاری گوند ، هەژاری شار
کۆڵان .. کۆڵان .. تەڵان .. تەڵان

ئەیان گەڕان .
ئەی باڵا ئاوینەی گوڵین !

تو ئەڕۆشتی و چاوم لێ بوو
هەنگاو ... هەنگاو لە دواتەوە
مێژوویەکی تازە - ئەڕوا -!

xxxxxxxxx

ڕایان کرد و ماڵیان چۆڵ کرد
ڕایان کرد و ئاگریان بەردایە بێشکە
بێشکە ..با و بوو بە زوخاڵ
ڕوبارریان کوشت .
ڕایان کرد و ماڵیان چۆڵ کرد
ئابڕوو مەلێکی سپی بوو
خستیانە ناو
قەفەزەی سنگی فەرهادێ و
هەڵیان گرت و بردیان بۆ شا
ئابروو سەر پۆشی کێوان بوو
دایان بە سەر تەرمەکەمداو
بردیان بۆ شا
دوای قاقایەکێ کە " شا " سەرێکی هەڵبڕی
مەلی هێنایە دەرەوە و
لەبەر قاچی شابانوودا سەری بڕی
ئەمجارەیان دانەوێوە و

بە سەر پۆشیش
پێڵاوەکانی پێ ی سڕی !

xxxxxx

ئەوەتا وا
لە پرسەی ڕوبار و شاخا
شایی مەرگە و برسێتی یە
کات : کوللەیە
چاوی کێلگە و چرا ئەخوا
ئەوەتا وا
کوردستانم بەلەمێکی سەرگەردانە
ڕوە و گێژ و گەرداو ئەڕوا

xxxxxxx

وەرن گوێ لە خوێنم بگرن
تا وانەکان بنووسنەوە
چۆن ئەژمێرری ؟!
وەرنە سەر منارەی دەنگم و
" قەلای دم دم " یکی تازە
بخوێننەوە .
کێ ئەتوانێ گوێ ی بۆ بگرێ ؟!

xxxxxxx

کەژ کچێکی بسکە سەوزی
لەش زێڕینی چواردە ساڵ بوو
بە زیندویی
ئەیان پەستا یە گۆڕەوە و
پڕ بە دەربەند ، ئەیزریکان .

xxxxxx

وا دووبارە
هەر هەمان تۆڕ
گرتمێوە
تۆ ئاورێ بدەرەوە
چۆن تۆڕێکە :
وردە ماسی قەتیس ئەکا و
گەورە ماسیش سووکە و باریکە
لێوەی ئەچێتە دەرەوە .

xxxxxx

ئێوە ئەی گەورە پیاوینە
پیاوانی دز
پیاوانی پووت
چاومان لی بە :
لە ناو لنگی تارانەوە سەر دەر دێنن

لەگەڵ خوتاندا وەکو جانتای ،
ڕەشی دەستتان
ئوتێل ... ئوتێل
شەقام ... شەقام
" ڕوو " زەردیتان ئەگەڕێنن
ئێوە ئەی گەورە پیاوینە
پیاوانی پسووت
جازمان لێیە
بە ڕیز جامانە دائەگرن
دای ئەگرن و پەردە و گوڵڵەی دەوری چرپای
سۆزانی یەکانی تارانی پێ ئەگیرن !

xxxxxxxxxx

من ئەو شاعیرە ناسکەی
ڕابوردوو نیم
هەرچی گوڵێ کە هەڵوەری
تێر بۆی بگریم !

xxxxxxx

ئەم بەیانی‌یە تەرمەکەی
دوێنێ ی خۆم ناشت !

- " آغا بيـــا "

- بۆچی لێرەیـــن ؟!

دەریاچەکەی سەرووی " ورمێ " ئاسمانێکی دابەزیبوو .
پەرە سێلکەی هیلاکی چاو نەگەیشتە هیچ لایەکی و ئەهاتەوە .
لە خوێ ئاودا ، برینەکان ، بە بێ ئەوەی فێریان بکەن
ئەیانزانی چۆن دەستی خوێن ئەبزوێنن
بە بێ ئەوەی فێریان بکەن ،
ئەیانزانی بە کام زمان خەمی دەریاچە ئەدوێنن

- ئەی دەریاچە ناسیاوە نەناسیاوەکە ئەمانبینی ؟

ئیمە دۆست و کەس و کاری ،
" گەلاویژ " ێکین کاروانمان ون کردووە .

- " آغـا بیـــا "

- " ئیمە لە کوێین " ؟

لە بەستێندا ئیمە لم بووین
وێڵ بوون لە دەنگی " گوگوش " دا
دەستـی بە سـەر سەری نەرمی ،
ئاسکی دڵدا ئەهێنـــا
بەلام . جەخار ! دەرزی هەموو قەوانەکان
لە برژانگی هەلکێشراوی خۆمان بوون و

خاتوو گوگوش
به دێوجامەی زەرد و سووری ئاوازەکان
ڕاوی ئاسکەکەی ئەکردین .
جەخار ! جەخار !

لە بەستێندا ئێمە لم بووین
بچوکترین منداڵـی " شـــا "
بە چیلکەیەکێ :
" پایان "ی لەسەر ئەنووسین !

ـ قوربانتـان بین ، ئاگادارن ؟
ـ ئیسره کوێ یە ؟
ئەقامەکان ڕیزە تابوتێکـی ڕەش بوون
سەرەکانیـان کرابۆوه
لە ناویاندا ـ موعینی ـ یەکان ڕاکشابوون
کە بەسەریاندا ئەڕۆشتین
دەرەلنگی
ئەزواڵەکانیان ئەگرتین
" ئەوە چۆن بوو نەئەمردین ؟ "

ـ ئیسره کوێیە ؟

سەرەتابوو : پەیکەری باوکێ و کوڕەکەدەم بەخەندە
لەسەر سەکو هاتنە خوارێ و پێشمان کەوتن

جانتاکانیان بۆ هەڵگرتین
لە ئوتێلی - ئاریان - دا
کام ژوور پوشتە و ڕازاوە بوو
بۆیان گرتین
- سوپاس - سوپاس!
وەختێ ئەوان گەڕانەوە سەر سەکوکە
کۆنە زامێکی مەهاباد زۆر بەپەلە هاتە لامان
- دەخیلتان بم چاوم لێ بوو
کە باوکەکە چاوی لە کورەکە داگرت
دووسێ کەرەت چاوی داگرت
دەخیلتان بم چاوم لێ بوو
دەخیلتان بم!
- ئێرە کوێ یە ؟
کۆتایی بوو ، پەیکەی کور و باوکەکە دانەبەزین
پشت لە ئیمە و ڕوو لە پیاوە پووتەکانمان
هەڵ ئەپەرین ...
کوژراو بووین و هاوارمان کرد
کوژراو بووین و ئەمانبینی :
- ئەوە مێزەرە سپیەکەی " محەمەدە "
بۆتە دەسماڵی سەرچۆپی

مەرگیکی سووری دووبارەی
بەهاری شار
ئەوە چۆغەی موعینی یە ،
بەسەر ئەسپی " قودسی "یەوە
دەوران ئەکـا و
جارێکی تر
ئەیجۆشێنێ کوتەلی شار .

xxxxxxx

ئەی تفەنگەکەی " موعینی "
تەنها ئەو وەختە ببوورە
لە پیاو کوژان
گەر توانیان جارێکی تر
" موعینیت " بۆ بهێننەوە و
بتکاتە شـان

xxxxxxxxxx

بە دلدارانی شەم بڵێن
حەریقێ بەربۆتە دڵـم
هەر کە ئەدوێم

ئەبێ بە وەرزی ژیلەمۆ و پشکۆ بارین
بە دلدارانی شەم بڵێن

لەبەر بۆن و بۆکڕوزی جەرگی منە
باخان چاویان پڕ ئەبێ لە ئاو و، کەژان

هەموو وەکوو دایکم ئەگرین .
بە دڵدارانی شەم بڵێن
با بە دەرونما هەڵگەرێن
بەلام هیواش ، نەبا پە یـــژەی
ئێسکـم بشکێ
وا ئەکەوم !
بە دڵدارانی شەم بڵێن

با دەس بەنە پەلی شەم و
لە ناو دڵما دەری بێنن
دەری بێنن
با بسووتێم ئەو نەسوتێ !

xxxxxx

خۆ ئەمبینـــن !

من سووتاوم و لەسەر تەختی ناوچەوانم
گوڵان ئەروێن .
ئەی دڵدارە ئاوارەکان
تەماشاکـــەن
ورد بنـــەوە

کام گوڵ شەوقی چاوەکانی
ئەگاتە شەوقی چاوانی ،
گوڵاڵەی خوێن ؟ !

xxxxxxx

(٣)

هەرێزی شەو بە لەشتا ئەتەنێتەوە
تۆ خاکێکی بە پرشتی
هەموو وەرزێ
هەر یەکێ و سەد گوڵە ژانی تازە ئەبڕی
هەرێزی شەو بەلەشتا ئەتەنێتەوە
تۆ پردێکی رەشپۆشیت و
بەم ڕۆژگارە
خەمی سووری ئەم شاخانە
بە سەرتا ئەپەڕێتەوە .

xxxxxxx

لەم شەوەدا درەختەکان بینایی یان :
وەکوو شوشەی چرا یەکی دووکەڵ خواردو ،
نابینێت و هەر کە هەنگاو هەڵ ئەهێنن
بەسەر یەکدا ئەکەون و پەل ئەکوتن
هەر تەڵەزمەو ئەچێ بە چاوی گەڵادا
دارستانێ هەمووی کوێرە !

لەسەر ترۆپکی شاخەوە
کە شوانەکە دائەگەڕا ،
قوڵی ئەکرد بە قوڵی گۆرانیەکانیا
گالۆکەکەی ئەکرد بە سەرینی دەستی
ئەوسا ئیتر دارستانی دار بەڕوەکان
هەڵ ئەپەڕین ، ئەیانزانی ،

هیچ ڕووبارێ شەپولی لێ نەمردوە و
هیچ درکێتکیش نەیوێراوە
سەر بکێشێتە ماڵی هیچ .. گولێکەوە
ئیتر هەتا گۆرانی شوان
کڵاوی قوچی لاوکێ و حەیرانەکەی ،
لارتر لەسەر سەری کەژ و
گردۆلکەکان دابنایە
سەمای بەفر و قەڵبەزەکان
باوەشیان ئەکرد بە ملی کوردستاندا و
گەنج ئەبوۆوە ئەم دنیایە "

xxxxxx

لەم شەوەدا بەرانە کێوییە شاخی خۆی لێ بۆتە تەوق
ئەوەتا گشت پی دەشتەکان وەکێ رانەمەڕ ئەبڕنەوە
شانەی هەنگێ و هێلانەکان

بۆ دورگەی مەرگێ ئەگوێزنەوە .

xxxxxx

ئەسپەکا ن چوڕ چوڕەی فرمێسکیا ن

کەوتە بن سمەکا ن

تەویڵیا ن وەکێ ئا ڵای جێ ما وی شۆڕدویەکێ ،
لە غا ردا جێ هێشت و کەوتنە ژێر لمەوە .
ئەسپەکا ن حیلەیا ن لە قورگیان جوێ بۆوە
میخەکا ن سوا ریا ن بوون
بڕوا نە ئا وزەنگی چۆن لەپا ل ئا خوڕدا
بۆقا چی سوا ر ئەگری !

" ئەسپەکا ن زریا نی توڕە بوون
لەبەر پێ ی زەمیندا مەحا ڵیا ن پێ ئەدا "

xxxxxxx

تۆ گوێ هەڵخە با بزا نم
کوروزا نەوەی گەنم و ئەم زەمینە
چۆن لە یەکێ جیا ئەکەیتەوە ؟
نا ڵەی پەڵکە گیا و ئەو شیعرە
بە چیدا ئەنا سیتەوە ؟

تۆ گوێ هەڵخە و من پێت ئەڵێم : گوێت لە چیە !

xxxxxx

لە سەرانسەری وشەدا بزوتنەوە قەدەغە بوو .
حەرفێکی زور خرانە ناو خودەکانی شۆردوگاوە .
زەردیان گرت
سووریان کوشت
شین هەر بە پرچی خۆی هەلواسرا
سەوز ئاوارەی ولاتی گریان کرا
لە سەرانسەری تابلو ـ وشەدا
بوو بە پرسە !
xxx

کەگوریچەی گولەکانیان هەلدایەوە
تیا ...ندا بوونەڕاکا بوو
چاوم لێ بوو بولبولێ بۆ :
تەرمی گولێکی ئەگەڕا
کە دوزیەوە پێیان وت : چۆن ناسیتەوە ؟
ئەم ناونیشانانەی هەلدا :

گولّ ئەستێرەی سلێمانی دابوو لەسەر
مانگی پاوانەی سـ بلاخی لە قاچدا بوو
کراسی گومە شینەکەی وان و ورمێ ی ئەکردە بەر .
xxxxxxx

ئێوە بڵێن
ئەو پۆستەیەی کە خوێنی خۆم ناردبێتی
نەیگەیینم ؟
ئاوێنەیەکێ سیمای شاخ و هەردەکانم
لێ بگۆڕێ
نەیشکێنم ؟ !
من ناڵێم و ئێوە بڵێن !
xxxxxx

(٤)

وا ئیستاکە
فورات و دڵم دراوسێن
ئەو سترانێکی غەمگینەو
شەپۆلی کەنار ئەی ژەنێ و
دڵیشم ژوورێکە تاریکێ
تاریکێ وەکوو گوندی قەندیل .
شەوانێکە
خەم چاوی خەمی تەنیشتی تیا نابینێ
من لە ناو خەڵوەتی " مەی " دا
هەموو شەوێ دائەگیرسێم
پێنک چرایە و ئەیخەمە شوێن نەهێنیەکان
ملی خەیاڵ ... بەرەو گەردوونی ناوەوەی

گیانم ئەنێم ...
کە پێکێ هۆشم ئەخواتەوە
ئەستێرەکان ڕام ئەژەنن ..
کە پێکێ سەرم لەم نەخشەیە ئەکاتەوە
بە دوای یەکدا خەونەکانم
لە سەر مێزی وەنەوز دەری بەردەمی ،
دوای نیو شەوم دائەبەزن .

ئەتویمەوە

ئەی گیانی من .. خۆت ئەزانی شەوانێکە
خەم چاوی خەمی تەنیشتی تیا نابینێ
شەوانێکە رایەڵی ئازارەکانی
بێ سنوور و کۆتایی یە

من مەستێکی بێ قاچم و
شوێن کەوتووی دوای تەرمی خۆمم
ناڕۆمەوە

گلێنەکەم خۆت ئەزانی
ماڵم هەیە هەتاکوو من بڕۆمەوە ؟
شەوانێکە بە تەنیا پێکە
مەگەر ئازارم سڕ بکاو
لەسەر ڕانت تەنیا تاوێ

گێژەنی ناو سەری ماندووم بسرەوێنێ
فریشتەکەم بێنەڕانت
من ئەمەوێ ئیستە بنووم

من ئەمەوێ ئیستە --

من ئەمەوی --
مـن .
م ..

XXXXXXX

سەرنـج روو ا
بۆ نەهاتـی ؟

تا هیچ نەبێ گوێیەکێ بگری ،
لەو لاوکەی کە ئیستەکە
لە شمشاڵی شوانێکەوە
لە قەدپاڵی بێ داربەڕووی کەژەکاندا ،
ئاوازە ئێش لە سنگمەوە هەڵ ئەمژێ و
ئەیرێژێتە ناو سەنگەرە چولەکانی فەرهادەوە

ـ نە فەرهاد دیارە و نە شیرین ـ

بۆ نەهاتـی ؟

من ئەترسم وام لێبکەی کە وەرزەکان
بە چواردەستە تەرمی غەریبیم هەڵ گرن

هەڵیگرن و ئێوا وەیەکێ .. بەخۆڕنشین
خۆیا ن نکە ن بە نا و گیا نی ما تی تۆدا

من ئەترسم لەو سا تەدا
بەفر ڕێگەی دڵدا رانی شا رەکە می گرتبێت و
کەس دیا رنەبێ
زرقم و سەرما دەست و پەنجەی
درەختی لە گۆ خستبێ
ھەل و باڵندە دیار نەبێ
نیگا م ڕووا
بۆ نەھا تی ؟
وا بووم بەھەلمی سەر فورات

بۆ نەھا تی ؟

xxxxxxx

ئا را م ھەورێکی بە پێچ و ژار و ژەنگە
با را نی تیا بەند کرا وە
ھێلانە چۆلەکەی دلی با وکێتی من
زەردە مارێ وا لە نا ویا
با ڵی فرینم بەسترا وە ...

دێمەوە لات ؟
ئەی ھەلۆ گیا ن دێمەوە لات ؟

دەستەکانم دوو لقی وشکی دەرەختی
تینووی لەشمن
لە کەناری دورگەی لمدا ئەبنە زوخاڵ
نەهاتە ساڵە هەڵۆ گیان نەهاتە ساڵ !
شارە مێروولەی قلیشی بەردەمی مــن
داویانەتە چاوی ئاو و دەری دێنــن
تاریکستانە هەلوگیان تاریکستان

سوریا ئاوی فوراتی گرتوو

بە سەر سەرما ئەی هەلۆگیان
داڵەکان خوولە خولیانە و لە ئێستەوە چاوەڕاونی

دەم بەیەکدا دانم ئەکەن
ئەیا نمبینم ... نزم ئەفرن
ئەیا نمبینم ... دێنە خوارێ
چۆن بتکەمێ ئەی هەڵۆ گیان چۆن بتکەمێ
ڕیگەکانی نێوان من و چاوانی تۆ
بە دارستانی نێزە تەنراون
ریگەکانی نێوان من و گوێژە

چەقۆن چەقۆ !
دە روخساری گریانا ویبی خۆتم تێکە
با ئەم شیعرەم پەڵەی خەمێکیتر بدات
من ئەزانم هەر کلۆڵی و

شیعرت بۆ بەجێ ئەهێلم
ـ وەکە با پیرەت بۆی حێ هیشتم ـ
ئەهاتە سالـە
هەلۆ گیـان
ئەهاتە سالێ
من نازانم ئەی هەلۆ گیان
دێمەوە لات
دێمەوە لات ؟

++++++++

سلیمانی
گەڕەکی ئەزمڕ ـ ژمارەی خانوو
٢٢

دایـە !
دایـە !

کوڕەکەت ئیستە قەقنەسە و
لە مەخفەرێکدا ئەسوتێ
کوڕەکەت زامێکە وێڵ و
بەم رۆژگارە
لە گوێ فورات
دەس بە پرچی خەما دێنێ و

سەر کوڵەکانی ماچ ئەکات

دایە! فورات هاوڕێمە
ناموێی من ئەخواتەوە
ئەو دێ بۆ لام
لە تەکمەوە لەسەر جرپا ئکا وەکەم
ڕائەکشێ
ئای کە دڵم ئەداتەوە
تا دەرەنگان تا نەزانێ
باڵە فڕێی خەو لە چاوما خاو بۆتەوە
جێم ناهێلێ و ناڕواتەوە
دایە! فورات دەرگای دڵی
پەنجەرەی سەر شەپۆلەکان
هەر بۆ غەریبە وێڵەکان ئەکاتەوە
ئەو کە ئەڕوات
ئاوڕ لەوان ئەداتەوە
دایـــە!
دایـــە!
مادەم فورات لە گەڵمایە

عـەراق مەخـۆ
وابزانە خۆتم لایـە!

دایە تو خوا لە بیرت بێ
کە چوویتە لای گوێژە و ئەزمڕ
پێبان بلێ
شێرکۆ ئەلێ !
بو ئەو شیعرەی پێیان وتم
داومەتە دەس ئەپۆلەکان
بیبەن ، بیگەیینە " سیروان "
لە بێ دەنگی ی نیوە شەودا
لەوکاتەدا ..
کە مانگە ئەوقی چراکەی دەستی خوش ئەکا و
بە کوڵانی پەڵە هەورا تێ ئەپەڕێ
لەو بەرزەوە
ئیستیکە ئەکا و
سەرنج لە گوندێکی سوتاو ئەگرێ
لەو کاتەدا
با گوێ هەڵخەن
گوێیان لەو هەڵبەستەم ئەبێ ! .

تێبینی یەکە :

---

پێیان بلێ

بە تایبەتی
فورات ساڵویان لێ ئەکا !!

xxxxxxxxx

ئەمڕۆ فوراتم ڕوون بینی
تێ ئەپەڕی و ئەی وت : کاکە
نە ڕنو بەفری کوێستانان ئەچێتەوە و
نە ئاوی من ئەبڕێتەوە !

— ٥ —

لەو ڕۆژەوە کە شاخ و داخ دارستانی بەریان دڕی و وەکوو کۆمەڵی چەتەوڵ لە بەردەمی شیوەکاندا ڕووت بونەوە پارانەوە و کەوتنە سەرچۆکە . لەو ڕۆژەوە ڕەوەز گریا . کەژان قژیان دەسکەنە کرد . بەپۆل هەڵۆ سەریان هەڵگرت . سەنگەرەکان رایان ئەکرد . قەڵەم ملی و شەکانی خۆی ئەقرتان . شەپۆل هاواری ئەکرد و ئەیقریشکان . لەو ڕۆژەوە کە کانیەکان ، لتێلایی چاویان داهات و کویر بوونەوە . قولاپەکان یەکە یەکە ماسی گ ' نی گۆمەکانیان دەر ئەهێنا و هەڵیان ئەدڕین .
وەردو کیلگە بوبوون بە شوردوگای کوللە
گرد بە گوڕستانی گوللە . تفەنگەکان سەر

بەرەو خوار هەڵ ئەچنران . هەتا ئەکران
بە هەرەمی دیوەخانی والی و سوڵتان .

لەو رۆژەوە ئیتر ترس
ئەم زەمینەی تەلبەند کردوو

بێ دەنگی بوو بە پێشڕەوو

یاسای ژیان
لەو رۆژەوە ، چرا مردوو
بارگەی هەڵدا تاریکستان !

xxxxxx

لەو دەمەدا

پیاوانی خوێن و هەتاو دز .
پیاوانی پووت

پیاوانی بیر عەمارەپۆ

لە ناو لنگی سۆزانیەکانی ناراندا
لاسلکی یان بۆ یەکێ ئەکرد ،
شفرەی هەرەسیان حەل ئەکرد .
لەو دەمەدا

لەسەر شەقامی " پەهلەوی "

لە " خانەدا "
چاومان لێ بوو :

جرتیان بۆ " هەندرین " لێدا و
کیژیان نیشانی " زوزکێ " دا !

xxxxxxx

لە یەک کاتدا
دوو شاعیر بووم لە ناو خۆمدا
لەو ڕۆژەوە
دەسکێشێکی ئاسنینم لە دەس کرد و
دەسم بە ناو دڵما رادا
گەڕام ... گەڕام
هەتا ملی شاعیرە خۆش بڕواکەم گرت
هەڵم کێشا و دوور تووڕم دا .

xxxxxxxxx

ئەو شیرەی دەستی پەڕاندم
فێری کردم
شیعرەکانم
بکەم بە شیر !

xxxxx

هاوڕێکەم !
بۆت نووسیبووم
بە کێوەکانی شیعرەکەت

بلێ ... بۆچی
پەستن ... ئەگریێن ؟
بۆ نازانی
ئەی هاورێ
ئەو کێوەی هەڵۆی تیا نەبوو
پێ ناکەنێ ؟ !

xxxxx

هاورێکەم !
ئەمڕۆ دار خورمایەکێ وتی :
با بیابان جێ نیشتەم بێ
کە خۆشەویستی ڕەگی خۆی
بە ئازارا شۆڕ کردەوە و
گەیاندیە ئاو
باڵندە خۆی پەیدا ئەبێ و بۆم ئەخوێنێ
" با " خۆی دێت و ئەیدوێنێ !

xxxxxxx

هاورێکەم
بۆ لات سەیرە ؟
زۆر جار سیاسەت پیاویکە کەتە و ورگن
ئەپقە لەسەر

پیرە و بەڵام گەنج ئەنوێنێ
ئەم کابرایە
ئەفەندیە و سەر ڕووتاوە و
حانتا بەدەس
سەد گیرفانی بۆ جلەکانی کردووە
هەرچی زمانە پێی ئەدوێ و
ناویشی :
ـ بەرژەوەند ـ یە !!

×××

هاوڕێکەم !
ئەوەتا ، وا
سنوورەکان بوون بە گاسن
بەسەر کێڵگەی لەشی مندا
دێن و ئەچن
وەرە پشتم هەڵبەرەوە
چی ئەبینی
ـ چۆن نازانم !
نەخشەیەکی کوردستانی
ئەنجن ... ئەنجن

- ٦ -

هەفتە و هەفتە
بەغدا ئیزگەی دا بەزینی نا مۆییتە
تۆ " نەورەسێکی " ئاوارەیت خۆت لە دیجلە هەڵ ئەکێشی
دیجلە خەمێکی ڕەوانە
دڵت ئەدەی بە دەمێەوە
سەرت ئەخەیتە ژێر باڵی ،
ئەپۆلیۆە و خەو ئەبینی :

" ئەچیتەوە کۆنە هەوار
سەرنج ئەدەی ئەوا " بڵباس "
بە ملەدا دا ئەگەڕێ
ئەگاتە پەڵکە ڕەنگینە و تیا ون ئەبێ
دێتە دەری و جلەکانی زەرد و سوورە
لەسەر لووتکەش تفەنگەکان
سەریان لەگەڵ هەوری ئاڵدا ـ یەکانگیرە
بە ڕاکردن
بە هەورازدا هەڵ ئەگەڕێ ی
بەدەم هەناسە بڕکێ وە

سەر ئەکێشێتە ناو هۆبەی ڕەوەندەوە
لێو : گزنگی بزە ئەگرێ
ئەم تاوڵە هەڵ ئەبزێرێ
" کالێ "ی چاو ڕەش ئەبینێت و
دائەنەوێ و سووکە سووکە
ئەچێتە ژوورەوە

بە بێ قسە ...

ئاگری لەگەڵدا خۆش ئەکەی

وردە وردە
سەرت ئەبەینە پێشەوە و
سۆنی مێخەکە بەنگی سینەو
گوڵاوی نێو مەمەی ئەکەی
چاو دا ئەگری و
چاو دا ئەگرێ
ئەسپە ماروی بەردەم دەوار
ئەحیلێنێ ....
زەنگی دەرووننتان لێ ئەدا
دێ بتە دەرێ و لە مێخەکەی ئەکەیتەوە
خۆت هەڵ ئەدەیتە سەر پشتی و
" کالێ " فەقیانە هەڵ ئەکا و

لەسەر لا دێتە بەر دەمت و
بە پێ دەشتی سەوز و وەردا
ئەدەیتە غـار
ئەو سەر ئەنێ بە دڵتەوە و
توش دڵێکی بن بێ قەرار
ئەسپە مارۆ ئەسپی داستان
باڵ ئەگرێت و ئەفڕێ و ئەچێتە سەر لوتکەی
" سەکری سەکران "

xxxxxxx

هەفتە و هەفتە
بەغدا ئێزگەی دابەزینی نامۆییتە
زامەکانت گوڵە ڕاڵەن
ئەیانکەی بە چەپکێ و لەسەر :
مەزاری یادی کۆچ کردوو
دایان ئەنێی
بە دیاریەوە دەستت ئەخەیتە ژێر چەنەی
بیرەوەری و
لەبەر خۆوە ... شیعر ئەڵێی

xxxxxx

هەفتە و هەفتە

بەغدا ئێزگەی دا بەزینی نامۆییتە
تۆ تەنیایت و ... تەنیایت وەکێ :

جوانوویەکی لە رەوگە دابڕراو وایە

بە چوار دەورا کوڕژن ئەکا و
ڕەوگە ونــە !
کوا هاودەمێ ئەم ئازارەت رابژەنێ ؟
بەغدا گلۆڵەیەکێ بەزووی ئالۆزکاوە
وەکێ وەرس بوونی تۆ وایە .
ئای لەو تەونی بێزاری یەی
لەم نامۆیییە ئالاوە

کوانێ کچێ شپرزەدەبیت رابژەنێ ؟
گوێی بۆبگری
ئەو گورانی ئاوارەکان
بۆ تۆ بلێ و
تۆش بێ دەنگێ و تەنها جار جار
چاوی تەڕی بۆ هەڵبڕی .

xxxxxx

گوڵاڵە خان !
گوڵاڵــە !
گوڵاڵــە !

xxxx

شەقامی " سەعدون " سەعات چوار

سەعات پێنج

سەعات شەش

شەش و نیو

خەمێکم گەش .

xxxxxx

لە تەکتام و بێ دەنگێ ئەڕۆین

لە نێوانی هەردوکماندا

تەنها پەنجەی تیکێ ئالاوی

دەستمان ئەدوێن

من ئازارە زەردباوەکەی

ـ بەغدادی ـ نیم

لە ئیستەدا

خەمێکم گەش ، خەمێکم سەوز

لە تەکتام و بێ دەنگێ ئەڕۆین

کە تۆم خۆش ویست

خۆم لەلا خۆشەویستر بوو .

بێ دەنگێ ئەڕۆین

ئەم بێ دەنگیە ...هاوارە

ئەم بێ دەنگیە .. تەنیاییم ئەشلەقێنێ

ئەم بێ دەنگییە ... لەسەر خۆ ئەسوتێنێ
لە تەکتام و وا هەست ئەکەم
یەکەم جارە سەرنج لەم دنیایە ئەدەم
یەکەم جارە هەست بە خورپەی خیرای دڵ و
بوونی جەستە و هەناسەی سنگی خۆم ئەکەم
یەکەم جارە کە ڕەنگەکان بە دی ئەکەم :

درەختەکان سەوزترن
گوڵە باخەکان سوورترن
ڕێبوارەکان زۆر جوانترن
ئەو کۆشکانە بەرزتر و
شەقامەکان درێژترن !

xxxxx

ئەی شاعیرە ئاوارەکە
سەرت نوقمی ناوقژیکە
لە بن تاڵە قژەکاندا نیگاکانت بگەڕەوە ،
وەک چۆن لە بنی ڕووباردا هەڵیان دێنی .
لەوێ وردە ماسی ڕەنگین
لێرەش خەونی ڕەنگاو ڕەنگی
عەشق ئەبینی
ئەی شاعیرە بێ ماڵەکە ...

پەنجەرەی سەر مەمکەکانی بکەرەوە
سەرت بخەرە ناو سنگە و بەرۆکێوە
بۆنی ئارامێ هەڵمژە
بۆنی هیوایەکە هەڵ مژە
کە تەنها هەر لە ناو سنگی
بێوە ژنەکەی دایکتا هەلت مژی
xxxxx
گوڵاڵە گیان !

ئەو عەشقەی تۆ هەتاوێ بوو
خۆی کرد بە ناو تەم و مژی گیانی مندا
بووم بە سامالْ و پێکەنیسم
عەشقی تۆ بوو
رووی گرژ و مۆنی رۆژانی - بەغدادیمی -
ڕوون کـردەوە
بووم بە لاولاو و بە بالای
خۆشەویستیدا هەڵزنیسم .
عەشقەکەی تۆ
دەستی وشەی پەرەوازەو ویلی گرتم .
ئەوان بێ پەنا و داڵدە بوون
جێت لە دلتا بۆ کردنەوە
xxxxx

نائومێدیی بەستەڵەکە و شاخی ئەختەی

باج ؛ ـیەڕە نابڕێ ... ناکرێتەوە

عەشقی پیرۆز بەخێرهاتی !
وەختێ لە چاوما هەڵهاتی
تەماشا کەن
ئەوەتا وا شاخی ئەختە بەرە بەرە

ئەکوێ ؤوە و ئەتوێتەوە .

— ٧ —

گیانم فەوزەیەکی گرتبووی
وەکوو چنگی قرژاڵ وا بوو
نەم ئەتوانی بچمە ناوی و پەل بهاوم
نەم ئەبینیت
تۆ لە تەنگاوا ناژیت و فێری ناخیت

تۆ مرواریت

ئەم وت تازە ناتدۆزمەوە
ئەم وت ... هەرگیز جارێکیتر
لەو ژنەی نیگا ڕوونانەت ناخۆمەوە
ئەم وت ... ئەم وت
ئەم دیواری شەوە زەنگە
چۆن ئەڕووخێ ؟ !

سی سالّی تر ؟ چل سالی تر؟!

ئەم وت هەواری خۆڵەمێش
چۆن ئەبێتەوە بە ئاگر !

چاویلکەکەم قەترانی بوو ،
بەفریش وەکوو پەڵە خوێنی وشکەوەبووی
سەر رانکێ ؛ جۆغە شینکێکەم
ڕەش ئەینواند
گیانم قەوزەی وەڕس بوونێ
تێی ئالاّ بوو
دایکم ئەیویست بە نەنۆکە تیژەکانی
بیرنێت و ئاسوودەم کات
من حەوزێکی پڕ گومانی
لیخن بووم و
ئەویش ئەیویست دەرم بدات !

xxxxxxxx

لەسەر سنگت تۆپی ئاسنە ئەوانی دوورە وڵات
ڕائەکشایت . چاوت ئەبڕیە : وێنە دێرینەکەی دایکت ،
ئەتویست بچیتە چاوێوە . ئەتوویست لەناو قژیا
بنووی .
ژێر چەندکەیت ماچ ئەکرد

لە پرێکدا ، وەک تارمایی
دەستێک ئەهات

دەستی جانەوەرێ ، تووکن .
درێژ ئەبوو . چوار چێوەی وێنەکەی ئەشکان .

سەر پێنجەکەی . سرکەیی‌یەکەی ، کڵۆوەکەی
دائەگرت و دەسماڵەکەی ئەکردەوە و .
لەبەر چاوی تۆ ئەیسوتان .
ڕا ئەپەڕیت

وەک شێت و هار دەرئەپەڕیتە دەرەوە و
لە کەناردا دائەنیشتی و
لەگەڵ فوراتدا ئەگریایت !

xxxx

ساڵی داڵەکەر خۆرەیە
پۆل ... پۆل ئەفڕن
ئەنیشنەوە و
دەنووک لە چاوی شاخ ئەگرن
ئای شاخی تانە لەسەر چاو
شاخ و داخی هەڵۆ کوژراو
هەتا ئێستەش
ئازارێکی چەند بەسامی !

xxxxxx

هەتا برین قووڵ بێتەوە
مەرگی چەقۆ نزیکترە
تا بەخشینی گیان کەمتر بێ
ڕێگەی خۆرەتاو دوورترە !

xxxxx

ئەوەی هەتاوی ناسیوە
وڵاتی تاریکی دیوە

xxxx

درەنگە ... درەنگە ... درەنگە ... درەنگە ...
زۆر درەنگە
مێژوو رووی ئەکردە خوێن و وای پێ ئەوت .
ڕێ و بانەکان ڕوویان ئەکردە ریشوار و
وایان ئەوت
ئابروو ئەبوو بە ئافرەتێ قژ ئاڵۆزکاو
بەرۆکە دڕاو ...
بەخەی گوند و شاری ئەگرت ، ئەوەی ئەوت .
وشەکان روویان ئەکردە قەڵەمەکان
وایان ئەوت ،
منداڵەکان ڕوویان ئەکردە گەورەکان
وایان ئەوت :

درەنگە ... درەنگە ... درەنگە ... درەنگە
زۆر درەنگە .

xxxxx

شوورەی چین و هەرەم و کۆشکەکەی بابل
یەکەم جار تەنها بەردێک بوو
بنا غەیسان
ئەو شاخەوانەی یەکەم جار
سەرکەوتە سەر لوتکەی ئەفرەست
چۆکی دادا بەو چیایە
ئەویش تەنها بە یەک هەنگاو
دەستی پێ کرد .

xxxxxxx

ها ورێکەم !

کانیەکانی ولاتەکەم خوشەویستن
لەهەموویان خۆشەویستر
ئەو کانیەی
تینوێتی زۆری شکاندووم .

باخەکانی ولاتەکەم خۆشەویستن
خۆشەویستر لە هەموویان
ئەو باخچەیەی

بەری زۆرتر بۆ گەیاندووم
مامۆستایانی وڵاتم خۆشەویستن
لە هەموویان خۆشەویستر
ئەو مامۆستایەی یەکەم جار
فێری یەکەم حەرفی کردووم -

هاورێکەم !
شەهیدانی وڵاتەکەم تێکڕا هەموو خۆشەویستن
لە هەموویان خۆشەویستر
ئەو شەهیدانەی یەکەم جار
ترسی مەرگیان
بۆ بەزاندووم !

xxxxxxx

ترس ژوورێکە داخراو
بە چرپە باسی هەتاوی تێدا ئەکرێ
ترس پۆڕێکی غەمگینی هەڵکورماوە
وەکوو باڵی ـ کناچە ـ یان هەڵکێشاوە
کێرد بە ... کیف ئەگەڕێت و سەر بە دەرگای
هەموو برینێکدا ئەکات .
سەر ئەکەویتە سەکەژو ، هەوار ، هەوار
بۆ بەرەو خوار ڕاپێچ ئەکات

کیڕد قینێکی ڕەشی نیژە
زمانی کوردی ئەبڕێت و ...
گوڵ لە باخچ و دەغڵ لە کێڵگە دەر ئەکات
" مامەیارە " لە گۆڕ ئەهێنێتە دەرێ و
ـ مەگالێکی ـ لە سەر ئەکات .

کیرد قینێکی بەنگی خوراوەی دەمێ ساڵە
وا بەربووە
ئەڕوا ئەڕوا و ڕائەماڵێ و

ئیسکی و پروسکی " مەولەوی " و
دار بەڕوکان بەیەکەوە ڕائەماڵێ .

xxxxxx

ترس ژوورێکە داخراو
بە چرپە باسی هەتاوی تێدا ئەکرێ

چرپە ئەڵێن :

لەم بەینەدا . چەند هەڵۆیەکی . ڕەنگە
شێت بن . چونەوە شاخ . ئەم
هەڵۆیانە لە ڕەنگ و ، شێوەی باڵ و
دەنووکیاندا . لە هەڵۆکانی ترنا چن . ئەمان
سوورن ئەوان بۆربوون ـ وەکو
ئەفسانەن : دەر ئەکەون و ون ئەبن .

ون ئەبن و دەرئەكەون . تینوویان بوو

لە ئەستێرکی چاوی بەگشو ئەخۆنەوە .
برسی یان بوو گۆشتی ... ی خۆیان

ئەخۆن . بە ڕۆژ ئەنوون بە شەو
ئەڕۆن . لە ناو کونە گورگەکاندا ڕا ئەکشێن
پێشبرکێ لەگەڵ شەپۆل و " با " دا
ئەکەن . لووتکە لە ژێر باڵیانایە .
ئەڵێن :

ئەم هەڵۆ سوورانە . لەسەر پشکۆ کڕ

ئەکەون . بروسکەیان لە ناو هەورا
دەرهێنارە و ، خستویانەتە دەروونی

خۆیانەوە

ئەڵێن :

ئەم هەڵۆ سوورانە بە شەوی زریان و
بەفر هێلانەیان ئە گوێزنەوە .
لەسەر لوتکەش نەبێ نامرن

بەچکەکانیان لە ناو گەردەلوولدا نەبێ قەت
باڵ ناگرن . دۆستی هەموو بنچکێکن .
ئەڵێن :

ئەم هەڵۆ سوورانە

ئەگەر ڕێیان کەوتە گوندێ ، تەنها
مەلە هەژارەکان . لە زمانی ... ەڵغریبی ئەوان
ئەکەن . ئەم هەڵۆیانە زۆر سەیرن .
نان بۆ مەلە هەژارەکان ، ئەکەنەوە
نانیان ناخۆن . ئەم هەڵۆیانە
ئەفسانەن لە ئەپۆلدا گەڕا ئەخەن

چرپە ئەڵێن : " ماوەیەکە شاخی قەندیل
لە ناو هەموو شاخەکاندا

بە تەنها ئەو پێ ئەکەنێ
بیبنویانە : چیتی هەورێکی گوڵ گوڵی ی
" سەر " بەستێتی
بیبنویانە و خۆی وتویێتی
بۆیە ئاوا دڵی خۆشە
چونکە هەڵۆی سووری داستان میوانێتی !

xxxxxx

ترس وەکوو گڕێ قوڵفەی پەتێکی شلە لەملدا
دەنگە هەڵبڕی گڕێ ئەچێتەوە یەکێ و مل دائەبڕێ .
چرپە ئەڵێن بگێڕدی ڕاوچی
قاقا بە هەڵۆ سوورەکان پێ ئەکەنێ
چرپە ئەڵێن : گوێیان لێبووە وتویێتی :

جا رێکی تر گەر بیست هەڵۆ
چوونەوە ناو دڵی شاخ و
بە ژێر هەوری منا فرین
جا رێکی تر گەر بیست هەڵۆ
نزا رێکیان کرد بە دۆست و
دەربەندێکیان کرد بە ئاشنا
ئەوسا ئەبێ منی چەقۆ
خۆم لە سەر تاوێرە بەردی بشکێنم و
نەبینمەوە پێکەنینی کەژ و چیا !

xxxxxxxxx

هاورێکەم ، شاعیر نییە . مامۆستای سەرەتاییە
بیست ساڵە حەرف ئەچێنێ .
هەموو ڕۆژێ پەنجەرەیەکی ، لەسەر

دڵێکی بچکۆلە ئەکاتەوە . بیست
ساڵە دیراوی رستەی ناو دڕک و داڵ .
ناو بەردەلان ، بە پەنجە هەڵ ئەداتەوە .

هەموو ڕۆژێ لە تاریکی ی هەڵ ئەنوتێ و واز
ناهێنێ .
هەموو ڕۆژێ بەسەر ریگەی تەباشیرا

دێت و ئەچێ و تۆز چاویلکەکەی ئەخوات و
واز ناهێنێ .
هاوڕێکەم . شاعیر نییە
بەلام ـ کانی ـ هەموو ئەو حەرفانەی
لای شاعیرە ، ئەم ئەچێتە ناویانەوە
خشتی وشە دەر ئەهێنێ و ڕیزیان ئەکا .
ژووری ڕووناک و چل چرا لەو وشانە دروست ئەکا .
هاوڕیکەم هەفتە و هەفتە
نامەیەکی قژ تۆزاویم بۆ ئەنێرێ
هاوڕێکەم بەناو خەم و پێکەنینندا چاو ئەگێڕێ
هەرچی ببینێ بۆم ئەنووسێ

هەناسەی گوێژە ئەخاتە ناو نامەوە و بۆم ئەنێرێ
ئاونگی چاوی تانجەرۆم بۆ ئەنێرێ
دەنگ و ڕەنگی هەڵۆکانم بۆ ئەنێرێ
هاوڕێکەم شاعیر نییە . مامۆستایە
بەڵام لە شیعر جوانتریش ، لە دڵنیایە !

×××××

هاوڕێکـــەم

نامەیەکی بۆ ناردبووم
هەفتەیەک بوو

هێشتا چاوی ،
وشەی تەڕ بوو
بۆی تووسیبووم :

بەرە بەیانێکی پایز لە پایتەختا
ئەو کاتەی سەرەتای ڕێچکەی ،
خۆڵەمیشی ی ، کریکارە خەماوێکان
لە شەقام و گۆڕەپاندا

بەرە بەرە دەرئەکەوتن
ئەو کاتەی یەکەم نەورەسی دیجلە ئەفڕێ و
شەپۆلەکان چاو هەڵ ئەبرن
لەو کاتەدا
فەرمان درا
سێ هەڵۆی سوورمان سەربرن !

xxxxxxx

دیجلە وتی : مەیانکوژن
شەپۆلم وا لە دڵیانا

نەورەس وتی : مەیانکوژن
فڕینم وا لە گیانیانا
- سەرو - وتی : مەیانکوژن
سەوزیم لە ناو چاویانایە

هەور وتی : مەیانکوژن
گرمەم لە ناو دەنگیانا یە
ھێژووش وتی : مەیانکوژن
ڕێگەم لە ناو سەریانا یە .

xxxxx

سەریان برین
بەڵام ھەتا سەریان برین
ھەر بەرز ئەفرین

ھەڵۆ لە ئاسمانا نەبێ نامرێ
لەسەر سیدارەی خۆی نەبێ
لەنگەر ناگرێ

xxxxxx

ئەو ڕۆژەی کبرد لە پایتەختا
سێ ھەڵۆی کوشت
لە " قندیل " دا
بیست باڵی گرت؟ .

xxxxxx

ئاسمان ئەڵێ ئەستێرەیەکم کوێر ئەکەن
لە قوبەما دەی تر ھەڵدێن
زەمین ئەڵێ درەختێکم ئەبڕنەوە

لە بێشەمدا دەی تر ئەڕۆین
تۆش سەرچاوە !
کانیەکت لێ وشک ئەکەن
لە بنارتا دەیانی تر هەڵ ئەقولێن ! .

xxxxxxx

ساڵی : کتیب .
ساڵی : ئافرەت .
ساڵی : منداڵ .
ئەی نوێنەری کۆمەڵانی
گشت نەتەوە یەککگرتوەکان !
لێرە لە ساڵی کتێبدا
قەڵەمیان کوشت .
لیرە لە ساڵی ئافرەتدا
منداڵیان کوشت
لێرە لە ساڵی منداڵدا
دایکانیان کوشت .
لێرە ئەساڵ وەکوو پارە
پار : پێرارە
لێرە ساڵ هەر یەک ناوی هەیە
ساڵی : زیندان و سێدارە ! .

xxxxxx

چوومە پایتەخت

هەواڵی شیعر و چیرۆک و شانۆم پرسی

- پەیکەرە دیواری - بەرزی
هونەرمەندێ
شەهیدەکەی هاتە قسە و

وتی : کە لێرەوە ڕەت بوون

من خۆم دیمن
تاکێ ... تاک نەبێ

هەموویان وان
لە سەر خوانی
کۆشکی سوڵتان !

xxxx

ئەو نووسینەی
شەهید چەمۆڵەی لێئەنێ

- دوا ڕۆژ - لە دۆزەخی خۆیدا
ئەیسووتێنێ !

xxx:

هاوڕێکەم
بۆی نووسیبوم :
ئەمڕۆ دوو قەڵەمی شەهید

سەر خوێنـاوی
گـەیشتنەوە و هاتنەوە شـار
باخێکـی زۆر
باخی گشتی ، باخچەکانی بەختیارو ، ناو سەرچنار
گردێکـی زۆر
شاخێکـی زۆر
مامە یارە ، سەیوان ، ئەزمڕ ، پیرە مەگروون
هەموو بەرە و پیریان ئەچوون
هەمان ڕۆژیش
لەسەر شانۆیەکی مل کەچ
چەند قەڵەمێکی چاو حیزی
ناوبانگ زڕاو
قەڵەمەکانی گیرفانی " موشیری حەمەی سلێمان "
" ڕاپورت "یان ئەدا لە بەردە قارەمان و
دەستیان ئەخستە ناو دەستی
" فرایزەر " و
ئەکەوتنە پێشی " سیکەکان "
xxxxxx
ئەو ڕۆژانەی
کە یەکەمین پۆلە هەڵۆ

بە دارستانی ئاگردا ڕەت ئەبوون و
دڕیان ئەدا بە دیواری نێزە و چەقۆ
ئەو ڕۆژانەی بە باڵی سوور
پەڵە هەوریان خوێناوی کرد
لە تاریکی ی شارو گوندا
چرای چاوی خوێیان هەڵکرد
ئەو ڕۆژانە .

پیاوانی پووت
کەڵەشێرە بەزیوەکان

لە هەندەران

زاریان بۆ بەختی نەهاتی کورد هەڵ ئەدا !
لەسەر مەسەلەی ڕەوای کورد !
لە ناو یەکدا
چەڵە مشکێنەیان ئەکرد
گەر تاقەتیشیان بچوایە
یەکێ مێش کوژێکیان پێ بوو
مێشیان ئەکوشت !

xxxx

هاوڕێکەم
بۆی نووسیبووم

هاتن ... بردیان
وتیان تەنها دەقیقەیەکێ

دایکی لە بەر دەرگاکەدا هەڵتروشکا
دەقیقەیەک بوو بە مانگێ
بوو بە ساڵێ
دقیقەیەکێ بوو بە حەوت ساڵ

دوێ ئێوارە
لەگەڵ خەڵک و خوای گەرەکدا
دایکیمان ناشت !
لە هاورێکەم نەگەران

هەتا ڕۆژێ دەم و چاویان
خستە بەر دەس پەیکەرتاشێ
بۆ ئەوەی تێکی باتەوەو
سەر لە نوێ بیتاشێتەوە
هاورێکەم !

دەم و چاوی خوێ لە تەشوێ
ڕاپسکان و
چووە پاڵ هەڵۆ سوورەکان !

— ١٠ —

دیواری ترس و بێدەنگی درزیکی گەورەی تێ بووە .

ئەگەر کوولەکە ئیستە بانگە لە کێودا ئەدری .
نە دووان نە سیان نەچوار
سێدارەکان بەریز ئەچنە ناو مەرگەدە و بێ ئەکەن
ئیستە پایتەخت کارگەی مەرگە و شارێکە شــــووم
بە یەکسانی ی ، گریان بەسەر
ئافرەتان و مندالانی کوردستانا دابەش ئەکات
ئیستە پایتەخت ، هەموو هەموو بەیانیانێ
دەست و پلی خوێناوی خۆی
لە ناو دیجلەدا ئەشوات و
دیجلەش هەر تفی لێ ئەکات !

دیواری ترس و بی دەنگی درزێکی گەورەی تێ بووە
هاژە چۆن لە ناو گەرووی ئەپۆلدا دەرئەهێنرێ ؟ !
کێ ئەتوانێ کڤە و لوورە لە ناو دەروونی زریاندا
هەڵبکەنێ ؟ !

کێرد چەند رۆچی ئەوەنــدەی تر
بەرە و ژوورتر خوێن هەڵ ئەچێ
دیواری ترس و بێ دەنگی ی قلیشاوە
خوێن چرایەو داگیرساوە .

xxxxxx

ئەی هەڵۆی سوور !
هەڵۆکانی داستانی نوێی کوردستانم
لە سێبەری باڵتانایە
ئەژین ، ئەڕۆن دەنگە هەڵ ئەبڕێ
شیعرەکانم !

xxxxxxx

ئەی هەڵوی سوور !
هەڵۆکانی داستانی نوێی ئەم شاخانە
کە هاتنەوە :
خەمی زەردی ئەم دەشتانە شین بوونەوە
ئەو گۆمانەی شەوان دەرنگە ،
مانگی گریاو سەری ئەخستە پەنجەرەی ،
بێ تروسکەی دڵیانەوە .
ڕوون بوونەوە .

ئەی درەخت گوێکەی بزەی دەرکردەوە
شاخ تەوێڵی گرمۆڵە بووی
لە بنا ردا هەلگرتەوەو ...
لە هەورا هەڵیکردەوە !

xxxxx

ئەی هەڵۆکانی داستانی ئەم شاخانە

ڕۆژانێ بوو
کوردستانم کەشتیەکی بەرەڵڵای ناو
گەرداویکی ڕەش و تووش بوو
ئێوە چوون و جارێکی تر گرتتانەوە .

xxxxx

من خەریک بووم
لە تینوێتیدا بخنکێم

کە بارانتان بۆ باراندم
من ترس ڕوحی ئەکێشام
کە هیواتان لە ناو گیاندا بۆ ڕواندم
من خەریک بوو ... نەهەنگەکانی تاریکی
قووتم بدەن
وەختێ چراتان بۆ نارد م
ئەی باران و هیوا و چرا
ئەی سێ برا
مادەم ئەو جارە نەمردم
هەرگیز نامرم .

xxxxx

کە کێرد پۆلە هەڵۆی بینی
سوور ئەچنەوە

بەسەر دەمی تیژی ئەودا
بەرەو گزنگ ئەپەڕنەوە
کە کێرد زانی بەچکە هەڵۆی ،
تر ، باڵ ئەگرن
خەوی زڕا
کێردەکانی ئەم لاو ئەو لای کۆ کردەوە
کێردی سێ لا
لەسەر هەسانێکی تازە
دەمی خویان تیژ کردەوە
کەوتنە ڕێگا
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
بە شوێن ئاگردا ئەگەڕێ
هەڵ ئەلەرزێ
کاروانی هەڵۆی بەرەو ژوور
بەفر ئەخوات و لە ناو بەفرا هەڵ ئەکورمێ
قینی سێ لا
گوێزانێکی سێ گوشە بوو
پیلانێکی سێ گۆشە بوو
ئەرەتا وا
پیلانی سێ گۆشە شەڕوا

توشـد ناوقـەدی ـ هەکاری ـ ئەگریٚ
دوپشکی سێ چرو ئەڕوا
ئەدا بە لەشی هەڵـۆوە .
پیـلان پۆشتـە و پیلان تیژرە
هەڵـۆ ڕووتە و ، هەڵۆ برسی ی
بەڵام پیـلان سـەری شـۆڕە و
هەڵـۆ سەرکەشی سەربەستـی

ئەوەتـا وا
سێ گۆشـەی کیـرد
کلاو و مشکی خێڵەکی ی ناو " هەکاری " لە سەر ناوە
خێڵ : خەنجەرێکی کرمانجی شەل و کوێرە
خێڵ : بێ"سەرە " و پشیلەیەکی کێوییەو

چرنوکەکانی هی خۆی نین
خێڵ : مێژوویەکی نووسـتووە و
بەرازێکی زامدار کراو .
کاروانی هەڵـۆی بەرەو ژوور
جۆگە خوێنێکـی مەییوە لەسـەر سنوور
برسێتی و تەم
خێڵ و شالاو

شاخی بەفر و
تەلبەندی داو .

xxxxxx

هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێ نامرێ
بەر لە دوا کۆچ
باڵ لە خوێنی خۆی وەرنەدا و
ئاسمان نەگرێتە باوەشی
ئۆقرە ناگرێ !

xxxx

ئەی لاوکی هەڵۆی سووری
ناوچەی هەکار
گوێمان لە سۆزی برینتە
چەندە قووڵە و چەند بەرینە !
ئەی کێوێی داستانی هەڵۆی
سووری هەکار !
چاومان لە خوێنی ڕژاوی ،
کڵپە سەندووی
سەری لووتکەی ئاگرینتە
چەند بەتینە !

xxxxx

بەندی ڕیگەی
کۆچی بەرەو ژووری هەڵۆ
بو هەڵفڕینی سبەینێ
لە ژێر باڵدا
بوو بە پشکۆ .

xxxxxx

هاوڕێکەم
بۆی نووسیبووم :
کەم کەس زانی هەر هەمان ڕۆژ
- ئەو - زەردە پەڕ لە " هەکار " دا
شەهید کرا
کەم کەس زانی هەر هەمان ڕۆژ
بانگی شێوان
لە دالانی مەخفەریکی بیابانەدا
" گوڵە "ی ، ژانی گرت و
کوڕێکی بوو
کەم کەس زانی .
کەم کەس .
کەم !

xxxxxx

ئەی شاعیرە بێدارەکە

لە گەڵ شاخدا تۆیش بیداری
چاوت وەکوو چاوی هەڵۆ
ئاسمانی بەرین ئەپێوێ
ڕێگەکان ئەخوێنێتەوە
لە هەڵدێرانی دوێنێیەوە
سەرکەوتنی لوتکە فێر بووی

شیعرەکانت شاخەوانن
بەسەر پلەی خزو لووسدا هەل ئەگەڕێن .
شیعرەکانت پێستی دەست و پل و قاچ و قولە ،
تاسکەکەی دوێنێیان وەکو کاژێ فڕێ داوە .
ئەی شاعیرە خەمخۆرەکە
تۆ بیداریت و ئەمشەوت
پڕ لە رەهێلە و بارانی سووری شیعرە .

xxxxx

پۆلە هەڵۆ سوور ئەچنەوە
گوڵجاڕێکە ئاسمانەکەم .
ئەم شەو شیعر
لەوە ناچێ خۆش کاتەوە

لەوە ناچێ ئەم هەواری
سەرە شەیدا بەم جێ بێڵێ
من ئەمەوێ بیشوبەکەم بەم
ئەو ، ساوایە و جگەر گۆشەو
خۆی هەڵئەداتە سەر سنگم
سنگم نوالەی وشەیە .
من ئەمەوێ پەنا بگرم
ئەو بە بناوە ئەبا رێت و

دێتە بەروکم و سنگمەوە
سنگم خاکی ئەم عەشقەیە

من ئەمەوێ جگەرەیەکم داگیرسێنم
ئەو ئاگرێ لە ناو ناخما ئەکاتەوە و
بە مالەوە ئەمسووتێنێ !
ئەمشەو شیعر
لەوە ناچێ خۆش کاتەوە
ئەی ڕێژنەی شیعری بەتاو
داکە و داکە
چاوی هەورت قەت لێک نەنێ ی
داکە و داکە
وام لە ـ بەر ـ تا غەرقم بکەی

غەرقم نەکەی ناگەمە قوولایی عەشقت
غەرقم نەکەی نە تۆ نە خوا و نە کوردستان
نە خەونی شەپۆل و گێژەن .. هیچ نابینم
غەرقم نەکەی !

چاوم لە ناو هاژەتایە
شمشێری سووری برووسکەی
شیعری ئەمشەو!..
- لێم دە - بۆ ئەوەی ئەم لەشە
ببێ بەیەک پارچە کڵپە
وشە نەچێتە کڵپەوە داناگیرسێ
دەنگی هەڵۆی سوور نابیسی
ئەی چەخماخەی شیعری ئەمشەو
لەناو خۆتا بمتوێنەوە
تا بتوانم بتنووسمەوە و بتخوێنمەوە
ئەمشەو شیعر لەوە ناچێ
خۆش کاتەوە
ئەو ئەبارێ و هەر ئەبارێ و

من داستانی هەڵۆی سووری

ئەم شاخانە ئەخوێنمەوە

ئەمشەو شیعر لەوە ناچێ

خۆش کاتەوە
هەور تەتەریکە خێرا و مژدەی سەوزی
ئەم بارانە ئەدا بە تۆ
بچۆ بەری
بچۆ بەری و
لە خۆشیاندا تێر تێر بگری!

# کەشکۆڵی
# پێشمەرگە

## بەشی یەکەم

22-2

# رواية

# دمشقية

# کلیل

ئەم کەشکۆڵە
سادە ئەدویٚ ، وەکوو ڕاستی ی .
وەکوو هەژارانی وڵات .
گوڵە شیعری ناپلۆن نی یە ؛
بێ بۆن نی یە .
لووت بەرز نی یەو
بەسەر کەسدا ،
فیز لێ نادات ،
وەکوو قسەی پیر گرفت و ،
وەکێ بالقونی کۆشکەکانی ،
چینی سەرووی بەدەسەڵات ! .
ئەم کەشکۆڵە :
ساکارە وەکێ گوڵی کێویی
وەکێ کچی خانووە قوڕەکان .

ڕوونە وەک و چاوی قرژاڵ
جوانە وەکوو :
ڕیشە سپیەکەی مەولەوی
بێ گەردیش وەک :
بەفری لووتکەو
دڵی منداڵ .

xxx

ئەم کەشکۆڵە
وەک هەگبەی پێشمەرگە وایە
نانە وردەو ،
تاک تاک گوللەو ،
لەتە ئاوێنەی شکاوو ،
نامە و نوقڵ و ،
رادیویەکی ،
خشەخشکە ریشی تیایە !

xxx

ئەم کەشکۆڵە
وەکوو دڵی
پێشمەرگەکانی کۆمەڵە :
شاخی ورەی بەرزی تیایە :

کیژە لووکەی رقی پیروز .
ئارامی مەنگ .
خەونی شەهید .
کۆچی بێ دەنگ .
گەڕانەوەی هەڵۆی تیایە !

xxx

ئەی پێشمەرگەکانی کومەلە !
ئەم قەڵەمە ..
بۆیە باڵی لێ ڕوواوە
ئاسمانی شێوەی بەدییکرد ،
ئەم قەڵەمە
بۆیە دەنووکی سوورە چونکە :
سەری کێشایە پەنجەرەی زامتانەوە .
بویە وا بەکوڵ ئەخوێنێ
لەبەر ئەوەی :
لەسەر مەچەکتان نیشتەوەو
چووە ناو گەرووتانەوە .

xxxx

ئەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی ،
ناو ژووری چاو

ناو ژووری دڵ .
ئەم شاعیرە ڵاتەی خۆتان
هەر ئەم کەشکۆڵەی شکاوە ئەبرد
گەر ڕازی بن
بیکا بە توێشووی ڕێگەتان
بە دیاریتان
وەکوو نان و
وەک چەپکە گوڵ .
ئەگەر ئەمیش بەختی سەوزی
مژدانە بێ
بچێتە ناو هەگبەکەتان
بچێتە لای گوللەو نوقڵ و
بەر تەماشای ئاوێنەتان
ئەگەر ئەمیشتان خۆش بوێ
لە تەکتاندا
بێت و بڕوا و
هەڵسێ و بنوێ .
چەکەکانتان بانگی بکەن
ماچی بکەن .
ئەوا منی شاعیری ڵات

هەموو ڕۆژێ باڵای شیعرم
بەرەو ژوورتر هەڵ ئەچێت و .
ئەبم بە شای ،
هەژارانی
هەموو وڵات .

١٩٨٢

# لە شەوێکدا

شەو بوو هەر پێشمەرگەو بەفر
بەبناری شاخەوە بوون
کە بەفر نوست
ئەوان ورد ورد هاتنەخوارێ
لەچوار لاوە هاتنەخوارێ .

xxx

شەو بوو لەبەر دەرکی سەرا
تەنها چەن سەگێکی خوێڕی و
دوو پیکابی زەرد ئەبینرا .

xxx

شەو بوو قرمەژنی گوللە
گوێ ی گەڕەکە و گوێرەپان و
" سەرا "ی کەڕ کرد
بارانی گڕ بەخوڕ دایگرد .

xxx

لە چوار لاوە
دەست ڕێژو تەقە بڵاوە
لەژوورەوە ،، لەکونی کونی ژوورەوەی ،
چەند مالێکدا
خانەکان ، وەکو جرجی ز راو تۆقیو
وەکە توتەلەی بەر بارانی ،
لەسەرمادا لەش ...ڵ لەرزیو
خۆیان لەناو ئاودەستخانەو
ژێرزیڕا بدا حەشار داوە
لەچوار لاوە
دەست ڕێژو تەقە بڵاوە .

xxx

لە " داروغا "
پێشمەرگەکان وەکە ڕەوەیەکە
- بەور - ی چاو تیژ
شارەزای کۆڵان و گەڕەکە
بست بە بستی
دابەش بوون و ئەوسا هەر بۆ
پەنگە و عیبرەت
کلکی چەند جاشێکیان بری ؛

xxx

لە " ئازادی "
دوو پیکابی زەرد ، وەکو عار
زەرد وەکو سیمای " هیتلەرەکەی "
شاری بەغدا ..
قین .. بارکردو
چەند تەنێکە تاوان هەڵگرتوو
دوو یەکانەی زامدار بوون و ،

تیژ ئەهاتن
لەناکاودا ، لە پێچێکدا
هەڵۆی سووریان بو دەرپەڕی
لولەی سەرشانی گڕهاوێژ
دۆزەخێکی بۆ داخستن
تیا تواندەوەو
غربای دا بەزین نەکەوتن .
xxx
هەر ئەو شەوە لە کانیسکان
پێشمەرگەیەکی حەفدە ساڵ
لە بنکەدا ناویان نابوو
- هەژاری زاڵ -

باریکەلەر .. لەش سووکەڵە
وەکوو ئاسکێ
چاو شین وەکوو قوبەی ئاسماڵ
گەردی خەمێ لەڕووی نیشتوو
وەکێ باخی گوندێکی چۆڵ بوو
لەو شەوەدا .. دەمێ خێرا و دەمێ هێواش
جارێکێ قیت و ..
هەندێ جاریش بە کۆمەکۆم
ئەچوو پێشێ
تا بگاتە سەر بەنگەڵەی دوژمنان و
بە نارنجۆکێ دایان بێژێ

xxx

لەناکاودا ـ هەژاری زاڵ ـ
کەوتە ناو تەلبەندی بۆسەی دوژمنان و ،
بە ئەڵقەیەکێ دەوری گیرا
ـ هەژاری زال ـ برووسکە بوو ، هاتە دەست و
لە گورگە کڵاو ڕەشەکان
چواری خست و ..
لە دواییدا شەهید کرا .
هەر ئەوشەوە ،

بێژنگی لاشەی بە پشتی
زیلێکەوە ، لە قاچەوە ، گرێ درا
بەسەر بەردو دڕکە و داڵدا
بەلێتاودا ، بەقوڕاودا ...
ڕایان کێشا .
هەر ئەو شەوە .. لەشی سووری
لەسەر تەختی مەیتخانە فڕێ درا

دوژمن ووتی :
چەتەیەکە بێ ناونیشان
بێ دایکە و باوکە
بێ کەس و کار

بۆ بەیانی کە خۆر هەڵات

بینی یان وا :
لەبەردەمی مەیتخانەی ئەم شارەدا

کۆمەڵ .. کۆمەڵ
دەیان دایکی عەبا بەسەر ،
کوڕ لە کێوان
ڕەش ئەچنەوە
بەبێ دەنگیش پاڵەپەستۆ و پەلەدانە
هاتوون تەرمی ، ئەو هەڵۆیە ببینن و
بزانن کوڕی کامیانە ؟ !
١٩٨١

# ماڵئاوایی

هەورازی کوور : پشتی شاخێکی بە عومرە
بۆ پێشمەرگە دانەویوە
ئێوارەیە
ڕێچکەو ریزی یەکێ لەدوای یەکێ
بەرەو بناری ئەودیوە
دەنگێ : هەر پرمەی
وڵاخێکەو ، وردە بەردو زیخی ژێر پێ
بێ دەنگێ ... بێ دەنگێ
بەسەر پەیژەی دانەبەردا
ئەم کاروانە کڕوماتە سەرتەکەوێ
بەسەر پشتی وڵاخەکەی پێشەنگەوە
تەرمی شەهید
دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی
ـ هۆ بنچکی قژ خوڵاوی

ئەمە زامێکی تازەیەو لێی نەکەوی .
شێوارەیە
خۆر وێنەکێشێکە لاواز
دەستی دوا تیشکێ درێژئەکاو
بەئاستەمێ
زەردە .. ڕەنگێ
ئەدا لە لوولەی تفەنگێ و
بالی خوێناوی وڵاخ و
ئینجا ئیتر چاو لیکێ ئەنێ
ـ هۆ ئەمالی توزی بزیو ..
پەلە مەکەو ئاگات لێ بێ
ئەمە زامێکی تازەیەو ..
با کاکۆڵ و قژی ڕەشی نەئالۆزکێ
شێوارەیە
لوتکە چەتری هەورێکی بەنەوشی
لەسەر سەری خۆی هەڵداوە
ـ هۆ لوتکەی بەرز
ئەوا ئیستا ئەگەنە لات
مل هەڵبڕەو بەو هەورە تەنیایە بڵێ
کە گەیشتنە سێبەرەکەی

نمە .. نمە .. با ببارێ
مل هەڵبڕەو سوک پێی بڵێ
شەهیدێکیان لەگەڵدایە
ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی
لەوێ ئەنوێ
سوک پێی بڵێ
شەهیدێکە زۆر تینویەتی و ئاوی ئەوێ .

١٩٨١

# گۆرانیەکی داواکراو

دوا نزه سا ڵەو هەموو ڕۆژێ
لەم وڵاتە غەمگینەدا
ڕژێمی خوێن و سێدا رە
دا یکێ ، خوشکێ
لە پرچەوە هەڵئەگرێت و
لەڕەنگی رەشی پرسدیا ن هەڵ ئەکێشێ .
تەما شا کەن : پەرگیا ن شەوەو
ئەستێرەی سەری برا وی

براکا نیا ن ، با وکیا ن ، میردیا ن
لەسەر سنگیا ن ئەجریوینن .
تەما شا کەن : ئەو سەرا نە
چا و لەچا وی
شورشگێڕا ن نا تروکێنن .
پێش دوا نزه سا ڵ
رەشپۆشەکا ن ئەژمێردرا ن و

هەر ئەوەندەی :
لق وچڵی درەختێکی ڕووتاوە بوون
ئەژمێران و هەرئەوەندەی :
دەرگا و پەنجەرەی گوندێکی
شاخ نشینی چەوساوە بوون .
ئەی ئیستاکە چی ئەژمێری ؟ !
بەکە یەکە سنەوبەری
" سوارەتووکەی " چاوەهەڵوەریو
چۆن ئەژمێری ؟ !
یەکە یەکە
ئەشکەوتی ناو شاخ و کێوی
هەتاو نەدیو چۆن ئەژمێری ؟ !
دوانزە ساڵەو هەموو ڕۆژێ
رژێمی مەرگە
گوڵێکە ، مانگێکە
شیعرێکی تازە ئەکوژێ .
دوانزە ساڵەو هەموو ڕۆژێ
ئەم وڵاتە غەمگینە مان
لەپرسەی کانیەکە ، گردێکە
باخچەیەکیا دائەنیشێ

ئەی وڵاتە غەمگینەکەم چاو هەڵبڕە :
گزنگە لەبزەی کازیوەی
ئەو لیوانەت هەرگیز مەبڕە
تەماشاکە : لەم شەوەدا
خوێنی شەهید
بارانی تووش
دەشتی گوڵاڵە ئەروێنن
تەماشاکە : هیوا بولبولێکی سەوزەو
ئەفڕێ و لەسەر چەکی شانی
پێشمەرگەکان بوت ئەخوێنێ .
ئەی وڵاتە غەمگێنەکەم
فاشستەکان
کە دەرختێکت سەرئەبڕن
دارستانێ لەخۆیان ئەکەن بەدوژمن .
کە کانیەکت ئەکوژن
زۆریان لە تێنوایدا ئەمرن .
ئەی وڵاتە غەمگینەکەم :
تۆ گوێ بگرە
وا هەڵۆی سوور
چریکەیان پڕ بەئاسمانی فڕینە

گۆرانی باڵی تیشکی ئاگرینە .

ئەوا پۆل پۆل
لەدەوری سەری تۆ ئەخولێنەوە
ئەم سرودە ئەڵێنەوە :
وەک سبەینێ ئەو ڕۆژە دێ
دایک و خونکە ڕەش پرشەکان
ببن بە باخی زەردو سوور
پەڵکە ڕەنگینە لەبەرکەن
ئەو ڕۆژە دێ
کانی و گوڵ و شیعری جوانیش
هەرگیز نەمرێ .

١٩٨١

# کام ڕێبوار

باشە کەستان هەتا ئێستە
لە توولە ڕێ و
هەورازە ڕێ و
شەقامە ڕێتان پرسیوە :
چ ڕێبوارێ
ساڵ دوانزەی مانگ
وەک ئەستێرە
وەک باڵندە
وەکوو هەور
! چاوی لە تان و پۆتانە ؟ !
چ ڕێبوارێ
وەکوو درەخت
وەک تاشە بەرد
وەک مێرگ و وەرد
ئەتاندوێنێ و لەگەڵتانە ؟
من لە تیپی پەنجاویەکم
لە " جەولە " بووم
لەم سەر هەناسەی بەفرم برد
بۆ گەرمیان
لەو سەر گڕەم هێنا بەرە

بۆ ڕێبا ی قاچ تەزیوی
گەوەی کوێستان .
بە هەر لایەکدا تێ پەڕیم
بە هەر ڕێگەکێ گەیشتم
ئەوەم پرسی .
تورلە ڕێ یەکێ بۆڕەقنە
کشاو ، پێچ خواردوو هەتا سەر
پلەی ملە

لە پێچێکدا وای پێ وتم :
ـ ئەو ڕێبوارە ئێجگار ئێجگار ،

خۆشەویستە
کە ڕۆژانە بەسەرمانا
ئەڕوات و دێ .
شاو ڕاوەستێ ، ڕانا وەستێ .
بە تەقەڵی گەورەی هەنگاو
دەشت بە شاخ و
شاخ بە دەشتەوە ، ئەدوورێ .
دیمانەوە ڕێ یەکی تر
هەورازە ڕێ
ڕێ یەکی تر

شەقامەڕێ
هەموو وتیان :
ـ لە هەمووتان خۆشەویستر

ڕێبوارێکە
کە دەست بە دەست

ئەماننناسێ

کەبەرد بە بەرد

ئەماننناسێ

تەهێنیی ئەو

لای ئێمەیە

ئەو ڕێبوارەش

هەر تەتەری پێشمەرگەیە !

xxx

ئەی تەتەری هاوڕێی " بـا "

ئەی هاوڕێی گەرما و سەرما .

تۆ یەکێکی و هەمووانی .
تۆ هەمووانی و یەکێکی .
لەم سەر ، لەو سەر

تۆ پۆستەی راز و نەهێنی

هەموومانت لە مشتایە

شیرین و تاڵ :

سۆزی دایکم

تاسەی برا

خۆزگەی خوشکم و

شەوقی پرسی ژن و منداڵ .

بۆنی خۆشی دەزگیرانمان بۆ ئەهێنی

ماچەکانمان لەگەڵ خۆتا ئەبەیتەوە

شیعری هێشتا قژ خوێناوی ی

ناو زیندانمان بۆ ئەهێنی و

لەم سەر نامەی ،

باخێکی ئازادکراومان ئەبەیتەوە .

ئەی تەتەری هاوڕێ ی ئاو !

هاوڕێ ی سیبەر هاوڕێ ی هەتاو !

تۆ هەمووم انی و یەکێکی

تۆ یەکێکی و هەمووم انی ،

تۆ ئەو کەسەی من بزانم

وەکو هەر بەپێوە ژیاوی

ئەبێ هەر بەپێوەش بمری .

# لەبەرتەندوریکدا

زستان بێ ، تۆ
وەکوو زۆپای ژوورەکانمان
هەر سووتاوی .
هاوین بێ ، تۆ
وەکوو بیابانی خواروو
ڕووکاوی .
بەم ڕۆژگارە :
تۆ وەک شیشی سوورەوەبووی
ناو کورەکەی
ئاسنگەری
گەر بچیتە بەر شەماڵێ
وەک ئەو شیشەو بخرێتە ئاو
گۆشت و ئیسقان ،
چزە کردووی

بە هاڵاوی ،

لە سەد لاوە لەشتکانی ی :

کانی ئارەق :

ئارەقی شین

ئارەقی مۆر

گەرم .. گەرم

درشەدات و کەچی تۆ هەر

لە ‌ەردەمی کڵپە کردووی

زمان ئاڵی ،

تەندووریکدا ڕاوەستاوی .

ئەی ناتەوای ئەم مەڵبەندە

ئەی هاوڕێ ی

پێش ئارداویی

ئـــەی برژانگ و تووکی سەر سنگ

هەڵکرووزاو

وەک باخەکەی :

" دێ " ی شەوبەری ڕاپێ ؛ کراو .

ئەی ناتەوای ئەم مەڵبەندە

ئەی هاوڕێ ی ،

پێش هەموومان لەخەو هەستاو !

با بێ نانی
گەرمی قەراغ زیاتر برژاو
با بێ نانی دەس سووتێنەر
جار جار پشکۆ پێوە نوساو
ئەی هاورێ !
ئەم کۆمەڵەمان زوو تێرکە
پەلەمانە ، ڕایمان کە
ئەی هاورێی ڕێش ئاوارەیی
ڕێیەکی دوورمان لەبەرە
کێ ئەزانێ جارێکی دی
کامەمان دێتەوە بۆ ئیرە ؟ !

١٩٨٢

# پەرەسێلکەیەک

هەفتەیەکە

ڕووت و قووت هەڵیان واسیوە

چاوی ئاوساو ، سەری کەوتۆتە سەر شانی .

پێست تویێکی دا ماڵراوە .

کە ئەیبینی :

ئەڵێی کەرویشکێکی لەڕێ ،

تازە لە قولاپ دراوە

پەڵە خوێنی سەر کۆنکرێت

دڵۆپ .. دڵۆپ

لە دیواریش هەڵپرژاوە .

هەفتەیەکە ..

ئەو دڵە چکۆلانەیە

کە هەر .. پڕ بە مشتێ ئەبێ

لۆکەیەکەو ئازاری مۆر :

ئازاری شین هەڵ ئەمژێ

ئەو دڵە بچکۆلانەیە
سەعاتێکی جەرەسدارە
هەتاکوو ژان قورمیشی کات
ئەو زەنگێکی خەبەردارە .
هەفتەیەکە
رووت و قووت هەڵیان واسیوە .
ئەو نەهێنی یانەی لەلای بوو
بەستیە باڵی پەرەسێلکەی دڵی و ،
دڵیش بەرەو ئەو شاخانە هەڵفڕیوە .
ئەوا ئیستا
لەش ساردو سڕ
ساردو سڕ وەکو
تاشێ بەفر
ئەوا ئیستا
لە مابێنی مەرگ و ژیندا ..
لە پەنجەرە بچکۆلەکەی ئەو بەرەوە
چاوی لێڵ بووی سەرنج ئەدا
ئەوا ئیستا بەیانی یە
خۆرێکی تازە هەڵهات و
ئەمیش هێواش
چاوی لێکنا !

١٩٨١

# هەرەس

لە بیرتانە ؟!
ساڵی هەرەستان لەبیرە ؟ !
لەبیرتانە ؟ !
ئەو بەیانی یەی کە هەستاین ..
چاومان گلۆفت
سەیرمان کرد:
شاخەکان : تفەمان لێ ئەکەن ؟
دارستان : پشتمان تێ ئەکەن ؟
گوند ، چەمۆڵەمان لێ ئەنێ ؟
شاریش پێمان پێ ئەکەنێ ؟
لەبیرتانە ؟ !
چەک کانمان بەسەرماندا
چۆن ئەگریان ؟
پاڕانەوە

داوێنیان گرتین کە نەڕۆین .

لەبیرتانە ؟

بەزۆر .. بەزۆر

دەسمان بەستن

دەممان بەستن

لە ( مەخفەر ) و ( پادگاکان ) دا

یەکە .. یەکە

گۆڕمان بۆ هەڵکەندن ؟ !

لەبیرتانە ؟

لەدوای هەرەس

پەنجە : لەقەڵەم ئەترسا

برۆ : لەبرژانگە ئەترسا

دەستی چەپ لە

دەستی راست و

هەنگاو لەڕێگە ئەترسا ؟ !

لەبیرتانە ؟

لەدوای هەرەس

ئەو سەردەمە

کە پڵنگان چوونەوە شاخ .

وەختێ بزە

کەوتەوە سەر لێوی قەندیل .

بانگی سەفین

گەیشتەوە گوێی قەرەداغ .

لەبیرتانە ؟ !

ئەو سەردەمە

لەدوای هەرەس
کەس نەبوو کەس

جگە لە هەڵۆی کۆمەڵە ؟

لەبیرتانە ؟ !

١٩٨٢

# سێوەکەی دڵ

" بو شەهید جەمالی عەلی باپیر "

ئەگەر لە چیاتان پرسی :
" جەمال " کێ یە ؟
لووتکەی خوێنتان
نیشان ئەدا ! .
ئەگەر لە ڕووبارتان پرسی :
" جەمال " کێ یە ؟
ئەڵێ گوێ لە خوڕەو هاژەم بگرن !
ئەگەر لە باخەتان پرسی :
" جەمال " کێ یە ؟
ئەڵێن : بۆنی
گوڵباخی سەر ،
چڵانمان کەن !
ئەگەر لە ڕووتەو هەژاری
ئەم کوردستانەش ئەپرسن :

" جەمال " کێ یە ؟
هەموو تێکڕا
دەستی چەپیان
ئەخەنە سەر :
سێوەکەی دڵ ؟

١٩٨١

# شـيعرى كاريكاتيـّر

بەيانى بوو لە " كانێسكان "

بەچاوى خۆم :

" قەعقاع " م دى

بروسكەيەو شالاو ئەبا ..

ئازا .. ئازا ..

هەر خۆى ئازا
دێتە پێشێ

قژى كچيكى قوتابى

سيانزەسالان رائەكيشێ !

ـ هەلهولە .. هەلهولە .. هەلهولە ..
نيوەرو بوو لەناو قەيسەرى نەقيب دا

بەچاوى خۆم :

" سەعدى كورى وەقاص " م دى
تير لە چاوى يەوە ئەبارى

لە بازاری مانگرتودا
قفڵی دوکانێکی شکان

چوە ژوری
ئازا .. ئازا ..

وەختێ لەوسەر هاتە دەری

ئارەقی زۆری رشتبوو

بەم دەست چەند تەبەقێ هێلکەو

بەو دەسی تر چەکەکەی خۆی
هەڵگرتبوو

ـ هەلهولە .. هەلهولە .. هەلهولە !

# هێلانە

چەند ڕۆژێکە
جوتێ کۆتر .. کۆترە شینکە
تاقی پەنجەرەی هەوایی ژوورەکەمیان
تەنیا ژووری ماڵەکەمیان
لەو دیوەوە ..
کردۆتە هێلانە بۆخۆ

بەیەکەوە ئەگمێنن

بەدەنوکێ ئەدەن لە شوشە

وەکێ حەز بکەن بماندوێنن
ئەیا نبینم :
چاوی بادەمی زەرد باویان
ئەبڕنە چاوی خەمگینم

بەماڵی نوێ ی

پشت لە گفەی بەر ڕەشەبا

بەختیارن

نەتینوو ، نەبرسیانە
مل لەباڵی یەکێ هەل ئەسوون
باڵەفڕێ ی خۆشیانە

ئەی جوتە کۆترە شینکەکە

من نازانم لەکام مەڵبەندەوە هاتوون ؟

کام ڕێگای دوورتان بڕیوە
ئاوارەن و هێلانەتان لێ شێواوە ؟
چیتان دیوە ؟ !
من نازانم ! بەلام ئەی داخ
ئەی جووتە کۆترە شینکەکە
ئەی داخ ... ئەی داخ ..
تەمەنی ئەم شادیەتان
شێتکار کورتە
ئەی جووتە کۆترە شینکەکە

ئەی نابینن دەم و چاوم
ئەڵێی کانیەکە وشکە و
پەستیم هەورەو داپپۆشیوە
ئەی نابینن دڵم ئەڵێی
ئەمامەیەکی گوشراوەو
نیگای تەڕی خۆی تەسڕیوە
ئەی جووتە کۆترە شینکەکە
باڵ لێکە مەدەن .. مەگمێنن
بەیانی دێن
نازیەکان دێن ئەم گەڕەکە
ژورەکەم و ژورەکەتان

## ئەروخێنن !

ئەم شیعرە لە ڕۆژانێکدا وتراوە کە ڕژێمی خوێن و سێدا ڕەکەوتنە ڕوخاندنی هەندێ لە گەڕەکە میللی یەکان و ئاوارە کردنی سەدان خێزانی کورد و دەربەدەر کردنیان .

# گریان

- ئەو دارستانە بۆ ئەگری؟!
- ڕەنگە درەختێکی گەنجی
لێ [illegible]دەبێ .
- ڕەنگە زریانی دوێنێ ئەو
کچە چنارێکی شۆخی
فڕاندبێ .
- ڕەنگە هەواڵی کوشتنی
پۆلە مەلێکی عاشقی
خۆی بیستبێ !
- نەء .. ئەزانێ
لە سبەینێوە بەتەنها
جێ ئەمێنێ
وەختێ گوندی خۆشەویستی
هەزار ساڵەی
لە لووتکەوە
بو بەرەوخوار دائەگیرێ !

١٩٨٠

# نیشانە

لەدوای " مەسیح "
خاچ بوو بەنیشانەی دیان
ـ ئەی بۆ شەهیدی کوردستان ؟ !
ـ من نیشانەو
مەدالیای
سیدارەیەک  دروست ئەکەم
هەتا یەک یەک
بیدەن لەیەخەو بەرۆکتان .

١٩٨٢

# دەرمان

" بۆ شەهید دوکتۆر بەختیار "

من خۆم پزیشکم
بۆ تیماری زام
دەرمانی هەزار
برینی لەشی
دەردەدارم کرد
بەڵام بۆ زامە قووڵەکەی لەشی
ئەم کوردستانە
دەرمانی چەکە و فیشەکم هەڵگرت .

١٩٨٠

# گەردەلول

(( شیعری سروود ))

برا ییینە !
تەماشا کەن
لەو پێ دەشتانەی خوارەوە
هەتا چاوی چەکمان بڕکات
گەردەلوولی سووری ئێمە
چۆن هەڵ ئەکات ؟
تەماشا کەن
لەگێژەنی تووڕە بوونیا
لەگەڵ خوێدا
دوژمن تا کوێ ڕا پێچ ئەکات ؟
گەردەسرولە .. گەردەلوولە
گەردەلوولی گەرمیانە ..
تەماشا کەن :
لەو پێ دەشتانەی خوارەوە

بەدیهات و بە شارەوە
لە ( سەرقەلا ) وەتا ( دوبز )
لە ( دوزە ) وە هەتا ( هەکز )
ئەم شمشێرە سوورەی شۆڕش
چۆن ئامادە
لەڕووی مەرگا هەڵکێشراوە .
گەردەلوولە .. گەردەلوولە
گەردەلوولی گەرمیانە
برا بینە !!
تەماشاکەن
لەو پێدەشتانەی خوارەوە
کە وەکو لەپی دەستی رەنجدەر
هەڵقرچاون
کە وەکو قاچ و قوولی ڕووتی هەژار
قڵیشاون
تەماشاکەن :
چ ئاگرێ بەربۆتە شەوی ئەو ناوە
چ دوزەخێ بۆ داگیرکەر داخراوە
گەردەلوولە گەردەلوولە
گەردەلوولی گەرمیانە .

١٩٨٢

# لێبووك

شیعرێکی لێبووکی پایتەخت
لەدیواری کوردستانی
نووسی : بەهەشت .

کە شەو داهات

کە ئەو پەنجەرەی چاوانی

شاری داخست .
ئەوسا ئیتر
بەدەم ریوە
پرچەکانی " سنەوبەر " و
ریشە درێژەکەی " سیروان "
تێکە ئالان و
ئەو بەهەشتەیان سڕیوە !!

لێبووک : موهەریج
١٩٨٢

# "بووكە سەماكەرە"

شاعیرێکی بستە بالای
دەرباری شا
شیعری بووکە سەماکەرەی ،
تەمەن کورت بوو
زۆر کەم ژیا
هەرکە سوڵتان هەستایە پێیان
هۆڵی جێ هێشت چووە دەرێ
هەر ئەوەندەی :
تا رادیۆکەمان بێ دەنگ کرد
" تەلەفزیون مان بێ ڕەنگ کرد
ڕۆژنامەمان کرد بە سفرە
ئیتر شیعری بستە بالاش
بوو بە ــ نەبوو ــ
هەر دەم و دەست .
ڕۆحی دەرچوو .

١٩٨٢

# پیاو

( بۆ جگەرگوشەی شەهیدە قارەمانەکان ،
( بۆ مندالانی کوردستان دیاری و یادگارە )

مامۆستایەکێ بەناو پۆلدا
ئەهات .. ئەچوو
باریکەلەو غەمگین وەکوو
جوانوویەکی لە رەو وون بوو .
ئەهات .. ئەچوو
مەکۆی ژان بوو .
دەم و چاوی :
لە " مانگێ "ی تازە گیر خواردووی
ناو تەمێکی ئەستوور ئەچوو
هەر هات و چوو
مەکۆیەکی بێ ئارام بوو
هەر هات و چوو
بە سەرنجی وێلیا دیار بوو
خەیالی ئەو

رەكێ گەوالـە هەوری دەم " بـا "
بۆ شوێنێکی دوور فڕی بوو .

هەر هات و چوو

لە چۆلەکەی

هێلانە لێ شێواو ، ئەچوو .

لەپڕێکدا
ئیستێکی کرد

دەستی بو بەر باخەڵی برد

چاویلکەکەی کردە چاوی
تا چرکەیەکێ تاس بردیەوە

لەدوایبیدا
هێدی
هێدی

ئەم شیعرەی بۆ پۆل خوێندەوە :
منالینە !

پێش چەند ساڵێکێ

پیاوێکێ هەبوو

تەماشاکەن :

تا کوێ دەستم هەڵبڕیوە

وا کەڵەگەت !

ناوشانی پان ، مل بەرزو کەڵ .
لەش ڕێنگی ی .
ڕەوت گورج و گۆڵ .
ماسوولکەی ڕان
وەک بەرد پتەو
ماسوولکەی قۆڵ .
ڕەنگی چاوی
مەیلەو سەوزی بریقەدار ،
هەر وەک گۆمی بەر هەتاوی ،
ڕوون تا بن دیار .
بزەی تەڕی وەکوو باڵی
پەپوولەیەک ئاونگاوی
هەرگیز وەنەوشەی سمێڵە ،
باریکەکەی جێ نەئەهیشت .
جار جار تووڕە
وەک ڕەشەبا .
ناو بەناویش وەکوو شنە
زۆر لەسەر خۆ .
هەندێ جاریش گاڵتەکانی
پەردە دڕی دەم بە قاقا

قسەکانی خۆش و شیرین
هەر وەک گەزۆ .

xxx

منالینە ؟
ئێوە کەستان هەر نەبوو بوون
کە ئەو پیاوە
کوڕی شاخ و کوڕی بەفرو
پێش مەرگە بوو
ئێوە کەستان هەر نەبوو بوون
کە ئەو پیاوە
پڵنگێکی کوردستانی ،
ناو لێرەوارو بێشە بوو
بازی باڵ سووری بە چنگی
سەر سەفین و
سەر هەڵگوردو
سەگرمە بوو .
منالینە ؟
چەم و ڕووبار خۆشیان ئەویست
شەوان درەنگ
بە هاژە ئەیانکردە خەو .

شەماڵ هێواش بە لەپی دەست ،
ئارەقەی ناوچاوی ئەسڕی .
درەختەکان :
بە پۆپەشمینی سێبەریان
کە باڵ ئەکەوت
بالآی بەرزیان دائەپۆشی
ئەمەی باران و منداڵان
خۆشیان ئەویست

گوڵ بارانی قژیان ئەکرد
هەژارەکان خۆشیان ئەویست
ئەو خەمی ئەکردنە کوڵ و
ئەمانیش گشت دەست لە ملان
ماچیان ئەکرد .

xxx

منالینە !
شێوە بووبوون ، کە ڕۆژێکیان
نیوەڕۆ بوو
کوردستانمان تاریکە داهات .
نەهەنگێ هات
چیای قووت دا

بەردی کرۆشت

ڕووبارەکانی هەڵلووشی
منالینە ؟

گۆشت بوو ، گۆشت بوو گۆشتی نەهات !
منالینە !
چیمان لێ هات

چیمان لێ هات ؟

xxx

منالینە !
با بێ بینەوە سەر ئەو پیاوەی

لەو دەمەدا
دڵی لیمۆیەکی زەرد بوو
لیمۆش خاکی کوردستان بوو
کوردستانیش سیس و گوشراو
منالینە ؟
کێ بێ .. کێ بێ ؟ !
سواری ئەسپە شێکەی خۆی بێ .
لە ئاوزەنگی تێ تەقێنێ
کێ بویرێ ؟
دڕ بە تاریکی و بەترسی

ئەژدەهاکی تازە بدات ؟؟

کێ بێ بڕوات ؟ !
بچێ ڕاوی نەهەنگ بکات
ئاو بۆ شارو گوندی تینووی

ئێمە بەردات ؟
کێ بێ بڕوات ؟ !

xxxx

منالێنـــە !

ئەو سوارانە سواربوونەوە
ئەسپەکانیان نەفرۆشتبوو

دڵیان نەدا بوو بەکرێ
کلیلی دەربەندو شاخیان

بەجێ نەهێشت بۆ هیچ دزێ .

ئەو سوارانە سواربوونەوە
شەوی درێژ نەیخەواندن
تاریکەڕێ نەیگلاندن .

xxxx

سوار بوونەوە
وا بەرەو ژوور
جڵەویان سووڕان و ، ڕوویان

کردەوە هەواری خاڵی
ئەوا عیلەو چەپۆکانی
ئەسپی باڵ بز
شریخەی ناڵی گڕ هاوێژ
بەدەم هۆڕەو قەتارەوە
سەر ئەکەون .
یەکەم جارە خۆیان ئەکەن ،
بەدەربەندا
یەکەم جارە نەهەنگێ لە خەوی خۆشی دوای ،
هەڕەس ئەکەن !
لە تاریکیی چار لەبیندا
لەو دەمەدا
سەرومڵی ئەو سوارانە
کۆمەڵێ مۆمی کافووریی داگیرسا و بوون
هەر کە ترووسکە دای لە کەژ
درەخت زەردەخەنە گرتی .
هەر کە ترووسکە دای لە ئاو
شەپۆل گوڵی دا لە قژی
هەر کە ترووسکە دای لە ماڵ
خەمی هەزاران پێ کەنی .

xxx

منالینە !
ئەو .. ڕۆژانە
ئەو .. پیاوانە
ئەو .. سەردەمە
ئەو .. چەند کەسە
وەکو دارەڕای
ژووری سەپانێکی لادێ
وەکو ئەو وانانەی ئەیخوێنن
ئەتژماردن ..
یەکو و دووان و سیان و چوار و ..
وەکو پەنجەکانی مام روستەم ،
باخەوانی قوتابخانە
لە دوو دەستا دوو پەنجەش کەم !
منالینە !
بەڵام ئەو چەند پەنجەو دڵە
ئەو سەردەمە
دڵ و پەنجەی
ملیۆنان بوون
ئەو چاوانە
چاوی هەموو

پارچەیەکی کوردستان بوون .

xxxxx

منالینە !
ڕۆژ هات و چوو
بەرە بەرە چاوی نووستوو
خوّیان لەدەس خەو ڕاپسکان
مۆمی زیاتر
لەسەر دوندو
ناو ئەشکەوت و
تاشە بەردەکان داگیرسان
منالینە ، !
ئەو ڕۆژگارە - تال بوو .. تال بوو
هەر ئێجگار تال
کونە کورگ و
کونە ورچ و
کلۆری دار
ئەکران بە ژوور ، ئەکران بە مال .

xxx

منالینە !
ئەرانەی ئەپلەی ئاسنیان

لەسەر دایە

ئەوانەی بەرگی کوشتنیان
لەبەر دایە .
دەستیان ئەخستە سەر دەمی
ژنەو کانی ی
ژنەو کانیش وەکوو منداڵ

وەکوو ئێوەی چاو گەش چاو گەش
لەدوای یەکدوو شڵپەو نووزە

لەژێر دەستیاندا ئەتاسان
لەژێر دەستیاندا ئەخنکان

ئەچوونە سەر :
پیرەداری باپیری دێ

پیرەداری قەد کۆماوەی
سەر لق لەرزوک ،
ردێن درێژ
شاپڵیتەیان ئەخستە ناو

هەناوێوە
هەتا ئەبوو بە خۆڵەمێش .
شەو درەنگان
ئەچوونە سەر: . .

ماڵی شیعرو ماڵی چیرۆکێ
ماڵی ( بێکەس ) ماڵی ( بلە )
ماڵی هەر خامەیەکێ بەرگی ،

(( سمکۆ )) و (( شێخ )) یان بپۆشیایە
هەر قەڵەمێ فەقیانەکەو ،

جا مانەکەی " مامەیارە " ی ببەستایە

بە پەیژەدا

بۆ سەر سەربان سەرئەکەوتن
ئەچوونە خوار
لەناو جێدا ئەیانگرتن

لەدواوە دەستیان ئەبەستن
بە پەرۆ چاویان ئەبەستن
ئیتر ئەبران
لە پێچێکدا

لە دوڵێکدا
لە گۆمێکدا
دوایی سەرەونگون ئەکران .

xxx

منالینە !

ئەو .. ڕۆژانە

ئەو .. پیاوانە

ئەو .. سەردەمە

ئەو .. چەند کەسە

ڕووتەڵە بوون وەکوو شاخی " مامەڕووتە "
وەکو (( قانیع )) .
سکیان وەکو جامی فانوسی تێکە قوپاو بوو
تینوویشیان بوو

وەکو (( هەڕووتە ))
بەسێ و چوارێکە و .. یەکە تفەنگە
بەسێ و چوارێکە و .. لێفەیەکە
بەسێ و چوارێکە و .. خەپلەیەکە
بەڵام بەهەموویشیان یەکە دەنگە !
منالێنە !
ئەو .. رۆژانە
ئەو .. پیاوانە

ئاگریان بۆ ئاگردانی
ساردەوەبووی کێوان ئەویست

ئاگر نەبوو

تفەنگە داوای گوللەی ئەکرد

گوللە نەبوو .

قۆرەی سکە داوای لەشێ نان ،
زیادی ئەدرد

لەت کوا هەبوو !

منالینە !
هیچیان نەبوو
هیچیان نەبوو

تەنها هەر خۆشەویستی و باوەڕو
چاوی گەشی شێوەیان بوو !

xxx

منالینە !
با بێینەوە سەر ئەو پیاوەی

بەدوای چاوی کوردستاندا
بەشوێن پشکۆو کوللەو ناندا

هەر ڕۆشت و ڕۆشت

ما مزی سرکە ،

شوورو ،
بەران
ماندوو بوون ، ئەو
ماندوو نەبوو

دەمێ ئەبوو

به " ڕەشەبا "
دەمێکی دی
بە برووسکە .
ئینجا ئەتدی پەڵەوەرە
بۆتە قوڵنگە
بۆتە شاهۆ
جارێکی تر ئەتبینێوە
شوانی گوندو ڕانە مەڕە
گرد ، دڕکە و داڵی بڕی
شاخی قەل و داڵی بڕی
خێڵگەی کەڕوڵاڵی بڕی
هەتا دواجار
کوڕی شوانکار
وەکە قوڵنگی باڵ برینادار
گەیشتە ناو توونی بابای
ناوچەی هەکار .

xxx

مناڵینــە !
ئەو .. سەردەمە
دۆستی وتی :

هەر بگەنە ماڵی ئێمە
شاگردانمان پڕ پشکۆیە
پشکۆ بەرن
کۆشی ژوورو

گیرفانی تاق و هەیوانمان
پڕ گوللەیە

گوللە بەرن

نانمان هەتاکوو لای بن میچ هەڵچنیوە

هەر نان بەرن .
منالینە ؟
ئەفسوس .. ئەفسوس
دۆستی سالووس

کە چووینە بەر شاگردانی
خۆڵەمیشمان کرد بەسەری
درۆکانیا
بەڵین بوو بوو :
بە جوجێکی
بۆدڕو پیس
ئەگەرا بەشوێن کونێکدا
خۆی حەشاردا .

xxx

منالینه !

هیچ له شێوه ناشارمەوه

بۆ بەلێنه بێ قاچەکەی

خانەخوێی دۆست

لەدوا پێیدا

چەکەکانمان

خامەکانمان

هەموو لێوی خۆیان کوۆشت .

xxx

منالینه !

وا قولنگی باڵ خوێناوی

باڵ له بەفری تواباریو ، ئەخشێنێ

لەکێڵگەی سەهۆڵ بەندانا

خوێن ئەڕوێنێ

ئەستێرەی سوور

کەمێ ئەفرێت و ئەکەوێ .

مانگی زامدار

تۆزێ هەڵدێ و

لەدوا پێشدا

ڕەنگە زەرد .. ڕەنگە زەرد

لەنوێنی هەورا ئەخەوێ

xxxxx

زامەکانی ئەستێرەی سوور
تینوویانە

چاو بۆ کانیەکێ ئەگێڕن

کوڕەکانی خاکی زامدار
برسیانە
بۆ بنچێنێ ،
گژوگیایەکێ .. چاو ئەگێڕن .
منالێنە !

لە هەکارا

لە هەکاری تاروما را

گوڵە گەنمەکانی شۆڕش

لەبەر ساندا زۆریان مردن .
جۆگەکانمان لەتینوانا
زۆریان مردن
منالێنە !

ئەوا هاتن
نزیکێ و دوور بە لوورە لوور
گورگەکانی هەکار هاتن

لەو دیو .. لەم دیو
بەڕەو هاتن
بە ئەڵقەیەکی دەوری مانگی
زامداریان گرت .
ئەوا ئێستا مانگی گیراوە
ئەوا ئێستا ئەستێرەی سوور

دەم بەستراو و
دەس بەستراوە ،

لەسەر پشتی گورگێکی ڕەش

برینی ئەتەکە دراوە .

xxxx

مناڵینە !
کوشتیان !
کوشتیان !
وەختێ کوشتیان

سەعات هەشتی بەیانی بوو

تەم و مژ ئەرخەوانی بوو
وەختێ کوشتیان :
خونچەیەکی تازە ئەپشکووت .
پاساریەکی تازە .. تازە

خەریکی بالەفڕێ بوو .
ماسیەکی بن گۆم ، تازە
گەرای ئەخست .
کارژۆڵەیەکە تازە ئەبزووت .
منداڵی چەند شەهیدێکمان
دارە دارە
تازە تاز
پێیان ئەگرت .
وەختێ کوشتیان
سەعات هەشتی بەیانی بوو
تەم و مژ ئەرخەوانی بوو
هەر هەمان سات
لە کەرکوکدا
یەکەم جار بوو کیژۆڵەیەکە
لە پۆلی یەکە
پەنجەی خرپنی هەڵبڕی
یەکەم جار بوو
فێر بێ ناوی ،
( عەلی ) باوکە پێشمەرگەکەی
لەسەر تەختەی ڕەش بنووسێ !

منا لّينه !

وەختێ کوشتیان

سەعات هەشتی بەیانی بوو

تەم ومژ ئەرخەوانی بوو

کە ئەویان کوشت

هەر هەمان سات

" مەرکەوەرێکە " زیندو بۆوە و

دەستی گوڵ کوژانی ، گوشی

" مەلای خدتێ " یەکە هاتەوە و

بەپێ ی پەتی و سەری قوتی

سەرکەوتەوە سەر منارە !!

منا لّینه !

کە ئەویان کوشت

" موشیرێکی " تر هاتەوەو

دەرگای دەربەندی بۆ پیاو کوژ

خستە سەر پشت

کە ئەویان کوشت

سەعات هەشتی بەیانی بوو

تەم و مژ ئەرخەوانی بوو

ئەو وەختەی کەوت :

چاوی سەوزی

کەڵایەکی سەوز ماچی کرد .

قژی رەشی

وەنەوشەیەکە خۆی تێ ئاڵاند .

کانی ی خوێنی

ڕەگێ دەمی خۆی پێوەنا و ،
هەڵیمژی
منالینە ! !
لە هەکارا

لە هەکاری تارو مارا

هەتا ئیستەش لەو دوڵەدا

ئەویان تیا کوشت

لووتکەیەکی سەر بە هەور

کە سەعات هەشتی بەیانی ی ،
ئەو روژە ( عەلی ) بینیبوو
هەتا ئیستەش

بەردەوام هەر ئەنالێنێ .

بەردەوام هەر ژانەکانی

لە لانکەی بەرنیمنی دلیا ،

ڕاشەژەنی .

ئەو درەختانەی کە سەعات ،
هەشتی بەیانی ئەو ڕۆژە
( عەلی عەسکەری ) یان دیبوو
هەتا ئیستەش چاویان تەڕە
هەتا ئیستەش گەڵای بسکیان ،
ئاڵۆزکاوە .
بە ئانەی " بسا "
کاکۆڵیان دانەهیناوە .

منالینە !
لەو ڕۆژەوە هەموو سەعات ،
هەشتی بەیانی یەکێ .. کوکوختیەکێ
لەسەر درەختێکی نزیکێ
هەڵ ئەنیشێ
گۆرانی یەکی زۆر غەمگین
غەمگین تر لە :
" خاڵەی ڕێبوار
غەمگینتر لە :
" هۆرەو قەتاو
بو ئەو ئەڵێ و
ئینجا بە باڵ ، بە پەرەی پاڵ

چاوی ئەسرێ و

لەدوا پەیدا

بۆ دوور ئەفڕێ !

منالێنە !

هەر بەتەنها دلدارەکان چاویان لێ یە :

لەو ڕۆژەوە هەموو سەعات

هەشتی بەیانی یەکە .. " مەم " یکە

زۆر کوت و پڕ

لەو شوێنەدا پەیدا ئەبێ
بۆ " زین " چەپکێ
لە گولاڵەی سووری چاو ڕەش
ئەچنێت و ئیتر لە چاوان ون ئەبێ ؟ !

xxx

منالێنە ؟

جوتیارێکم ئەم زەوی یە :

وەکە بەری دەستم ئەناسم

ئاسمان : وەکوو دەم و چاوم
ڕووەکە : وەکە سمێڵ و ڕیشم
ئەزانم کەی
زەوی ئەزێ ؟ !

ئەزانم کەی
هەور ئەمرێ
کەی ئەستێرە ،
بە بووکە ئەبرێ !
باران کەی منداڵی ئەبێ ؟
کیژەڵووکە :
کام کڵاوی گرد ئەفرێنێ !
داریستان کەی ،
قاچەکانی ئەجووڵێنێ
مناڵینە !
بۆیە ئەڵێم :
هەوری خوێنی ( عەلی ) و ( خالید )
چاوی ئەستێرە سوورەکان
بەرێز هەموو .
دڵی ( مانگە ) ە کوژراوەکان
وەکوو ( عەزۆ )
بەرێز هەموو .
دەنگی خەرمانانی بۆسی
دەنگی کانیاوی تینوو
بەرێز هەموو .

لە هەکاردا

لە هەکاری تارو ماردا

کە چەخماخەیان دایەوە

کە گرماندیان

کە دایان کرد

کە دارژان

ئینجا چەڵەی تەواوی دا

وەرزی سووری شەمبارەمان .

١٩٨٢

# شەماڵ

با پاساریی یان کەویش بم
هەموو شاخێ من ناناسی .
با دارستان یان کەژیش بم
هەموو " با " یەکە ڕامناژەنێ .
با سەرچاوە ، یان بەفرنیش بم
هەموو مەلێ خۆ نەیدیوم !
با ماسیش بم
هەموو گومێکە
ئاشنای مەلەو مۆڵگەم نی یە
با شیعرێکی عاشقیش بم
هەموو ( وەلی ) و
هەموو مەمێکە
چاویان لەگریانی و شەو
پێ کەنینی بەستەم نی یە .

XXXXX

من " شەماڵ " م نەبینیوە
قەت دوو بە دوو
چاوی و چاوم
بەیەکەوە دانەنیشتوون .
دەستم قسەی
لەگەڵ دەستیا نەکردووە .
وەکوو ئەرزەو وەکوو گڕە
قەت پێکەوە نەبینراوین
ئەو کەڵی ناوشاخان بووەو
منیش شیعرێکی شارنشین
ئەو سەرچاوەی زەڵم بووەو
منیش ئەقامێکی غەمگین .
من نازانم ئەوچاوانە ..
ڕەنگیان وەکوو :
کراسی دایکی ئەهیدان ؟ !
وەکوو سەروو سنەوبەری
چنارۆکە و هەیبەت سوڵتان ؟ !
وەکوو کێڵگەی گوندی " باخ " و ؟ !
دەشتی ئەولای " کانی وەتمان " ؟ !
من نازانم ڕەنگیان چۆن بوو

تەنها ئەوەندە ئەزانم
ئەو چاوانە ..
وەختی لەسەر دوندی قەندیل
بوون بە چرا .

تازە یەکەم ڕەوە ئەسپی
سووری ئێمە
بەتاریکی ی کوێستاندا هەڵ ئەگەڕا
تازە یەکەم هوژەی خوێنی
حوزەیرانی ئەو هەوارە
ئەبوو بە لاووکی ڕێگەی
بسەرەوبیرچوونی سێدارە .

ئەو چاوانە
وەختێ لەسەر دوندی قەندیل
بوون بە چرا
لەو کاتەدا
چاوانی پیاوی کەرەج و
پالەوانانی هەڵاتوو
ئەو چاوانە :
تۆپی بلمبارد ...
دەنکە تەزبیح ...

پاژنە هەڵکێش ...

سوورووی ملی گەماڵی شا
گوڵی خوڵاویی سەر سنگی
پێڵاوەکەی شابانوو بوون
لە تاراندا !

xxxx

من (( شەماڵ )) م نەبینیوە
وەکە چۆن "قودسی " و
گۆمی وان و
دوکتور " فواد " و
" قامیشلی " م نەبینیوە ؟ !
من نازانم کەڵەکەت بوو ؟ !
باڵای بەقەد .
باڵای هەناری کوڵکردووی گوێ تانجەڕۆ ؟ !
هیرۆی شاڵی ڕێ ی قەرەداغ ؟ !
بەقەد بەرزیی
لەسەر یەکی
هەردوو چەکی
" عەلی و خالید "
بوو ؟ ! نەشەبوو ؟ !

من نازانم بالای کورت بوو ؟!
وەکوو بالای
بونەوی کورت ؟
وەکوو " رەنجبەر " ؟!
وەکوو " شارام " ؟!
وەکوو دەرگای نزم و نەویی
مالە هەژارانی لادێ ؟ !
من نازانم لەڕ بوو وەکوو
شاسکە کیویی ؟!
یان بەخۆ بوو وەکوو " شەهاب " ؟!
من نازانم
من هەر ئەوەندە ئەزانم
ئەو بالایە ..
وەختێ لەسەر دوندی قەندیل
بوو بە تارای سوورمەچنی
کەژا وەکەی شۆرشی نوێ و
ئەکارەوە ..
وەختی ئەو کوردی بە زریان
وەختێ ئەو مردنی ترۆقان
بەژنی پیاوانی ناوگەرەج

بەژنی پیاوانی هەڵاتوو ..
نزم .. نزم ..
بستە بالا
سەری کەسیان
خۆی نەشەدا ..
لە قەراغی جزمەکەی شا !

xxxxx

شەوەی " شەماڵ " ی وەکوو من
قەت نەدیوە ..
با سەیانیان ئەویش لەگەڵ
تیشکا هەبستێ
لە گەردنی ئەو کێوانە ..
لە بەژنی تەڕی دارستان ..
لە چاوی چەم و قەڵبەزە ..
وردبێتەوە
دڵنیا بێ
وەکوو بالا
وەکوو نیگا
وەکوو بڕوا
وا بزانێ ئەو ئەبینێ و
ئەوی دیوە .

١٩٨٣

# میوان

" بۆ شاعیری شەهید
جەمیل ڕەنجبەر "

نیوەشەو هەندێ جار کە شیعر
ئەمبا تە ناو دنیای سیحراویی خۆیەوە
ئەمبا تە سەر باڵی خەیاڵی دوورەفڕ

ئەوساتە سامال بێ یان زریان
باران بێ یان بەفر
ئەبینم .. گوێم لێیە :

وا دەرگای حەوشەمان
جیرەیەکە ئەکات و توزێکی ئەترازێ
ئەبینم : بێ خشپە ، لەسەر لا
چاو زیتێ
قژنێ ، ڕیشنێ
باڵا کورت

هەناسە سواربوویەکە
هەروەکوو مامزێ پێکرابێ و ڕاونراو

سەپەلە خۆی ئەکا بە ماڵدا
دوو پشکۆی بیلبیلەی
بەدەوری حەوشەدا ئەگێڕێ
ئاورێ .. دوو ئاوڕ
ئەوساکە بەرەو ژوور
هەنگاوی خێراتر هەڵ ئەگرێ
ئەگاتە بەردەمی پەنجەرەی ژوورەکەم
ئەوەستێ
بە پەنجە چەند جارێکە لەسەر یەکە
لێی ئەدا :
- تەق ، تەق ، تەق -
لەئەنقەست دوو جاریش
لەسەریەکە ئەکوکێ ..
" تێ ئەگەم خۆیەتی :
( جەمیل )ە
لەدوور ڕا هاتووە
ماندووە
ئەزانم :
لەم ناوە بەتایبەت لای داوە
بۆئەوەی سەردانی من بکا ! "

ئەشڵەژێم ، خەریکە پەنجەرەم لێ ئەبێ بە دەرگا
سەر سمێکە ئەدەم و پێ خاوس ڕا ئەکەم
هەر لەبەر هەیوانەدا
باوەشی پیا ئەکەم
هەروەکوو دوو لقی
دوو داری ڕاست و چەپ تێکە ئالاو
من سەرم ئەخەمە سەر شانی ڕاستی ئەو
ئەو سەری ئەخاتە سەرشانی ڕاستی من
نەجارێ نە دووجار نە دەجار
تۆبڵێ هەزار جار
پەلاسی ئاو دەمی
ئاوێنەی تەوێڵی
گەردنی ڕەنگە لیمۆی ماچ ئەکەم
گوڵاڵەی بریینی سەر سنگی ماچ ئەکەم
ئەو وەختەی کە دەستمان لێکە بەردا
بەرامبەر یەکتری دانیشتین
لە بالا ئاوێنەی دیواردا
تەماشای خۆم ئەکەم .. ئەبینم
سەر سنگم سوور بووە
روخسارم سوور بووە

ژووره‌که‌م سوور بووه
بۆن ئه‌که‌م
ده‌ست و پل بۆنی گرت
بۆنی گوڵ ، بۆنی خاکه ، بۆنی گیا
چل بۆنی باروت و قژ قه‌وزه‌ی ڕووبارو
ژوور بۆنی گۆگردی
ئه‌شکه‌وتی نا و چیا .

xxxx

سه‌ره‌تا بێ ده‌نگی ی خوێنیکه‌و ئه‌مگرێ
سا مێکه‌و زمانم : ئه‌به‌ستێ +.
ئه‌وکاته‌ی چنگی خوێن به‌ریدام ..
هه‌ڵ ئه‌ستم :

چا یه‌که و په‌رداخی ئاو . دێنم
هالاوی چایه‌که‌و هالاوی هه‌نا سه‌ی
ته‌مێکه بۆ : که‌مێ

له‌ڕووما ن ئه‌نیشێ
- ( جه‌میل گیا ن لاواز بووی )
لاوازی
وه‌که کۆتره بار یکه
وه‌که وه‌لی دیوا نه

وەکە قەڵەم .

بە پەکە بێن ئاوە[illegible] ەڵ ئەدا

چا پەکەی بەردەمی تێکە ئەدا

قومێکی لێ ئەدا و دەستی چەپ

ئەخاتە سەر شانم :

ــ لاواز بووم ؟ !

شاخ و داخ چاوەکەم ، شاخ و داخ

شاخ خاکەو ئەم دایکەو

مە وەلی دێوانەو

من کۆترە باریکەی (( کۆمەڵە )) و

بۆ پەنجەی زارۆڵی هەژاران ،

من قەڵەم .

پاش توزێ دەست ئەبا

لە پزووی ئەرواڵدا

چوکلێتە نامەیەکە

دەردێنێ و ئەمداتێ

بەدەنگێ ، وەکە وژەی دارستان پەدوێنێ

وەکە ئەپۆل ، هاژەی دوور

پەکاتێ و پەدوێنێ

پەم ئەڵێ :

- دوێنێ شەو کە دیمن سێ قولێ
(( شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر )) بوون
هەرسێکیان لەسەر ئەرز چوارمشقی
لەدەوری ئاگری بەکڵپەی
ماڵێکی کۆچەردا دانیشتن
هەر لەوێ ، هەر لەبەر ڕوناکی ی ئاگردا
بە نۆرە هەر یەکەو دێڕێکی نامەکەی
بۆ ئیزوو .. بۆ کوڕی
قوتابی پێشمەرگەی شار نووسی

xxxxx

سەعاتێ زیاترە لە چاویام
تەماشای خۆم ئەکەم
سەعاتێ زیاترە لەدڵیام
گوێ ئەگرم لەخوێن و سەر ئەنێم
بە سنگی خاکەوە .
سەعاتێ زیاترە من ئەوم ئەو منە
من پرسیار
ئەو وەرام
جــــەمیل گیان بێ دەنگی دە بدوێ ؟
- مەنزڵم .. بلاوە .

هەر ئەمشەو من ئەبێ پێ یەکم لێرە بێ و
ئەویتر لە ـ بۆکان ـ
هەر ئەمشەو من ئەبێ
بە سواری ئەسپە ڕەش
دەمامکە هەڵبەستوو
خۆم بکەم بە " قەڵای هەولێردا و "
هەر ئەمشەو سەریش بدەم
لە ( م م ) ی هەزاری ئاو " بۆتان "
وا " جەمیل " بەپێوە وەستاوە
بەژن سوور
هەر ئەڵێی هەناری گوڵ کردووی
گوێ ئاوە
بەژووردا چەند جارێکە دێ و ئەچێ
ئێستێک و لەبەردەم دۆلابی
ـ سەردەمێ دۆلابی حاجەتی موبەق و ،
ئێستاکە کتێبا ـ ئەوەستێ
ئەوەتا دائەوێ و لەخانەی دووەمدا
سەروو خوار ورد گەڕا دەستی برد
دیوانی ( بێ کەس )ی دەرهێنا
هەر وەکوو یەکەم جار

هەڵۆشکەی چەکەری تاقانەی هەڵبگری
بەو جۆرە هەڵیگرت
لەسەر خۆش چاوان و ڕوومەتی
دیوانی هەڵمژی و ماچی کرد .

– بۆ شەڕۆی ئەی ئاسکە سوورەکە
بۆ شەڕۆی ؟

بۆ شەڕۆی ئەی مانگی
کاکۆڵ ئاڵ بۆ شەڕۆی ؟ !
بەم شەوە بۆ شەڕۆی
با رانەو ڕەهێڵە

دە توخوا هەر مەشڕۆی
گوڵاڵەی زامێکی سەر سینگت
لەلای من جێ بێڵە

– بەنگە نابێ عەشقێکی ڕەوەندەو
بەتەنیا لەماڵێ لانا دا
بەنگە نابێ خەمێکی کێوییەو
بەتەنیا لە شاخێ لانا دا .

پێ ناوس بەدوایدا ڕائەکەم
نایگەمێ .. تمشکێکەو .. نایگەمێ
– با رانەو ڕەهێلە

تەڕ شەو ، ـ جەمیل ـ گیان

تەڕ شەبی !
وا ئیستە گەیشتە بەر دەرگا
ئیستێکە و بۆ ساتی راوەستا .
ئاوڕی دایەوە ، سەریکی هەڵبڕی

مانگی سوور لەشەوی ،
ڕەشپۆشدا پێکەنی
ئەوساکە دەستی برد ،

لە پەنا دیواردا
چەترەکەی هەڵگرتم
بێ خشپە ، لەسەر لا
بە درزی کراوەی دەرگادا !
تێ پەڕی و ..
بەتەنیا جێ ی هێشتم .

# ڕووبار

دڵنیابن ! شیعر خوێنمە

ڕەنگە بۆ پەستیی شاژنێکە
بۆ دڵ تەنگی پادشایەکە
بۆ ترسی دوای خەو زڕانی

کچە میروو شازادەیەکە
بە دڵۆپێ چەند دڵۆپێ
زەردەخەنەی خوێنی شیعرم
وەکوو سامالْ
دڵی پاشا ڕوون کەمەوە .

وەکوو هەتاو
پەستی ی شاژن ڕابماڵم
وەکە گوڵەباخ

ترسی شازادەی نەنووستوو
کەشکەمەوە ..

بەڵام هەر ئەوەندەی جارێ
چووم و خوێنی شیعرم دانێ
دڵنیابن لەو ساتەوە
وشەم .. ئەسرێ
ڕستەم .. ئەمرێ .
بەستەم .. ئەمرێ .

کەچی هەمان خوێنی شیعرم
بەم ڕۆژگارە
ڕووبارێکەو هەزاری کورد
برینی لەشی پێشمەرگە
کیژی پێ پەتی ناو کێڵگە
یەکە .. یەکە
هەر جۆگەیەو لێی هەڵ ئەگرن .

کەچی تا بێت :
مێوی بیرم هێشووی وشەی
زیاتر ئەگرێ
باڵی بەستەم ، بڵندو بەرز
ئەفڕێ و ئەفڕێ .
دڵنیابن ! شیعر خوێنمە .
دڵنیابن ئەو ڕووبارە

مادەم سەرچاوەکەی ( سەر ) ی
ئەم گەلەیە
نە کەم ئەکا و
نە وشکە ئەکا و
نە ئەشمرێ !

١٩٨٣

# چەند چوارینەیەك

" بۆ شەهیدانی قرگە "

ئەو شەوەی قڕگە بوو بە گۆمی خوێن
بناری گوێژەم سوور سوور هەڵگەرا
شاری هەڵمەت و قوربانی و بەڵێن
بزە لەلێوی سەد ساڵەی بڕا .

xxxxxxxx

لەجێی هەر قەترە خوێنێکی رژاو
تۆڵەی یەکە بەدە ئەسێنینەوە
لەجێی هەر گوڵەباخێکی سووتاو
تۆوی هەزاران ئەچێنینەوە .

xxxx

ئەوان هێشوویەکە ئەستێرەی شین بوون
بۆ دوا ڕۆژی کورد ئەجرێوانەوە
ئەوانیش کێڕدی نامەردی و قین بوون
بۆ سەربڕینیان ئەبریسکانەوە

xxxxx

بە ڕێگەی خۆردا بەرەو سەرکەوتن
کاروانی سووری ئەم کوردستانەین
ئیمەی نەترساو لە ئەوی مردن
هەر ئەبی ئاڵای سەربەستی هەڵکەین

١٩٨٣

# شەهید

شەهید : ئەمرە وەکوو شاخ
وەکوو بەفر ، وەکوو درەخت
وەکوو بەهار و گوڵەباخ .
شەهید ئاوە
تینوێتی زەوی ئەشکێنی .
پەنجەو دەستە
ئازاری خاکە ڕائەژەنی .
سۆمای چاوە
کام دوا ڕوژ دوورە ئەیبینێ .
شەهید باڵای
بەقەد باڵای کوردستانە
دڵی ئازادی و بەیداخی
لووتکەی هەڵوێستی
ئینسانە .

١٩٨٣

# چەند کورتە شیعرێ

١- دوێنێ و ئەمڕۆ
وەکوو ھەتا و " زین " لەکوێ بێ
سێبەری " مەم " لەوێ بووە
زەردەخەنەی گوڵ لەکوێ بێ
ماچی ھەنگی خۆشەویستی لەوێ بووە .
مانگی ئازادی کوردستان لە کوێ بووبێ .
خەرمانەی خوێنی شەھیدان لەوێ بووە .
دوێنێ و ئەمڕۆش
سەنگەری سووری پێشمەرگە
ھەڵمەتی ھەڵۆی ھەرێم و کەرت و بنکە
لەکوێ بووبێ
شیعری منیش
وەکە نارنجۆکە
وەکوو گوللە

لەوێ بووە .

٢- دەنگدانەوە

ئەی خەڵکینە !

ئەگەر دوێنێ

هەڵبەستێکم بوو بێ بە گوڵ
من دا بێتم لە بەرۆکە و بەخەی کەسێ
ئێوە خۆتان ئاوی شیعرو گوڵتان داوم
ئێوە خۆتان خۆشەویستان نیشاندا وم .

ئەگەر ڕۆژێ
من گورانیم و سروودم
بووبێ بەئاگرەکەی نەورۆز
بە مەشخەڵ و لەسەر بان و
هەبوانتانا هەڵگیرسابێ .
ئێوە خۆتان شەپۆلی دەنگ و ئاوازی
هەڵچووی من بوون
ئێوە خۆتان خۆشتان کردووم
ئێوە مێژوو بوون ... من سەردەم .
ئێوە تیشک و من ئاوێنە .
ئێوە ڕێگا و منیش هاودەم .
ئەگەر ئەمڕۆش

شیعرێکی من بووبێ بەتیر
نیشان : هەژاری ئەم گەلە ناوێتەوە
کەوانم : دەربەندی شاخە
بۆیە شیعرم
پڕ بە هەموو کوردستانم
هاوار ئەکا :
من دەنگدانەوەی دەروون و
زەنگی هەست و
خورپەی دڵی
گەلەکەمم .
٣- ئەسپی ئەبلوق
چواردە نەوروز
تەمەنی ئەسپی شۆرشی
ئەبلوقم بوو .
لە نەوروزێکدا خەنجەرمان
بە چاوی راستیا داچەقان .
نەوروزێکی تر هاتین و
کلکمان بڕی .
ئەسپی یەکە چاو
لە نەوروزی حەفتاوسێدا

حیلەی : کفەی دەم زریا ن بوو
یالّی : شالّای سەوزو سووری
لووتکەکانی کوردستا ن بوو .
بەلام نەوروزی حەفتا وپێنج
نەکە هەر چاوی
نەکە هەر کلکی
نەکە چوارپەلی
لەبەردەمی گشت دنیادا!
هەر گوێشا وگوش
سەرما ن بڕی !

1981

# دووڕیان

گەر بە دەنووکە کۆتری سپی
گەڵا زەیتونی بۆ هێنا م
ئەگەر کوردستا ن پێ کەنی
ئا زا دی لەسەر لوتکەوە
خۆی نیشا ندا م
شەهید وتی : من دڵنیا م
ڕووبا ر وتی : ڕوونە ڕێگا م
درەخت وتی : نەڕنرا وە قەدو باڵام
شەقا می شا ر
کا نی لادێ
لەبەر ئا وێنەی ئا سودا
گولە با خیا ن دا لەقژی
بووکی ئا شتی
ئەوسا منیش بۆ هێلانەی

کۆتری سپی
تەنها هەر دڵم شکۆ ئەبەم
پێشکەشی کەم
ئەی سەربەستی !
ئەگینا نە، کوردستانم
ئەگینا نە، شەهیدانم
نە، . نە، . نە، . نە،
چەکۆ هەر چەکە
شان هەر شانە
کوردستان هەر کوردستانە
سەنگەریش هەر
هەمان سەنگەر
XXX
لەشیستەدا
لە نێوانی ئاشتی وشەڕدا
من زامنی تفەنگێکی داخراوم
لەنێوانی گوڵ و گڕدا
من مەلێکی هەڵکورماوم
ئەگەر دەرگا لەسەر دەنگم
پێوەدرێ
.....

گەر ئازادیم باڵی بگرێ
لە ئاسمانی کوردستاندا
سەربەست نەفڕێ
چرکەیەکەو :
من زامنیکی کراوەی
تفەنگیکی تەقێنراوم
من ڕەشەبام
من بروسکەم
من لاقاوم

xx

وەکوو زریان پشوو ئەدەم
بەڵام نانووم
وەکوو هەڵۆ هەڵ ئەنیشم
بەڵام لووتکە قەت بەرنادەم
دەستیان هینا تەقە ئەکەم
بەڵام دەستم قەت نافرۆشم
وەکە نارنجۆکە لەسەر کەمەر
دائەنیشم
بەڵام هەرگیز ..
لەێوی بێ دەنگی ناگوزێم .

وەکە چۆن هاژەی

چەم و .. کەنار
باڵندەو .. دار
جووتە دلدار
لە یەکتری وەڕس نابن .
منی قووبانیش
لە شۆڕش

لە عەشقی خاکە
لە خاکی یار
وەڕس نابم .

xxxx

وەکوو سیروان ماندوو نابێ
ماندوو نەبووم
وەکە چۆن بێ دەشتی گەرمیان
لەبەر هەتاو و بێزار نابێ

بێزار نەبووم
من ئەو داستانە گەورەیەم

دوای ئاشبەتاڵ

لەدایکە بووم

xxxxx

ئەوسا کە چەکی هەڵاتوو
لەکرنووشدا و لەسەر چۆکە بوون
من ژمارەم پەنجەکانی
هەردوو دەست بوون
هەندی پەنجەش
بی نینۆکە بوون
بەڵام ئیستە زەربایەکم .. نزارێکم
ژمارەی گەڵاو شەپۆلم دوایی نایە
من ئەو نەوروزە پیرۆزەم
کڵپەی گیانی ئەم میللەتەم لەگەڵدایە .

١٩٨٤

# گەشکۆلی پێشمەرگە

27-Feb 1989

## بەشی دووەم

# بانگ

" بـا "ی ئەوین لە " ماردین "
کەتۆوی لاوکێ ئەفرێنێ
شاخەوشـاخ ....
دێ بە دێ ی بادینان ئەیهێنێ
بۆ ئەوەی :
لە وەردی حەیرانی سۆرانا بیچێنێ
" با " ی ئەوین کە لەسەر ئارارات هەڵ ئەکا
پاڵ ئەنێ بە هەوری گەردنی چیاوە ...
بەرەوخوار
ئەیداتە پێش خۆیی و بەپرتاو ڕائەکا
ئەیەوێ زۆر زووتر
بگاتە سەر " کەلار "
تاوەکو تینوێتی گەرمەسێر بشکێنێ و
لەسەر ئەو بەخوڕەم دابکا .

" با " ی ئەوین ... کەلەسەر مەزاری
گوڵ گوڵی مەموزین
فوو ئەکا بە کونی شمشالی " خانی " دا
ئەوساکە هەر شیعرە و باڵ ئەگرن
هەرداو هەرد ... دۆڵاو دۆڵ
بەپۆل دێن
تا زووتر بگەنە ئاسمانی " خاک و خۆڵ "
رەشبەڵەکێ دەسبگرن لەدڵی " نالی " دا .
کەلە " وان " بای ئەوین
شەهیدێ ئەبینێ ناوەستێ
دەس ئەباو
لە قژوکاکوڵی قوربانی کرمانجم
لە باخچەی خوڕەتاو
گوڵی خوێن ئەچنێ و
لەوێوە بە باوەش
بۆ ماڵە پێشمەرگەی
ناو " کۆیە "ی ئەهێنێ .

xxxxxx

ئەی خاکی جنراوم !
گوێم لێتە بانگێ ئەکەی

گوێم لێته زریانی ئازاری و هەڵ ئەکەی !
ئەی هەکار !
ئەی سەری خوێناویی کوردستان !
من بازووی لەشی تۆم ، تەوێڵتم
چاو .. چاوە
گلێنەی ڕاستت بم ، چەپت بم
چاو .. چاوە
هەر دوکمان دووباڵی مەلێکین
دووسەری یەکێ پردی چەمێکین
دووبرۆی پەیوەستی ، ڕوخساری
دوو ڕوخی ڕووباری .
ئەی باکوور !
باکووری هەناسەی " بەتلیسی "
ئەی بەفری گڕگرتووی
سەر سنوور
ئەو وەختەی لەوێوە بزماری
بەسنگتا داکوتن
لێرەوە ! خوێن لەبەر
شارەکەی من ئەڕوا !
گەر پسرچی رەزیکت لەوێوە هەڵکێشن

لێرەوە زریکەی شەپۆلی سیروانم
سەر ئەکا
ئەی باکوور !
باکووری سێدارەو زیندانی مانگی ئاڵ
ئەی " مەمۆ " ... ئەی " چەتۆ " ی
داستانی برسێتی و نانی تاڵ ..
ئەو وەختەی کەلەپچەی ئەستەموول ..
کەلەپچەی رژێمی گورگە بۆر
دەست و پێی گۆرانی ی
" دەرسیم " ت ئەبەستێ
ئازادیت ئەداتە بەر سوونگی ..
درەختی باخانت ئەکوژێ ..
ئەستێرەت سەر ئەبرێ ..
ئەو وەختە ! نە ٭ ئێستە
ئەی باکوور !

باکووری بریندم

باکووری ناوچەوان بە بەفر داپۆشراو
ئەی مێژووی سکە سووتاو !
لە نێوان لوتکەوە
دەستی سەوزدرێژکە ..

جلەوی ئەسپەکەی شۆڕشی " حسەین " و
" عەزۆ " ئم لیٚ بگرە
هاوارکە :
پڕ بە دەم ئەشکەوت و ناوگەلیت، هاوارکە :
ریٚم بدەن ... ریم بدەن !
کاروانی چرام و بەڕێوەم
هیوام و بەپێوەم
هاوارکە ! لە برای - ئەزبەنی - و پیٚی بلیٚ :
من هاتووم بۆ ئەوەی
خویٚن بدەم بەکەژی ڕەنگ زەردوو
بەپەیژەی لاشەما ..
ئازادی سۆران و بادینان
پێکەوە سەرکەوێ .

xxxxx

وەختیێتی !

پێشمەرگەی کوردستان وەختیێتی ..
ئەم خاکە ئەنجن و زامدارە
هەرسیٚ شت خواستیێتی :
یەکەمیان : یەکێتی !
دووەمیان : یەکێتی !

..ئه میش : یه‌کێتی !
وه‌ختێتی !
مه‌فره‌زه .. مه‌فره‌زه ..
وا ئێمه خۆمان به‌ست
وا ئێمه دوو هه‌زار ، چوارهه‌زار
ده‌هه‌زار ده‌ستمان کرد
به‌یه‌ک ده‌ست ..
وا ئیسته به‌ڕێوه‌ین
ئاماده . ئاماده . ئاماده .
ئاماده‌ین وه‌ک ئه‌وسای
سه‌ر ڕێگه‌ی داستانی " بێتواته "
ئه‌ی ڕیزی مه‌شخه‌لان
کوڕانی - کۆمه‌ڵه - !
مه‌سافه . مه‌سافه . مه‌سافه !
وه‌ک ڕێچکه پشکۆکه‌ی
ئه‌وساکه‌ی
ناوشه‌وی " ئاڵوه‌تان "
ئاماده .. ئاماده .. ئاماده ..
مه‌سافه .. مه‌سافه .. مه‌سافه ..

XXXXXX

ئەی باکوور
باکووری بوینم ،
ئەی مانگی گیراوی ناوچنگی تاریکی
بادینان ! ئەی لانکەی سترانی دێرینم ..
هۆ برای زازۆیی و کرمانجم
من وادێم ڕێ مەگرن لە کلپەی
نەورۆزی ئامانجم .

ڕێ مەگرن لە چەپکی گوڵ سپی
ئاشتیی من
ڕێ مەگرن لە تەوقەی ئەوینی
دەستی من !
ئەوەتا واگورگی سەرکەوشەن
گورگی بۆر .. گورگی رەش
بێ کڵاو ، کڵاودار ، پیشنیان
لمووزیان لەخوێنی ڕژاومان وەرئەدەن
بە هەڵپەی کەڵبەی تیژ . قەپالێیان
ماسولکەی لاران و سەرشانمان ئەپچڕن
گورگن و ناپرسن ...
بۆ ئەوان گوشت گوشتە
سۆران بێ و بادینان

کورد کوردە !

ئەی برای زازۆیی و کرمانجم
واهاتووم ڕێ مەگرە لە تیشکی
ئاوات و ئامانجم

من هاتووم لە گۆڕی هەڵدێرو نشێوتا
مۆتەکەی سەر سنگی ناکۆکی بنێژم !
من هاتووم برینی دەربەندوو
لوتکەی شاخ سارێژکەم ..
من هاتوم بەبداخی بەفرینی
خۆزگەمت بۆ هەڵکەم
ئەی برای زازۆیی و کرمانجم
من تیرەو ، ئەم و ئەو ، تاکەکەس ناناسم
فەرهادم ئەم ڕەنجە هەرلەبەر
" شیرین " ی ڕەنجدەران ئەکێشم
من تەنها بۆ چاوی کوردستان
دێوانەم ، عاشقم ، دەرویشم !

xxxxxxxx

ئەی برای ، سەنگەر جیا
ئەی برای ئەودیوی
دیواری من نەبین

وەرزەرە سەنگەرێکە هەڵکەنین
سەنگەرێکە بەوپاچە هەڵکەنین
کەپاچی " چیمەن " و " حەسار " م
هەڵیان کەند
سەنگەرێکە تا ئیستە ئەسووتێ و
دواجاریش
بەخوێنی " سەی کەریم " گڕی سەند
براکەم ! گەرچەمێکە
لەمپەربێ و لێکمانکا
سەدان چەم ، زێ و رووبار
بانگە ئەکەن : یەکگرین !
براکەم !
گەردەشتێکە دڕکە وداڵ لێکمانکا
سەد دەشتی گوڵجاری ئەم خاکە
بانگە ئەکەن : یەکگرین .
براکەم !
گەرئاشتیم گوڵی گرت
گوڵێکی گوڵدانی چاوم بە .
ژنیەکی کەمانی مژدەم بە
گەر دەنگی سەربەستیم هەڵیکرد

بالنیکی گۆرانی و بەستەم بە
گەر گڕیش کسەوتەوە
براکەم! وەرەوە
پێکەوە گڕبگرین
پیکەوە لە شایی خوێناویی شۆڕشدا
دەسبگرین .

١٩٨٤

دوای پەیماننامەی م.ک.ی ١١ی ئ.ن.ژ.م
ئەم شێوە نووسرا

# کوڕی بابەگوڕگوڕ

ڕێگە چۆڵکەن. ھەستنە سەرپێ !
وا ئەسپێکی سپی یاڵ سوور
لە پێ دەشتی کەرکوکەوە
ئەحیلێنێ و بۆ شێرە دێ !
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم !
ئەوەی بەفرو
گڕو شەپۆلی ناسیبێ ..
ئەوەی شمشێری برووسکەو
با و بۆرانی کێوی دیبێ
تۆ ئەناسێ !
ئەی ڕەشەبای لە پاشکۆدا خۆڕسوارکردوو !
ئەوەی جارێ
گولاڵە سوورەی چاورەشی
– ڕەحیم ئاوا – و

مندالانی سەر قوچکەتاشی " لەیلان " و
کێلگەی برسی ـ دوز ـ ی دیبێ
تۆ ئەناسێ !

xxxxx

کۆبنەوەو هەستنە سەر پێ
سەر هەلبڕن !
بازێک شەلالی خوێناوەو
تۆزێکی تر
بەم ناوەداتێ ئەپەڕێ !
ڕوەو قەندیل
بەسەر هەورازی ئەختەدا
نزم ئەفڕێ
هەتا ئەگاتە سەر لوتکەو
ئەچێ لەوێ
لە پەلە خوێنی " نازم " دا
بە هیوا شی ڕائەکشێ .

xxxxx

ڕێگە چۆلکەن .. هەستنە سەر پێ !
زریان : ئەی ون کردوە و بۆی ئەگەڕێ .
گەرمیان کوورەی کاوەیەو جۆشدراوە

تەماشاکەن :
هەرچی گردۆڵکەی پێ دەشتی لەشرجنراوە
وەکو دایکانی وڵاتم
بنچکی قژو ئەگریجەی گژو گیایان
لە ملیاندا ئالۆزکاوە !

XXXXXXX

مامە ریشە !
ئەی پڵنگی چنگ بەگڕی گەرمیانم !
بەیتی تازەی توحفەی ئەمروی کوردستانم
لە ماڵانی گوند بەگوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلکەی بەر هەیوانی
داسی دروێنەو ، هەتاوی
سەربا نیژەی زستانانی .
مانگە شەوی . هێشوی ڕەزی .
هاژەی چەم و
وژە وژی دارستانی .
ئاگری شوانی .
وەکو باران
وەکو کانیی
وەک دەغل و دان

خۆشەویستی
تۆ کوڕی باپەگوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی .

١٩٨٥

# مزگێنی

دەسا ڵ بوو . هەوری سەر " دابا ن " م
ژا نێکی گیبیر خوا ردووی نەبا ر بوو .
وەکە کچی دەزگیرا ن دیل کرا و
بنا ری دا برا و لە لوتکەم :

خەمێکی بێ دەندە و
مەلێکی بێ جووت و بێ یا ر بوو ،
دەسا ڵ بوو دەرختی گەردا نەی شەدەڵەم
بەیا نیا ن ، نیوەڕوا ن ، ئیوا را ن
کە نیگا ی گەڵایا ن

بەرەو ژوور هەڵ ئەبڕی
بەتەنها گەردنی خوێنا ویی چیا یا ن ئەبینی
هەر تەنها پێوەندی
هەورا زی بە خسیرو
دەست و پێ ی ڕێ ڕێ بووی

کەژانی چاوسەوزیان ئەبینی .
دەساڵ بوو ، دەقفڵی ژەنگ گرتوو
لە زاری هەتاوی سەر بەفرو
لە قوڕگی ئەشکەوت و
لە دەمی شەپۆلی رووبارم درابوو
دەساڵ بوو بەکوللەی بەعسیان
چواردەوری خەرمانەی ترووپکە و
گوڵچاڕی ئەوینم گیرابوو .
یاساغ بوو هەڵلاجم
پێکەنی و دەسبەرێ
بۆ قژی ناو رەزی سورداشم
یاساغ بوو .. کەژاوەی تریفەی سەرداپان
داگەڕێ و بچێتە ژوانی
کانیاوی ـ مێرگەپان ـ .
یاساغ بوو .. قەدەغە .. یاساغ بوو
سەرگەڵوم گۆرانی بڵێت و ئەدەڵەم گوێ بگرێ
یاساغ بوو وەکە شیعرم ، گوڵی سوور
بالاکاو پێ بگرێ !
دەساڵ بوو . دەساڵ بوو . دەساڵ بوو
ئەم دڵە هەنارەم

بە جنگی ڕەبابە ئەگوشرا .
دەساڵ بوو ، نواڵەی ئەم سکەش
بێ خوێنی بۆستاڵ بوو .

xxxxxx

فەرمانی شەهیدە ، درەختی ڕێ ووتی :
گوڕانی هەڵبەندی یەکێ و دوو .. ها .. دەستم
فەرمانی شەهیدە و شاخ ووتی :
گوڕانی یەکێتی .. سەرکەوتە سەر پشتم !
وا ئەڕۆن ! سێ ڕێچکەن .. بەبێ دەنگ
دیواری نیوەشەو کون ئەکەن .

وا ئەڕۆن ! سپاردەی بالندەی کوژراوو
کاریزی خنکاوی کوردستان
بۆلای خۆر سەر ئەخەن !
سەرکەوتن ! بەردووتی : من هێزی قاچتانم !
سەرکەوتن ! " با " وتی : من وزەی دەستانم !
سەرکەوتن ! بازوتی : من تیژیی چاوتانم !
سەرکەوتن ! نان وتی : من توێشوی ڕێتانم !
سەرکەوتن ! سەرکەوتن !
گەل وتی : من ورەی ناوگیانن و
من گوڵلەی چەکتانم .

xxxx

چوار سەعات ! چوارسەدە ، چوارنەوەی داهاتوو

ئەبێتە سروودی سەر دەمی .
چوارسەعات ! خوێنی من ، خوێنی خاکە
داستانی دابان و هەڵلاجی
پێشمەرگەی ئەنووسی .
ئەی دنیای کەڕولاڵ ! ئەزانم نابیسی .

بەلام من ئەڵێکم

تا دوێنێ شۆڕشم پڕیزکە بوو
ئەمڕۆ کە بڵێسەم

واهاتوم بەسنگی ڕووتەوە
بۆ گوڵی ئازادیم
ژێر لوغم و ناو لوولەی تانکە و تۆپ ئەگەڕێم
عەشقێکم بەتێ دەنگە ئەسووتێم
تا ئەمرم

گۆرانی بۆ بەفرو
بۆ گوڵ و هەژاری کورد ئەڵێم .

xxxxxxxx

دوژمنان !
لای ئێمە خوێنی دڵ وەکە ئاوی مەعدەنی ی
سەر مێزی بەردەمتان نافرۆشرێ !

لای ئێمە خوێن ، هەورە و بارانە .
خۆی بۆ خۆی ئەبارێ و دائەکا .

لای ئێمە ئازابی ناکرێ !
زوبانەو خۆی بۆ خۆی هەڵ ئەکا .

لای ئێمە نۆڵەی سنگە بۆ خەڵات

وەکو سۆمای هەر دوو چاو
هەر گوڵی کێویەو
هەر ماچی هەژاری
دێ سووتاو !

xxxxx

مزگێنی ی !
دەوەنی گرمۆڵەو خەمباری سەردابان .. مزگێنی ی
مزگێنی ی ! ئەی کانیی لاپاڵی لێڵ کراو .

روون بەوەو ... مزگێنی ی ..
مزگێنی ی ! شۆڕەبی گریاوی هێشتاکە چاوتەڕی
شەدەلە ! هەڵسەوە .. مزگێنی ی .
پێکەنە ! ئەی وردە شەپۆلی
ناو جۆگەی ترساوی بێ خورە
وەرەوە کەناری ئەمبەرو مەترسە !

ئەی هەڵاج !

ماچیکە ! ئەوبەفرەی ئیستاکە بەسەرتا ئەباری
پێ کەنەو بۆسورداش بەدوو دەست
گوڵی خوێن هەڵبرە .
کێ وتی چەکی من نووستووە ؟!
کێ وتی نێرگزی چاوانی ئەهیدم بیر چووە ؟!
کی وتی .. با " دابان " بدوینێ !
با دەشتی دامێن و باقیری سەر جادەی
لیژەوە تا " دوکان " ببینێ !

xxxxx

من ئەمویست لە هیرۆی گوڵ سپی
کراست بۆ بەدرووم کوردستان !
ئەی سورداش ئەی بوکە سوورەکەی
پارنەورۆز
خۆ زانیت ! تا سەیران
سێبەری بن داری کۆتەڵ و تا بین بوو .
سەر چۆپی ی ئەوینت من ئەمگرت
ئیستاکەش ئەی سورداش ..
کە کۆتریان سەر بریم
کە رقم گڕی گرت
هەر هەمان عاشقم

سەبر کە ئەمجار،
سەرچۆپی ی ئەوروزت
بە خوێنم ئەگێڕم !...

xxxxxx

پێشمەرگە !

تۆ خورپەی ئەم دڵە شەیدایەی هەڵبەستمی !
تۆ خامەی ناو پە ،و بزوێنی دەستمی

ئێستاکە کێم هەیە تۆ نەبی
کەسم تۆی
بەستەم تۆی
هەستم تۆی

تۆ نەبی شیعری من وەکو پۆری خوراوە .
تۆ نەبی چیرۆکم وەکو مەلی بێ دان و بێ ئاوە
تۆ نەبی شانۆی من ئەبێتە تابووتی ئەکتەرم
تۆ نەبی ژێ و تەلی کەمانم پچڕاوە !
پێشمەرگە .. پێشمەرگە !
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هۆنراوەم ..
وەکو دەغلی پاش باران
خەیاڵم کەرێشکەی تیا بکا ..
ئەگەر تۆ ئەتەوێ دیوانم

وەکە لوتکەی باوەشی خۆرنشین
زەردو سوور هەڵگەڕێ و
باوەشت پیا بکا ..
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هەناسەت ، هەنگاوت ،
برسێتیت ، بخەمەناو دووتوێی ڕستەوە
بۆرێ و بان بیانکەم
بەهاودەم
بیاندەم
لەیەخەی کەژو چەم ..
ئەگەر تۆ ئەتەوێ کەشکۆلم
بکەیتە سەرینت
ئەمبەرو ئەوبەری سەر دێڕم
ببیتە دوور بینت .
وا منیش ئەمەوێ داستانی دابان و
هەللاجی زۆرترم گوێ لێ بێ
تا منیش هەڵبەستی سبەینێم
ببێتە قەنناص و
سەردڵێ شاعیری دەرباری داگیر کەر
بپێکێ !

١٩٨٥/٢/٢١

# كەشكۆڵی

# پێشمەرگە

## بەشی سێیەم

# ڕوانین

لە پەنجەرەی چاو خەواڵووی ـ دوور ـ مەوە
وەک باڵندەی بەر هێلانەی حەبەسا و !
سەرنج ئەدەم لە " ئاسۆس " ی
برۆ و برژانگ ، ڕدێن سپی
ناوشان پانی ، مل باریکی .. هەڵکشاو !

xxxxxx

لەسەر کاوان " با " ی بزێو پەلەکەر
هەڵلاجێکی شێتۆکەیەو تووڕەیە
شی کردنەوەی لۆکەی بەفری لەو .. کەلە
دەنگی چەکەی ناو بەناوی
درنگەیەو دمەیە
" درنگ . درنگ . دم . دم . دم "
بۆ بەرەو خوار وەک بخلیسکێ
بە چرکەیەک ئەگاتە گوێم لێرەیە

xxxxx

پەڵە هەوریش کوڵنجەی بەر
دارستانی کاکۆڵ و قژ ئاڵۆزکاو
هێشتا تەڕەو لێی ئەتکێ
دڵۆپی ساردی بەفراو .

xxxxx

لەگوێ چەمیش ، لەشی درەخت
بێ کراسن ، ڕووت و قووت
لەسەرەوە بە ئەڵقاو ئەڵق راوەستاون
سەیریان ئەکەن شاخی هاوسێی کڵاو قووچ ،
لەسەرماندا گۆپکەی لێویان
کۆ ناکات و ئەلەرزن
توزێکی تر ئەم نسێیە
ئەم سێبەرە جێ دێڵن
هەر کە گزنگێ گرێ ی زوقمی
دەستەو پل و قاچ و قوولی کردنەوە
ئیتر ئەوسا ..
یەکە یەکە بۆ بەر هەتاو ڕیز ئەگرن .

xxxxxx

پێشمەرگەیەکێ ، هەگبە بە کۆڵ ، ڕیش هاتوو
تیسکەی تفەنگێ ، سموورەیە ، ڕەوتی گورج

بە باریکە ڕێگەی گردا شانەوشان
بە پاژنەی پێ بەفری ئەوێ خرچە خرچ
ئەشکێنێت و ئەچێتەوە بۆ " سیڕوان "
ئەی پێشمەرگە ! ئەی هاوڕێ ی بوسێتی !

لە پێش مندا " گۆران " وتی : ئەبیمەت
هەرگیز هەرگیز بێ ڕووناکی ئەنوێنێ
ئەگەر ئازیز زەردەخەنەی شیرینی
وەکو گوڵاو بەسەردا نە ڕژێنێ .
منیش ئەڵێم ئەی پێشمەرگە !

ئەی هاوڕێ ی هەژاری ی

کوردستانم ، قەڵەمەکەم ، یارەکەم

نە بەختیار ، نەسەربەرزن ، نە جوانن
بێ چەکی تۆ .. ئەی هاوڕێ ی ئازادی ی .

سیروان ١٩٨٥/٣/٣

# هەڵگوردی «پ.م»

ڕێی هەکارە
ڕەشایی هەر .. ڕیزی پێشمەرگەی وەریوی
ناو کڕێوەو بەفرانبارە
قەدو باڵای ئەم دڵدارە هەژارانە
بوون بە ئاوێنەی سەهۆڵ و
مەمکی بڕاوی شیرین و خاتوو زینی
کوردستانیان تێدا دیارە .
ڕێی هەکارەو ئەمان نانن
نان لەبرسا بەلادا دێ .
ڕێی هەکارەو ئەمان ئاون
ئاو تینوێتی و وا ئەخنکێ .
ڕیز ئەوەڕێ بەڵام ئەرواتەو ناوەستێ
هەر هەورازەو هەر ڕەوەزەو هەر قوتکەیە
بەخێڵی مەرگە

ڕێ تەنراون

هەر لادێیەو هەر شاروچکەو هەر پەنایە
بە هەزار داوی باریکی تەڵەی سنوور
ورد چنراون .

* * *

ڕێی هەکارەو
لەناو بەفرا ڕیزە هێشور
دەنگ .. دەنگ .. هەڵ دەوەرێن
وەک دەورووپشت
وەکوو سرووشت
چاویش تەنها سپێنەیە !
دەنگ : بەستوێتی و
تەنها ڕیگەش ، ئەم ڕێیەیە .

xxxxxxxx

لەناو ڕیزدا حەوتەم دڵدار
لاواز ئەڵێی تووڵە بییە
ناوچەوان پان ، بڕۆ تەنک
کەوانییە
وەکوو بەهێ ڕەنگی زەردە
چاوەکانی دوو وەنەوشەی

ڕەش و سیسە .
سمێڵیشی قەترانی یە .
گوپەکانی تێکەڵ قووپاوە .
وەکو پەڵکە گیا لێوی بارێکە .
پێڵوی کەمێکە هەڵ ئاوساوە !
ئەم " پ . م "ی شاخ و هەردە
لەشار ناوی محەمەد بوو ناتەوا بوو
بەلام وەختێ کە حەسارۆست
وتی وەرەو بوو بە دۆستی
لەبەر خاتری چاوی جوانی
لەبەر دڵی مێرگی سەوزو دارستانی
ناوی گۆڕی
ئەم دڵداری شاخ و هەردە
ئێستە وا بۆ ساڵێ ئەچێ
ناوی تازەی ئەو " هەلگورد "ە

xxxxxxxxx

ڕێ ی هەکارە ..
ڕەشایی هەر .. ریزی پێشمەرگەی وەریوی
ناو کرێوەو بەفرانبارە
وا " هەڵگورد " یش وەکو قوڵنگی

بەر شەوارە

چاوی ڕەشکەو پێشکە ئەکا
سەری وەکو بێژنگ ئەسوورێ .
هەڵگورد ئاسکی لاق زامدارە

تەکانێک ئەداو ئەچەقێ .
هەناسە برکێی کەوی سنگ
باڵ لێک ئەدات و هەڵنافڕێ .
چۆلەکەی دڵ بە ئاستەمێ
نووزەی لێ دێ .
هەڵگورد وەکوو ئەپۆلێکی
هیلاک .. ماندوو
چۆن ناگاتە ئەوبەر ئاوو

لەنێوەی ڕێگەدا ئەمرێ
ئێستە هەڵگورد باڵای چرای
وردە وردە بەلادا دێ

ئێستە هەڵگورد لەسەر بەفر
نەمامێکە بێ پەل و پۆ
ڕاکشاوەو
بە تەنها چاوی ئەبینێ ؟

XXXXXX

ڕێ ی هەکارە
ڕەشایی هەر لە دوورەوە
پادگایەکی سەر سنووری قوللە دیارە
ڕیزی بوسی ی .. ڕیزی دڵدارانی ماندوو
گەڕانەوە سەر هەڵگوردی نبوە مردوو
وتیان : ئەژیت
ئەو پادگایە
ئاگری تیایە .. نانی تیایە
هەڵت ئەگرین هەتا نزیکێ
دەرگای ئەوێ
بۆچی بمریت ئەی هاوڕێ ؟
هەڵگورد بزەیەکێ بە ئاستەم
کەوتە سەر لێوی لەرزۆکی
ئینجا وتی :
ـ برایینە ! بەجێم بێڵن
لەم بەفرەدا بەجێم بێڵن
من لێرەدا ئەڕوێمەوە
ساڵێکی دی سەردانم کەن
ئەمبینن چۆن بە پێوەمو ئەشنێمەوە
ئەوە ڕیگەی کەڵ ژیانتان نیشانداوم

لووتکەم و ناچەمێمەوە .
برا یینە بەجێم بێڵن .

ئەگەر بەهارێ هاتنەوە
ئەمبینن من
گڕی نەورۆزی ئەم ساڵەم
ئەگەر هاوینی هاتنەوە
ئەمبینن من
دەغڵێ بە پیتی ئەو ساڵەم !
برا یینە !
مەوەستن ریگە تەواوکەن
من با نەگەم ئێوە ئەگەن .

xxxxxxxxx

بەفر ئەبارێ
ڕیز .. ڕیز .. ڕیز .. ڕیز
بەسەر لەشی ساردوو سڕی
ئەم دڵدارە تەنیایەدا
بەفر ئەبارێ .

پەنجەی کلوو چاوی لێکەناو
هەر بو ئەوەی سەرمای نەبێ
تویژاڵ .. تویژاڵ

دای ئەپۆشی .
هەر بۆ ئەوەی ئەم دلدارەی لێ زیز نەبێ .
بەتەواوی گرتیە کۆشی .
بەفر ئەبارێ و کرێوەیەو
ئێستە جێگەی ئەم هەڵگوردە
زووری هەناوی جۆشخواردووی
کوردستان و دڵی کوردە .

لە بەر قاچە
سێوەیەکی
دیتە؟

سیروان ١٩٨٥/٢/٨

# کەڵ

"بۆ هاوڕێی شەهید
عبدالخالق معروف"

لە هەر کوێوە بڕوانیتە پارچەی تەلا
هەر تەلایە.
لەکام لاوە سەر هەڵبڕی
گوڵەبەڕۆژەی چاوی ئەو ئەبینێت و
هەنگاو هەنگاو لەگەڵتایە.
کێ ئەتوانێ خۆی لە نیگای بەرزەنیشکی
هەڵگورد ونکا؟!
کێ ئەتوانێ بەفرو باران لە زستان و
گوڵ لە نیسان قەدەغەکا؟!
ئەتوانن هەورێکە بکوژن
خوێنی شلێرێکە بڕێژن
ئەتوانن دەستی دار گوێزێ ببڕنەوە
قاچی کتێبێ بشکێنن
چوار مێخەی شیعرێ بکێشن.

بەڵام شیعری حیلەی ئەسپێکی ڕەسەن بێ
شیعری بزێ و
بۆن و بەرامەی قەڵەمی ڕاستی ی لێ بێ
هەوری بزێ و کوڕو کچی
ڕەهێلەی ئاسمانی ببێ
هەرگیز بەوان دروست نابێ .
لە دەروونی ئەمرەمەندا گوڵ نا پشکوێ .
لەسەر تەوری جەلادەکان
کۆتری هونەر هەڵنانیشێ
لەسەر کورسی سوڵتانەکان
دا دپەروەری دا نانیشێ .
چۆن لە چاڵە خەڵووزاندا
هێڵۆی سپی سەر دەردێنێ
چۆن بایەقوش بۆ ئارام و دلنیایی
درەخت و ڕووبار ئەخوێنێ ؟ !
ئەوەی هەرگیز
هەرگیز .. هەرگیز
دەنووکی داڵەکەرخۆرەی بەعسیان و
توولە مارە سەر سپیەکانی مزگەوتی
مەلای خەتێ

دڕی دابڕێنرێ

تاقیکە
... 
276

قەت نابگەنێ
ڕەگی دار گوێزی ژیانی ئەم گەلەیە
هەورە تریشقەی سەنگەرو
قەڵای سووری
هەزاران ( عبدالخالق ) ی پێشمەرگەیە .

++++++++++

ئەم کوردستانە کوا نووە
کەڵە پشکۆی قەت لێ نابڕێ
گەر بەنگری هاوڕێکی ئەو دامرکێ
دەیان پەنجەو قەڵەمی تر
ئاگر ئەگرێ !
ئەی دوژمنانی ڕووناکی ی !
هەتا دوێنێ عبدالخالق چرایەکە بوو
چەند ئەقامێ لەسەر سەریان هەڵیان ئەکرد
کتیبێ بوو
یەکە دوو شارێ ئەیخوێندەوە ..
بەلام ئەمڕۆ عبدالخالق
ئەقام نی یە
دێ و شار نی‌یە
ڕێبوار نی‌یە

گوڵ ئەستێرەی زامی ئەوی
لەسنگ و بەرۆکی نەدابێ
ماڵێ نی یە لەم وڵاتە غەمگینەدا
ڕێی ماڵێ وشەی نەزانێ
ئیستە هەموو کوردستانم
وەکوو چاوەکانی قەلا
بەکتیبە خوێناویەکەی
نیسانی ئەوا ئەروانێ .

××××××

میری شەهیدانی هەولێر !
ئەی حەیرانی سووتە مەڕەی
برین بگیر !
ئەی هاوڕێ ی بەهرە ڕەنگین
گوڵ خەندەرانی پێکەنین
لە هەواری قەندیلەکەی ناو دڵمانا
سنەوبەری چوار وەرز سەوزی .
تۆ سروەکەی سەری ڕەشی .
تو ئەنتێنی هەر بەرزی
سەر چیای ئیزگەی شۆرشی .
تۆ بڵندگۆی

دەنگدانەوەی دڵی ئێمەی
رادیۆی ناو دەستی پێشمەرگەی
ئەو ڕیکۆردەی
هەموو ڕۆژێ سروودەکەی
شۆرشی نوێمان لێ ئەدەی

پەیتا .. پەیتا
ئاگردانی پشکۆی خوت و
ئەوەی پشکۆی ئەم کوردستانە
خۆش ئەکەی !

سێروان ١٩٨٥/٤/١٠

# گوڵباران

هێشتا شیعرم بەهارانە گوڵبارانی
باڵای شاربازێڕی ئەکرد .
لە تەوقەسەری چوارتاوە
دائەنەوی و
کرنووشی بۆ سورکێو ئەبرد ؟
بە کلوێچکی پەنجەی داپان
وەکوو هەڵلاج
مێواش .. ورد .. ورد
چاوی ئەستێرەی سیوەیل و گمۆی ئەڕشت !

هێندە نەبوو
تازە پیری شەوکێڵ ئەچوو
تاجی خوێنی " عەلی و سالار "
بنیتە سەری کەتوو .
هەر دوێنێ بوو

٩ تەرێژی برینەکانی گوێژەوە
دایکی سەرو قژ خوێناوی ی
علەیعانیم ئەدنی .. ئەی وت :
لە ئاگردام و ئەسووتێم
ئەسووتێم وگۆرانی بۆ
کوڕی ئەو کێوانە ئەڵێم .
هێندە نەبوو
شیعرەکانم لە قەترە خوێنی زینانە"
ملوانکەیان ئەهۆنیەوە بۆ گەردنی
دڵدارێکەڵی شیروانە
هێندە نەبوو .. قەرەچووغم
لەبەر ئاوێنەی پێ دەشتا
ڕائەوەستا و گوڵەباخی سەرکەوتنی
لە پەرچەمی مەخمور ئەدا .
هێندە نەبوو
بە نەشوێ ی ڕقی پیرۆزم
دۆڵە رەقەم
وا داتاشی
تا بوو بە تابووتی قووڵی
مەرگی پواز .. مەرگی ستەم .

ئەوا ئەمڕۆش
وەکوو دوێنێم
وەکوو ئێستەم
لە دۆڵی ئاکۆیانەوە
ئەبمە مانگی
خوێنی سەر کۆڕەکێ و هەڵدێم
ئەبمە دڵۆپە باران و
سەر بە زامی ئەرخەوانی ی
تینووی " مەحموود " دەوە ئەنێم .
ئەمجا رەیان من پاشا کورەی پێشمەرگەم
هاتوومەوەو
سنگی ئەسپم ناوە بە سنگی قەڵاوەو
ڕووەو رەواندز بانگ ئەدەم
ئەمجا رەیان
هەرچی کەژی لەش جنراوە
هەرچی کانی ی دەم بەستراوە
هەرچی هەوری سک سووتاوە
لە تەکمان و بەرەو خوڕتاو ، تاو ئەدەم .
بەمارەیی خوێنی خانزادی کوردستان .
ئەی سەربەستی ی بە تۆ ئەگەم !

* * *

ئەی گەلەکەم ! ئەی سروود..
ژێر بەستووی ڕیزی ئازادی ی
شۆڕشەکەت لە خۆت ئەچێ !
شیعرم نەیبیبێت .. شیعرم نەیدی

ئەی شۆڕە شۆڕشی هەزار
شۆڕشێکی دیکە هەبێ
وەکە لەشی تۆ .. وەکە کەپرەکەم
وەکە گیرفانم .. ڕووتەڵە بێ !
تو دار گوێزێکی بە تەنیا
هەر خۆت بۆ خۆت سیبەر ئەکەی
تەنیا .. تەنیا
وەکوو دایکم و ژوورەکەی
وەکە ئەو ژوورەو
تاقە قەنەفە شڕەکەی .

xxxxxx

کوردستانم
ئەی دڵی چوار کەرت کراوم !
هەر وەکوو چۆن شیعرم نەبیست
شیعرم نەیدی
دڵێ هەبێ

وەکو چۆلەکەی گوندەکانم
وەکو دڵی تۆ بێ هێلانەو
کەچی ئاوایش لەبەر تیژەی
رەشەبای هەر چوار وەرزدا
هێشتا ما بێ و بژی و بفڕێ و
وەکو قەڵەمم
بەپێیشەوە راوەستابێ .
xxxxxx
ئەی گەلەکەم !

هەرچی گێلاسی شیعرمە
بیگوشمە ناو دەرووونتەوە
بە قەدەر خوێنی شەهیدێکە !
گۆنات سوور هەڵناگەرێنێ !
هەرچی رووباری شیعریشمە
بیخەمە سەر دەشتی لەشت
بە قەدەر خوێنی شەهیدێکە
تینوێتی رێگەت ناشکێنێ !
ئەی شەهیدانی وڵاتم !

هەرچی وشەی جوان و نازداریشم هەیە
هەڵیان چنم .. چەند بەرز بن
هەر لە خوار ئەژنۆتانەوەن
بۆیە ئەڵێم
چاکتر وایە ئێوەیان دی
سەر دابخەن !

بەرگەلو ۱۹۸۵/۲/۱۱

# نەفرەت

دوو سەنگەر
دوو تفەنگە .. دوو ڕابەرە
دوو مردن و دوو ژیانە .
یەکەم : ئازادی ی لە کوێ بێ

ئەم سیبەری باڵی ئەوە
باڵندەی دڵی هەژاران بۆ کوێ بفڕێ

ئەم ئاسمانی ئەو دڵەیە

ئەم هێلانەی ئەو مەڵەیە .
قوڵ بە قولێ خەمی جۆگەو شاخا ئەکا
لەگەڵ بارانا دائەکا
بۆ سەرپەستی ی گوڵەگەنم
ئەوانە ئەم
ئێشکی کێلگەی نووستوو ئەگرێ .
ڕوژانە ئەم

داسی ڕەنجە

ئارەقەی زەوی ئەڕێژێ
- کەم ئەژی بەڵام کەڵ ئەژی -
وەختێ ئەمرێ
دارستانی گەل ئەبنیژێ .

دووەم : وەکوو ئەمیستاکە

ئاسووت تاشی ئازادی یە

گەرووی ڕزگاری لەکوێ بێ
ئەو دەمی نیژەو سونگی یە
من هیچ نالێم
ئەوە لەشی کوردستانم
خۆت ببینە
پەنجەرەی گەورەی چوار تاکی سەر بڕینە !

ئەوە باڵی مەلەکانم
ئەوە گوڵی باخچەکانم
ئەوەی نی یە
هەڵفڕینە
ئەوەی نی یە
گەشانەوەو پێکەنینە !
من هیچ نالێم .. ئەمیستاکە

تەماشاکە :
لە نیشتمانی دەغلدا .. نان چون ئەگری !
لە نیشتمانی نەوتدا .. چاوی چرام چەندە کزە
تلێپەی پرتەقالی گوشراو
ئەوە وینەی ئەم دڵەیە .
کۆتەی قەساب
ئەوە لەشی ئازادیخواز
تۆپەوانەو دەمی ؟ برە
ئەوە کەللەی مەمو زینی ئەم گەلەیە .

دوو سەنگەرە
ئەوەی لە دوودم سەنگەرا
ڕەنگە بۆ مەرگی خاکە ئەڕێژێ
وەختێ ئەمرێ
دارستانی رووتەو هەژار
لە زەلکاوا ئەو ئەنێژێ !

XXXXX

دوو سەنگەرە
دوو تفەنگە .. دوو رابەرە
دوو مردن و .. دوو ژیانە
وا تفتکردە برینی کوردستان و

وا جێت هێشتم ..

وا مەمکی دایکی خۆت بڕی و

وا ڕۆیشتی

بەڵێ تەنها یەکێ هەنگاوە

یەکێ تەوقەیە

بەلام ئەو تەوقەو هەنگاوە

پلووسکی ئابرووی تکاوە .

وا ڕۆیشتی

دەسیشت خستە ناو دەستی

دووەم سەنگەر

ئەوساش وەکوو کەڵەشێری

بەزیوی پۆپنە خوێناوی ی

لەسەر دارو پەردووی ماڵی

ڕووخاوی خۆت هەڵ ئەنیشی

لەو ساتەوە .. تۆ ئەو گسکەی

ئەبێ لەسەر

تەنەکەی خۆڵ دا بنیشی

ڕۆیشتیتەوە !

تۆ ئیستەکە ئەو خڕکە بەردە گروێیەی

لە بنارم بوویتەتەوەو

جنێو بە لوتکەی خوت ئەدەی ؟

ئەو خەنجەرە ژەنگا وی یەی
لە کیلانی خۆت را ئەکەی
تۆ ئەو چەکەی
قۆنا غی خۆت ئەسووتێنی و
سکی ژنی خۆت داغ ئەکەی

تۆ ئەو کـ ـەی
کفنی سووری ها وری یەکەی
خوت فرا ن و .. ڕۆیشتیتەوە
هەرچی زا می لەشما ن هەیە
وەکوو بەتا نی شەهیدا ن پێچا تەوەو

ڕۆیشتیتەوە !
تەسلیم بە کیردی سەر ملی
با وکە و برا ی خۆت بوویتەوە .
یەکە هەنگا و بوو
بەلام حەیا ی تیا تەوا و بوو .

یەکە تەوقە بوو
بەلام هەزا را ، پەنجەی قرتا وی
سندا لانی کوردستا نی
لەگەلدا بوو .

ڕۆشتیتەوە !
هەر پردیکێ بوو پەریتەوە
شەو دانەهات
کە پرد گلاوی ی لەشی خۆی
لەبەر شەتاوی رووبار دا
دەرئەکردو ، ئەشتتەوە .
یەکێ هەنگاو بوو
بەلام ئەو چەکەی تا دوێنێ
مل کەڵ بوو وەکێ
دوندەی بەرزەکێ
ئیستە وەکوو خوت گوێ ی تەپە
ئیستە پەنجەو پەلەپیتکە
لەرزۆکێ .. لەرزۆکێ
ئیستە تفەنگی ترسنۆکێ
ئەویش وەکێ خوت
چۆتە سەر چۆکێ .

xxxxxxxxx

یەکێ تەوقە بوو

ئیتر ناوت بوو بە جامێکی بن رەش و
ماڵ بە ماڵ زرنگایەوە

لە ڕۆژێکدا ناوی پێشووت

لەسەر قەدی دار بەروکەم .. پووکایەوە .

ئیتر وەک گوڕەوی چڵکن .. دڕاو
وەک کەفانی دوای ڕیش تاشین
وەکوو ( دای . بی ) !

تۆ تووڕ درایت و تۆ ڕێژرای !

ڕۆشتیتەوەو ڕوای تۆ مەقەر

دارو بەردی هاتنە قسەو

وتیان : نەفرەت!
پێ خەفەکەت
کەس تیا نانوێ و ئەڵێ : نەفرەت .
توولە ڕێی ئەوبەر گردەکە
گەڵا گەڵای درەختەکە

هاژە هاژی ڕووبارەکە

بناری کێو تا لووتکەکە
خۆڵ و تۆزی پێ دەشتەکە

مەڵبەندو تیپ
مەفرەزەو کەرت
نەک کەرەتێ هەزار کەرەت
هەموو ئەڵێن : حاشا .. حاشا

حاشا لەوەی
لەو وشەیەی .. لەو گوللەیەی
شیری مەمکی شاخیان فروشت
سەری گوڵەباخیان بری
چاوی درەختیان هەڵکۆڵی
نەفرەت
نەفرەت
نەفرەت !!

بەرگەلو ١٩٨٥/٧/١٢

# ئارام

دوای هەموو سالٚ و ...
... شەهید بوونی
... لەسەر ...
...

ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە " تەنگی سەر "
ئەڵێ ی ژنێکی پرچ زەردی گۆنە ئاڵەو
دەستی ئاوەتە ژێر چەنەی کەڵ و
غەمگین .. غەمگین ئەڕوانێتە
گەوالە هەوری چاو تەڕی ملەی ئەوبەر ؟
ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە " با " ی کەژان
زۆر تووڕەیەو قژی " دێ لیژە و مێ وڵێ " ی
جووتە خوشکە رائەکیشێ و وا بە پڕتاو
خۆی بەدەرگای لەسەر پشتی
هەردوو دەربەندا ئەکات و
دەس ئەکاتە ملی تەنها تاقە یاری گەلاڕێزان ؟
ئەوە بوچی ئەم ئیوارەیە کراسی
بەری هەموو درەختەکان
بەری بەندەن . بەری بنار ، بەری ڕووبار

لەیەکە ئەچن و وەکە یەکن ؟ !
ئەوە بۆچی ئەم ئێوارەیە نان و گوڵ
لە وڵاتی هەژارانا سەریان ناوە بە یەکەوەو
بەڕێ کەوتوون
ڕیز ڕیز هەموو
چرای سووتاون و
بەرەو ئەم مەڵبەندە هاتوون ؟ !
ئەوە بۆچی وەکە قەڵەمێ لەسەر کاغەز بەجێ مابێ و
شاعیرەکەیان کوشتبێ و
ژوورەکەیان لەسەر شیعر داخستبێ
ئیستە ئاوا ئەم کێڵگانەش
ئەم گوندانەش
ئەم خەڵکانەش
وەکوو ئەشکەوت
دڵ و دەروون تارو مارن ؟
وەکە دارستانی دار بڕراو .. بێزارو پەست ؟
وەکوو رقی شەپۆلی دوای بەگیرهێنان
هەوری دەمو چاو بە سامن
بێ - ئارام - ن ؟ !

++++++

هەرەس هات و ئەسپی ئەیلولی داپۆشی

کەشتیەوان کەشتی گەورەی
بو ناو سکی خۆی هەڵلوشی
هەرەس هات و هاژەی چەمی حەفتا و پێنجی
لە قورگی گەلی و نشێووهەردا بڕی .
ئەو لوتکانەی لە هەورا بوون
چوونە ژێر باڵی داڵەوە

مۆمێ نەما

یەکێ نەما
بچێ بەپیر کوردستانی ئازادەوە !

پلەی پەیژە هەمووی شکا .
هەر بە شانی خۆمانەوە
تا دوا چەکیش
ئەتکێ کرا
وڵاتە دەسگیرانەکەم
ڕووت و قووت بوو
بە بەر چاوی خۆمانەوە

دەس بۆ قوتکەی مەمکی ئەبرا !

xxxxxxx

دنیا عەبا یەکی ڕەشی گرتبوۆوە
وەختێ چراوگەکەی سەری ئارام

گولّ ئەستێرەی پەنجەی ئارام
ڕانکە و چۆغە شرۆڵەکەی بەری ئارام
دەرکەوتن و لە ڕەوەزی کەلاّنەوە

ئاسوارەکەم چووە سەری
تا بگاتە ئەو دڵانەی
بارانی سووری شۆڕشیان
تیا ئەبارێ !

xxxxxxxxx

با سەیوان کورتە بالاّش بێ
بەلاّم لە هەناوی ئەودا
دەیان هەڵگورد سەر دەردێنێ
کانی ی هەیە کونی چاوی زۆر بچووکە
بەلاّم بە تەنها تینوێتی
بێشەیەکی چڕ ئەشکێنێ
خۆ بولبولیش زۆر بچووکە
کەچی دەنگی دڵی کەژێکە ئەبزوێنێ .

گەنمە قەندەهاری چۆنە
ئارام وا بوو
وەکە سەوزە گیای شەونمایی بەهارانیش
زمانی خوش ، دڵێکی تەڕ

بە لەش و لار بچکۆلە بوو
لاواز و لەڕ
بەڵام بە بیر بە گیان بەکار
شاخی بەرز و هەنگی شانەو
خۆشەویستی ی ئەم گەلە بوو .
دەرگای سنگی
وەکوو کتێبخانەی گشتی
لەسەر پشت و کراوە بوو
بێ گرێ و گۆڵ، ژینی سادە
وەکوو کاسەی دۆ، کەوچکی دار، شانەی تەختە
ڕوح سووکە ، موو ڕەش، زیت و هێواش
دوو دانی پێش
نێوانیان شاش
نیگای کز و چاویلکەدار
بەڵام ڕێ ی مێشکی پڕشنگدار .
ئارام .. ئارام
ئەوەندەی داسی دروێنەی گەرمیانم
بە ئارام بوو
لەگەڵ دوژمنی هەتا و هەژاریشدا
چەکوشێکی زۆر بە سام بوو .
xxxx

ئەوسا سەردەم وەکوو گوێزا ن دەمی تیژ بوو
دەرزی تۆو بوو ئەکرا بە کێڵگەی رینی
ئەم خاکەوە ..
هەموی بستە رێ و قوتکەیەکێ
رم .. بازنەی چواردەوری بوو
هەموو هەنگاو و چرپەیەکێ
سێدارەیەک چاوەرێ ی بوو .
لەناو شاردا مردن پۆلیسی شەقام بوو
لەسەر هەموو دووڕیانیکێ ڕاوەستا بوو .
لەناو دێدا مردن پەپووی وێرانە بوو
لەسەر کۆتەرەی سوتماکی دارو پەردووم هەڵکورما بوو .
وەختێ ئارام گومێکی مەنگی بچووکی کوردستان بوو .
بەغدا لافاوێ بوو چاو سوور
پان و پۆر بە قەد عێراق بوو
وەختێ ئارام دەمانچەیەکێ بوو زور کەرەت
جووتی ئەکرد !
بەغدا بە یەکێ دەست دەبا بەو
دەیان فرۆکەی هەڵ ئەگرت .
(3) وەختێ ئەو سیامەندی چاو کزی ( خەج ) و
هەژاران بوو

سپا مەندە پێشمەرگەکان
وەکوو پەپوو سلێمانکە
کەوی سپی
شووڕو بەوڕ
ناوبەناوێ ، تاکە و تەرا ، یەکە یەکە
دەرشەکەوتن
ئەو ڕێگارانەی کە ئارام
تاق تاقکەرەی
داری زەردو قەرەداغ بوو
نەکە درەختێکە و دوور درەخت
قوپیش خەوی لێ کەوتبوو !

xxxxx

ئەو سالانەی ڕۆژەکانی
وەکوو دەمی تەورو مشار
بڕندە بوون
ئەو سالانە لەناو بێژنگی خۆیاندا
هەر خەریکی تەتەڵە بوون
زۆر هات و چوون
بەلام کەمیان وەکوو ئارام
توانی ئازار هەڵ بمژێ

توانی بە پێوە بوەستێ
هەبوو .. زوو تلیسایەوە
هەشبوو .. وەکوو ئەم شاخانە
هەر مایەوە .

xxxxx

ئەم بەیانی یە تەنگی سەر
بۆنی مەرگی تازەی لێ دێ
چوار دەوری - دێ -
داڵ گرتوویێتی
وا قیرەیان ئەگاتە گوێ
ئەم بەیانی یە تەنگی سەر
لە پۆرێکی کیبراو ئەچێ
لەناو چنگی داو و تۆڕدا
هەر زیقەی دێ
سات لەدوای سات
ڕەنگی شاخ و
ڕەنگی باخ و
ڕەنگی مالان .. هەڵ ئەبزڕکێ !
ئەوە تەقەی قاچی مەرگە
تا بێ تەقەی گەورەترەو

وردە وردە بۆ شێرە دێ
ئەوە زەنگی دەستی مەرگە
کە لێ ئەدرێ
دارو دیوار
ماڵ و منداڵ
سەرو سزن
رەشە وڵاخ
هەموو شتێ .. ئەبەشۆکێ ؟
ئەوە تەقەی قاچی مەرگە
ئەوە زەنگی دەستی مەرگە
لەناو دێدا تەنها ئارام
بیری گەش و دڵی مەنگە .

xxxxxx

زەمان وەکوو کیسەڵ وابوو
سەعات بە وێنەی مێروولە تێ ئەپەڕی
ئارام وتی :
" لەبەر من با
داڵ ( دێ ) نەخوا
ئەچمە دەرێ "
ئەمەی وت و بەناو تەلبەندی چەقۆدا

کەلەبەرێکە
کە تەنها هەر تفەنگێکە و
لەشی وەکە شەمی پیا بچێ
جووە دەرێ
پشت لە داڵ و
روو لەو ئەشکەوتە تازەیەی
کە هەر ئەمشەو
ناوی نەهێنی ی لێ نەنێ
ئەوا ئیستە
رێگە قەبری

xxxx

بەدیان کرد
چاوی داڵی سەر قەرەوڵ
وەختێ پەلەپیتکەی جووڵان

ئاگر فڕی و
لەو دوورەوە
باڵی هەڵوی سووری شکان !

xxxxxx

دە نێ " عاصی " بوو
بەسەر سەری ئارامەوە ئەخولیەوە

دەمی برین وەکو گوڵەباخ
ئازارێ بوو ئەکرایەوە
برین مابوو .. برین ویستی
هەر بە پەنجە گەورەی قاچی
تفەنگو بێنێتەوە قسە
داڵ ئەمجارە
دەنووکی گوللەی لە سنگی
ئارام چەقان
بۆ ئیجگاری چاوی سێکو نا
ئەو مووفەی
دوای مردنیش
تەمەنێکی نوێی خستە سەر
عومری ژیان !

xxxxxx

ئەی تەنگی سەر !
لەم یادەدا قەڵەمەکەم
کراسی سووری شیعرێکی
ئاودا مانت ئەکاتە بەر .
هەموو شەوێ
لەناو خەونی فرمێسکاوی ژوورەکەمدا

## خۆم ئەبینم

وا بووم بە کۆترە شینکەیەک
لەگەڵ هەوری ئاڵدا ئەفرم
هەتاکوو ئەچمە سەر دابان
لەویشەوە بەرەو کەتوو
ئینجا شەق ژن باڵ لێکە ئەدەم
بەرەو کۆرەکە و ئاکۆیان
نزم بە دەم فرینەوە ..
لە هەر لایەو دوو سێ گوڵێ
هەتا ئەبن بە چەپکێ
ئەیبەستمە باڵ .
بەرز بەرز ئەفڕمەوە
هەوری پێش خوم ئەگرمەوە
هەر خۆم تەنیام
ئەی تەنگی سەر ئەگەمە لات
ئەوسا لەسەر ئەو مەزارە
ئەنیشمەوە .. ئیتر ئارام
دێتە دەرێ و ئەگاتە لام
عەینەکەکەی دائەگرێت و
دەبێ ئەخاتە ناو دەستمەوەو
چەپکە گوڵم لێ وەرئەگرێ و
لە دواییشدا
ئەم لاو ئەولای
ئەم شیعرانەشم ماچ ئەکات .

بەرگەلو ١٩٨٥/٧/١٩

# تاجی خڕێناوی

بۆ هاوڕێم هاشمی کەریمی

ئەی گوێچکیلەی ڕاستی .. دلم !
ئەی پەنجەرەی ڕوژهەلاتی زامەکانم
ئەی کوردستانی شیرانم !
لە وڵاتی جبەی رەشا
سیامەند بوو شیعری تازەم
گەڕا بە شوێن چاوی خەجا
شیعری شەیدای باڵای " ورمێ "
ویستی دەستی
گوڵێ بگرێ
ئازادانە پێ بکەنێ !
ویستی دەم بنێتە دەمی
کانی یەکێ ڕوون ، گەش هەڵقوڵێ
زۆری پرسی ی
هەمووی گەڕا و زەردەخەنەی هیچی نەدی !

خەجم مانگە

مانگی گیراوی زیندانی ناو ئێرانە .
خەجم وەکوو سێوە لاسوورەکەی باخی " بۆکان "

ملی لارەو چاو پڕ لە ئاو
وەکوو - زاوا و بووکە - ی سابڵاخ
هەنیە ڕنراو .. قژ ئالوزکاو .

ئێستە گولان
وەک ڕوومەتی ڕەنگە پەڕیوی
منداڵانی هەموو ئێران
بەست و سیس و بێ تریفەن
چاوەروانی بارانێکی
تازە ئەکەن

ئێستە کانیم
وەکوو نیگای کیژەکانی
شاری سنە
لێڵ و پێڵن
ڕوون نابنەوە ، تا ئەو ڕوژەی
کونەپەپووی مێژەر بەسەر
ئەم وڵاتە جێ ئەهێڵن

XXXXXX

ئەی پارچەیەکێ لە جگەرم !
ئەی تاجی خوێناوی سەرم !
هەرچی جبەی ئاخوندەیە کۆی کەنەوە
وەکوو پەردەی شەوی تاریکێ بیگرنەوە
لە ( خاردد ) وە
هەتا سەقز
بیدەن بەسەر لەشی تۆدا
چرای سربنی شەهیدان تاشارنەوە .
بەر لە زریانم تاگرن
من درەختی ئەم ژیانەم
تو لەولاوە من ئەبرێت و
لەولای دیکە من دێمەوە
ئازارێکم چەشەی تەور
تا بمبرێ من سەر لەنوێ
بنج قایمتر ئەڕۆیمەوە
ئەی ئاو کوژان ؟!
هەرچی تاڵە مووی ریشێکی ئاخووندەیە
بەیەکەوە گرێ ی بدەن
وەکوو گوریس
لە ( بانە ) وە

هەتا سەردەشت

درێژ درێژی کەنەوە
ئەوسا ش دەمی هۆنراوەم و
تفەنگەکەم نابەستنەوە !

xxxxxxx

ئەی چەکەکەی شانی راستم !
پاردەی قەڵای خۆرهەڵاتم !
پشتاو پشتی زنجیرە " شا "
لە کۆر شەوە هەتا قاجار
هەموو ڕوژێ گوڵیان ئەکوشت
خوێنی کەژو هەردیان ئەڕشت
بەلام دوا جار
گوڵ نەفەوتا

کەژ هەر نەمرد
ئەوەی کە مرد شا ، سوڵتان بوو
ئەوەی ژیا ئەوەی هەر ما
کوردستان بوو !

xxxxxx

ئەی سەنگەری پڕ هەتاوی ڕۆژهەڵاتم !
گوڵاڵەی سنگی شیرین و

مەشخەڵی دەستی فەرهادم
مەڵاوتی : تەلیسما ویبیم
دیوارێکی گوڵڵەبەندی زۆر ڕقا ویبیم
بەڵام سبەی نا دووسبەی
کە سێڵاوی پەنگ خواردەی نیشتمانم
ڕا بە سەر
سەر شەقام و گۆڕەپانم
ئەوسا ئێران
جبەی ڕەشی خۆی دائەدڕێ .
ئەوسا ئیتر بە خەج ئەکەم
بە منداڵ و گوڵ و کانیی
لێو بە خەندە هەمووی ئەکەم
ئەوساش تاریکیی ئەزانێ
گەر تەلیسمێ هەبێ و نەشکێ
هەبێ و نەمرێ
هیچ نەیبڕێ
بە تەنها هەر خۆری گەلە
دڵی گەلە
هێزی گەلە

١٩٨٥/٧/١٥

# بەیان

گوندێکە هەیە
ڕووتەڵەیە ..
کۆتری سپی دەم و چاوی
باڵکراوی ژێر پەچەیە .
لە دوورەوە
ئەڵێ ی خاڵێکی بچووکە بە لاملی
ـ مەریوان ـ ی باشوورەوە
زۆر دەمێکە لەم گوندەدا
هەر برسێتی ی جێ نیشتەیە
ئاو تینوێتی و
" با " هەناسەی کپەکەرەو
ڕێبوارێکی بە پەلەیە
بۆ باڵندەی هەژارەکان :
خەم بە تەنها تیا شین ئەبێ

ئەگەر گوڵێکی تیا بڕوێ
ئەویش لێوی بێ خەندەیە ..
وەکوو خانووە تەنگەکان
وەکوو دوکانی سەر کوڵان
وەکوو کۆڵکێشی ناو سنە
لەناو ئاپوورەی شێڕاندا
لە ژاوە ژاوی ژیاندا
ئەم گوندە پشت پەماوەیەش
ناونیشان و جێگەی ونە

XXXXX

لەم گوندەدا پێش چەند ساڵێ
کیژێ هەبوو
وەکو هەرمێ کێوێلە وابوو
وەکو کارژۆڵەی قاچ قوڕاوی ی
هەڵ ئەبەزی و دائەبەزی .
قژی ئەتوت ڕیحانەیە
لەش سپی و سۆڵ وەکو مراویی
چاوی وەکوو ترێ ڕەشکە
بۆن خۆش وەکوو بڕنگەی گوێ ئاو
سوکە .. سوکە

وەکوو ئاسکێ
بەڵام لەناو خەلووزانی هزرا
وەکێ قوتیلکەی ڕەش داگەراو
ئازاری بوو پرتە پرتکەر
شەو تا بەیانی ی ئەسووتا .
مۆڕەی خەنجەر

تیلەی چاوی ـە غەزەبی

باوکێ . برا . خزم . ئاشنا
هەموو ڕۆژێ ئەم گوڵەیان ئەژاکان و
وەکوو کەروێشکی ترساوی دەرگی لانە
ناوەناوە سەر دەردێنەر
ئەیانکردەوە بە کوندا .

XXXXX+

ئەم کیژەمان وەکوو چاوی
بیری زیت بوو
گشت شەوگارێ
لەژیر لێفەی کۆن کونەوە
بە قەد ژمارەی ئەستێرەی
شەوی هاوینانی ناو دێ
هەنگی پرسیار لەناو سەریا

ئەورووژان و

تا بەربەیان

نەیان ئەهێشت چاو لێک بنێ !
ئەم بۆ ئەژی ؟ ئەو بۆ ئەمرێ ؟

ڕەنج بۆ ئەخورێ ؟
ئەم بۆ دیلە ؟ ... ڕاپەرێ ؟

بۆچی ژن و مانگا زەردە
بۆچی ئەم و مامرە کونج
لە ماڵەوە ، لای پیاوێ دێ
ڕێزێ ن وەکو یەکێ لێ ئەگیرێ ؟

xxxxxxxx

ئیستە ئێران
وەکوو جبەی ئاخوندەکان .. رەش ئەنوێنێ

تاران پایتەختی سێدارەو
مزگەوتێکی گەورەی مەرگە
قیرەی مەلای قەلەڕەشکە
لەسەر منارەی هەزار ساڵ پێش ئێستاوە

بانگ بۆ تاریکی ی ئەدات و
لە میحرابی بەر قاچیشدا خوێنی ئازادی ی ڕژاوە
پەنجەرەی بەر هەتاوی بیر

کڵاو ڕۆژنەی هەموو تیشکێ
بە ڕیشی تۆپزیی ئاخوون .. ئاخنراوە !

ئیستە ئێرانی ئاخوندە
پاپۆڕێکەو پڕلە تاوان
خوێن بارکردوو
ڕووی کردۆتە تیبلەی جادوو

بایەوانی ئەم پاپۆڕە کەتەو زلە
چارۆگەی عەباو مێزەرە .
ئیستە ئێران بە قەد هەموو
دەنکە تەزبیحیکی دەستی مەلا
بە قەد ژمارەی دەم ویردی ناوی ( ئللە )
لە ڕۆژیکدا
لەسەر تاتەشوری جەنگە و
لە تابووتی شارو گوندا

کە چاوی پرسە ئەگێرێ
هێندە خوشکی
هێندە دایکی
هیندە ڕۆڵەی سەر بڕراوی
خۆی ئەژمێرێ !

xxxxxx

ئەوەتا وا ئێستە هەردوو

کەڵەگای شەر
کەڵەگای سەر کوردستانم
کەلەگای سەر دەغڵ و دانی هەژارانم
لەناو پەرژینی کۆتانی
بە چەقۆ دەور گیراودا
لە بازنەی داخراوی بێ ڕێگادا
شاخ خوێناوی ی
پشت خوێناوی ی
ڕم لە قەپرغە هەڵ چەقاو
یەکتر دێنن یەکتر دەبەن
لموز شکاو
ئەوەتا وا جەرگی پارە پارەی کەلم
ئەڵێی بێژنگی بەر خوڕە
چوڕەی خوێنم
چوراوگەیەو
دنیا شۆرە

xxxxxx

ملی ئازادی و ملی شاخ وەکوو یەکن
قەت کەچ نابن

هاورێکەم ؟
ئەم ئێرانە کەڵەگەتە قاچ شکاوە
هاتە لام و لای منەوە بۆ یەکەم جار
پەیژەم بۆ کرد
تا سەرکەویتە سەربانی
ئەو زامانەی
بەسەر حەوشەی
هەردوو لاماندا ئەپڕوانی .
یەکەم جار من پاچم دایە
یەکەم چەکێ من کردمە شانی
یەکەم جاریش من ماچم کرد
من برا بووم برای راستی ی
هەر بەم پشتە زامدارەی خوم
یەکەم شەهیدیم گرتە کوڵ .
ئەی کوردستانی موقەددەس!!
ئەی لەیەکێ کاتا دایەنی
ئازاری خۆت
ئازاری خەڵکێ
ئەی ئاواتی پەرەوازەم !
لەیەکێ وەختا

تو پەنا یت و پەنا هێندە
تو زا میشی و دەرما نیشی
تو ئەوگا ری و ڕوژگا ریشی
تو قوربا نی و ژیا نیشی .

xxxxxx

کچە هەنا ری لادیی
با لای کردوو وا پێ گەیی
ما کەوەکەی خا ڵ لە ملم
کەوتە چینە
لەسەر گڵە سووری دڵم ؟
ئیستە کەنیشکی ئەو دێ یە
دێت و ئەڕوا و قسەی پێیە
قسەکا نی لەلای هەندێ
وەکە ئەما مە هەڵ ئەگیرێ و
نا وبەنا وێ بو‌نیا ن ئەکرێ !!
لەلای زوربەش ئەو قسا نە
وەکوو درکە لە بنی پێ هەڵ ئەچەقێن
بو پەزی نەریت و دا بی ، کونە سا ڵە
بە زیا ن بوون
بو ئەوەی ژن وەکوو ما ین

وەکێ نیرگەلە

وەکوو دەڵەکێ

سەیر نەکرێ

نەژی و نەمرێ

ئەو قسانە لەناو دێدا و لەلای مەلا

وەکێ تلیاکێ و گۆشتی بەراز

قاچاغ کرا !

xx-xxxx

ئێران ڕەریایەکێ بوو ئەکولا

بەرامبەر شەوی ئاخوندە

بیشەلانی مەشخەل بەسەر ڕاوەستابوون

ئاگر مەوجی ئەدایەوە ..

توورە بوونی دارستانی ڕووتەو هەژار

لە ئیمامی تەوری ریشدار

هەتا ئەهات هەڵی ئەکرد

هەتا ئەهات زیادی ئەکرد !

بەرە بەرە ئاگرە سوورە

ئەتەنیەوە ..

بەسەر پردی کوردستاندا

هەر شیرین بوو هەر فەرهاد بوو

ئەپەڕیەوە ..
ئەمجارەیان کچ هەر گوڵی
بیخە نەبوو
هەر خەزاڵی لەش و لاروو
سێوی بەردەستی لاس نەبوو
گوڵدانێکی ناوماڵ نەبوو
ئەمجارەیان شیرین هەبوو
قوڵنگ بە دەس
ئەمجارەیان خەزاڵ هەبوو
لە سەنگەرا
ئەچووە بە گژ ئاگرا

xxxxxx

بەیان، بەیان ، بەیان
لەناو ئەشکەوتی شێداری
خۆر نەدیوی دڵی خەڵکا
ئەو پرشنگ بوو هەردوو چاوی .
لەناو گوندا
دەنگی ئەدایەوە ناوی :
بەیان ، بەیان ، بەیان .
لەو ڕۆژەوە کە شانە هەنگی پێشمەرگە

دەوروبەری ئەو گوندەیان کرد بە شیلە
ئیتر هەر هەنگە بوو نێر و مێ
بەسەریەوە ئەنیشتنەوە !
لەو کاتەوە ئیتر " بەیان "
وەکە پەرەسیلکەی دلداری
زەوی و باران
وەکە کەنیسمەی باڵ رەنگاو رەنگە
تینوو بۆ خوێندنێ سەربەست
وەکە سوێسکەی عاشقی بەرد
وەکە قەقنەسی عاشقی گڕ
لەسەر درەختی ناو ( دێ )وە
ڕۆی هەڵفڕی
هێلانەکەی خۆی گواستەوە
بۆ سەنگەری
ئەو مەچەکە و تفەنگانەی
لەناویاندا هەر بە تەنها
ترس ئەگری ؟!
لە پەنجەرەی هەتاوەوە
چووە دڵی هەزاری رەنج
سووتاوەوە

لەناو کەوانەی داسەوە
خوی هەڵدایە باوەش زەوی
بوو بە پێڵوری چاوی گەنم
بوو بە پەنجەی دارو درەخت
بوو بە دێراو بوو بە جۆگە
ئینجا چووە لای تفەنگێ
کە لەسەر ئاسۆی دوا رۆژم
رزگاری ئاو .. رزگاری خاکە
لوولەی ئەو بە گڕ ئەینووسێ !

xxxxxxx

منداڵی دێ وەکوو نوقڵی ترش و شیرین
( بەیان ) یان لا خۆشەویست بوو
هەموو جارێ کچانی دێ
وەکوو چرا
لە دەوری کۆشەبوونەوە
رازی نەهێنی ناو دڵیان
لا هەڵ ئەرشت
لە دوابیدا یەکە یەکە
بو هەندێ بەرز ، هەندێ چرپە
رێی رۆشنی دیاری ئەکرد .

لای دڵانی سادەو ساکار
وەکە سەرچاوە وەکە سەوزە گیا
بەیان چەندە خۆشەویست بوو
لاسکە تێرو مل هوڕی ( دێ )یش
جێ ی تواندج و
جێ ی پلارو
جێگەی تانەو
سەرزەنشت بوو .

xxxxx

لە ئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە
تاریکی ی ماڵ .
شەوی دریژی کویلەیی ..
وەکوو پرچی زیادو تەمەڵ
هەمووی ئەبڕێ !
شیری مێیەو لەنا و لانەی
ئازادەوە دێتە دەرێ
وەکوو چیام سەر هەڵ ئەبرێ
لێشا ویکەو ئەو دیواری
نامۆییە رائەماڵێ ..
کە دەمێکە .. زۆر دەمیکە

لەم کوردستانە دیلەدا

بەر لە تیشکی نیوەی خۆرم

نیوەی حەقیقەتم ئەگری

لە ئیستەوە ئیتر بەیان

ئەو بیرە شاربەدەر ئەکا

کە ژن ئەبی
هەر لەسەر جی و هەر لە مالدا
بژی و بمری ..
نە، وا بەیان
وەکو باوبۆران

شاخ ئەسپیتی و سواری ئەبێ
بەسەر ( زین )ی بەفرینەوە
ئاوزەنگی ئەدا لە سکی بن بناروو
گزنگە ئەکا بە چەپکە و
بۆمان دێنێ ..

لە ئیستەوە ئیتر بەیان ئەو کجەیە
چەکە بە دەست و شەروالێکی لەپێ دایەو
پێشمەرگەیە .

xxxxxxx

ئەی ژنانی ولاتە قژ سووتاوەکەم ؟

بەیان زەنگە
گوێ ی لێ بگرن !
بەیان دەست ڕێژی ئازادی ی
ئاو شێوەیە
سەر هەڵبڕن .
بەیان دەمی ئەو پاچەیە
ئەوە زەنگتان ئەڕوخێنێ
دەنگە هەڵبڕن
بەیان ئەو دارو خشتەیە
دنیای تازە پێکە ئەهێنێ
چاو هەڵبڕن
بەیان لوولەی ئەی چەکەیە
مەرگە ئەمرێنێ
کوان ؟؟ ڕاپەڕن !

xxxxxx

بەر لە شێوە ئەی بەیان و ئەی کچانی
ئەودیو ژوورم
ئەی دلخوازانی ڕووناکی ی ؟
ئەی ئەوانەی بو یەکەم جار
بەر لە کۆرپەو ساوای خوتان

لەناو گێژەنی ئاگرا
شیری مەمکیان
کردە ناو دەمی ئازادی ی
بەر لە شێوە
ئەی کچانی سەنگەری سوور ؟
هەر ملوانکەم ئەکردە ملی کچی شیعرم
هەر مێخەکی بەنگی و کرمەکم
ئەهێنا بۆ کچی شیعرم
هەر سوراوم ئەدا لە گونەو روومەتی
کچی شیعرم
بەلام وەختی شێوە هاتن
وەکو برووسکە
داتان لە هەواری شیعرم
لەو رۆژەوە ئیتر منیش :
چەکم خستوتە سەر شانی کچی شیعرم
فیشەکی لغم هیناوە بۆ کچی شیعرم
بەرگی خاکیم کردوتە بەرکچی شیعرم
کاسکیتێکم کردوّتە سەرکچی شیعرم

xxxxxxxxxxxx

ئیستە بەیان هەر هاوڕێ ی گوندێ نییە

بە تەنها هەر مەریوانم
شارۆچکە خنجیلانەکەی
سەر شەقامی دڵی نییە .
ئیستە ئێران و کوردستان
شاخ و پێ دەشت
ڕووبارو باخ
کارگەو کێڵگە
لە دەواری ئەو دڵەدا
هەموو جێگەیان بۆتەوەو
هێشتا جیگەش زیادی هەیە !
ئیستە بەیان بۆ چاوی کزی هەژاران .. چاویلکەیە .
ئەگەر ئەوان مەرەزە بن .. ئەم جۆگەیە .
گەر ئەوان پەرە کاغەز بن .. ئەم وشەیە
ئەگەر ئەوان چاپخانە بن . ئەم پەنجەیە .
گەر ئەوان چەک و تفەنگ بن .. ئەم گوللەیە .
ئیستە بەیان هەموو ئەوێ
لە نوژەدا ئەستیرەیەو ئێشک ئەگرێ
ئامادە باش
بۆتە ئاشنای بۆتە خزمی زۆر نزیکی
ئەو کتێبانەی کە هەر وەک لاپەتەکەی

دەستی ، شەوان
ریگای بەر پێی ئەدۆزنەوە
هەتا فیکری هەڵنەنووتێ
لەو قۆرتانەی

بیبەن بەرەو قاچ خلیسکان !

xxxxxxxx

بەر لە چەند ساڵ لەو گوندا کەمێ نەبێ
قۆخی دڵیان ئەگۆڕیێوە لەگەڵ بەیان
ئیتر هەموو قسەی ئەویان
بە زەردەواڵەو بە کوللەو
بە چزووی دووپشکە ئەزانی
بۆیە وتیان
ئەم کچەمان
ئاوەکییە بەم گوندەمان
بویە مزگەوت بانگی هەڵدا
ئەو و شەیتان
لەیەکە بەرگان
بەلام بەیان بەقەدەر شاری کرماشان
دڵی گەورەو فراوان بوو
بەڵام بەیان لە تینوێتی ئەم گوندەدا

هەر بارا ن بوو

لە سووتانی ئەم گوندەدا

سەتڵی ئاوی ئاگر کوژێنەوەی سەر ماڵان بوو .

لە زامداریی ئەم گوندەدا ..

ماشینە شێوە سپێیەکەی

خاچی‌سووری ناو ئێرا ن بوو

بۆیە ئیتر وردە وردە

کەمی ناو دێ

بوون بە زوربە !

xxxxxxxxx

ئەوا ئیستە بەیا ن لەژێر دارتویەکدا

لەسەر بەردێ دانیشتووە

لای خۆیەوە چەکەکەی هەڵپەسا ردووە

هەر لەسەرڕا ن

هێور هێور

نامەیەکی دوورو درێژ

ئەنووسێ بۆ ماڵی خۆیا ن ؟

xxxxxx

نامە گەیشتە دایکە و باوکە

وەکوو گوڵنە نامەش تەر بوو

لەم کوردستانە دێلەدا

بەر لە تیشکی نیوەی خۆرم

نیوەی حەقیقەتم ئەگرێ

لە ئێستەوە ئیتر بەیان

ئەو بیرە شاربەدەر ئەکا

کە ژن ئەبێ
هەر لەسەر جێ و هەر لە ماڵدا
بژی و بمرێ ..
ئەوا بەیان
وەک باوبۆران

شاخ ئەسپێتی و سواری ئەبێ
بەسەر ( زین )ی بەفرینەوە
ئاوزەنگی ئەدا لە سکی بن بنارو
گزنگ ئەکا بە چەپک و
بۆمان دێنێ ..

لە ئێستەوە ئیتر بەیان ئەو کچەیە
چەک بە دەست و شەرواڵێکی لەپێ دایەو
پێشمەرگەیە .

xxxxxxx

ئەی ژنانی وڵاتە تۆ سووتاوەکەم ؟

بەیان زەنگە
گوێ ی لێ بگرن !
بەیان دەست ڕێژی ئازادی ی
ناو شێوەیە
سەر هەڵبڕن .
بەیان دەمی ئەو پاچەیە
ئەوە زەنگتان ئەڕوخێنێ
دەنگ هەڵبڕن
بەیان ئەو دار و خشتەیە
دنیای تازە پێکە ئەهێنێ
چاو هەڵبڕن
بەیان لوولەی ئەی چەکەیە
مەرگ ئەمرێنێ
کوان ؟؟ ڕاپەڕن !

xxxxxx

بەر لە شێوە ئەی بەیان و ئەی کچانی
ئەودیو ژووژم
ئەی دلخوازانی ڕووناکی ی !
ئەی ئەوانەی بو یەکەم جار
بەر لە کۆرپەو ساوای خوتان

لەناو گێژەنی ئاگرا
شیری مەمکیان
کردە ناو دەمی ئازادی ی
بەر لە شێوە
ئەی کچانی سەنگەری سوور ؟
هەر ملوانکەم ئەکردە ملی کچی شیعرم
هەر مێخەکێ بەنگێ و کرمەکم
ئەهێنا بۆ کچی شیعرم
هەر سوراوم ئەدا لە گونەی روومەتی
کچی شیعرم
بەلام وەختی شێوە هاتن
وەکێ برووسکە
داتان لە هەواری شیعرم
لەو رۆژەوە ئیتر منیش :
چەکم خستوتە سەر شانی کچی شیعرم
فیشەکێ لغم هیناوە بۆ کچی شیعرم
بەرگی خاکیم کردوتە بەر کچی شیعرم
کاسکێتێکم کردوتە سەر کچی شیعرم

xxxxxxxxxxxx

ئیستە بەیان هەر هاوڕێ ی گوندێ نی یە

بە تەنها هەر مەریوانم
شا رۆچکە خنجیلانەکەی
سەر شەقامی دڵی نییە .
ئیستە ئێران و کوردستان
شاخ و پێ دەشت
ڕووبار و باخ
کارگەو کێڵگە
لە دەواری ئەو دڵەدا
هەموو جێگەیان بۆتەوە
هێشتا جێگەش زیادی هەیە !
ئیستە بەیان بۆ چاوی کزی هەژاران .. چاویلکەیە .
ئەگەر ئەوان مەرەزە بن .. ئەم جۆگەیە .
گەر ئەوان پەرە کاغەز بن .. ئەم وشەیە
ئەگەر ئەوان چاپخانە بن .. ئەم پەنجەیە .
گەر ئەوان چەک و تفەنگ بن .. ئەم گوللەیە .
ئیستە بەیان هەموو ئەوێ
لە نوورەدا ئەستێرەیەو ئێشکە ئەگرێ
ئامادە باش
بۆتە ئاشنای بۆتە خزمی زۆر نزیکی
ئەو کتێبانەی کە هەر وەکە لایتەکەی

دەستی ، شەوان

ریگای بەر پێی ئەدۆزنەوە

هەتا فیکری هەڵ نەنووتێ

لەو قۆرتانەی

بیبەن بەرەو قاچ خلیسکان !

xxxxxxxx

بەر لە چەند ساڵ لەو گوندا کەمێ نەبێ

قۆخی دڵیان ئەگۆڕێوە لەگەڵ بەیان

ئیتر هەموو قسەی ئەویان

بە زەردەواڵەو بە کوللەو

بە چزووی دووپشکە ئەزانی

بۆیە وتیان

ئەم کچەمان

ئاوەکی‌یە بەم گوندەمان

بویە مزگەوت بانگی هەڵدا

ئەو و شەیتان

لەیەکە بەرگان

بەلام بەیان بەقەدەر شاری کرماشان

دڵی گەورەو فراوان بوو

بەڵام بەیان لە تینوێتی ئەم گوندەدا

هەر باران بوو

لە سووتانی ئەم گوندەدا
سەتڵی ئاوی ئاگر کوژێنەوەی سەر ماڵان بوو .
لە زامدا ریی ئەم گوندەدا ..
ماشینە شێوە سپێەکەی
خاچی‌سووری ناو شیران بوو
بۆیە ئیتر وردە وردە
کەمی ناو دێ
بوون بە زوربە !

xxxxxxxxx

ئەوا ئیستە بەیان لەژێر دارتویەکدا
لەسەر بەردێ دانیشتووە
لای خۆیەوە چەکەکەی هەڵپەساردووە
هەر لەسەرڕان
هێور هێور
نامەیەکی دوورو درێژ
ئەنووسێ بۆ ماڵی خۆیان ؟

xxxxxx

نامە گەیشتە دایکە و باوکە
وەکوو گۆنە ئامەش تەر بوو

لە پێشدا هەواڵ سرپە بوو
وەک تزە با بێ گڤە بوو
ئیتر ماڵان
جووت جووت یا خود یەکە یەکە

ئەهاتن بۆ نامەی بەیان
ئەهاتن بۆ هەواڵێکی
کچە بەستی پێشمەرگە ؟
نامە وەکوو گوڵە زەردی
دەم عەتر ڕێژ
وەک بۆنی مۆردی سەرەڕێ
گەیشتە لووتی هەموو دێ

نامە وەکوو یەک پەرداخ ئاو
بۆ زۆر تینوو
چۆن دەستا و دەستی پێ ئەکرێ

چۆن ئەگەڕێ
ئاوایش نامەی پەڵە پەڵە
بە فرمێسک تەڕ
نامەی بەیان
لە دوو ڕۆژدا وەکوو نامەی
کۆن بووی گیرفان

چرچ کەوتە دەمو چاوی
لەشی ڕێ ڕێ
ئیتر ئەوەندەی نەما بوو
تەواو بدڕێ ..
کە هەواڵ بوو بە ڕەشەبا
لەبەر ماڵدا
خەڵکی وەستان بە قەتارە
کە ئاوێنەی نامەی بەیان
شەوقی تیژی دا لە چاوی
حەپەساوی سەر منارە
ئەوسا مەلای مزگەوتی دێ
وەکو قەلەمووتی شڵەژاو
بە ناچاری ئیتر هەستاو
بە دەنگی خۆی
لە بڵندگۆی مزگەوتەوە ..
نامەی ( بەیان ) ی پێشمەرگەی
بو خەڵک و خوای گوند خوێندەوە !
xxxxxxxx
وا دەستەیەک
بەرگ خاکی ی ، خوێن قوڵپ دەر

شان و لاملی ئارەقاویی
لە هەرەتی ژیانداین و
جیایان ناکەیتەوە لەیەکە
بە هەنگاوی گورج ئەکاندەر
یەکە لەدوای یەکە
ڕەوە ئەسپێکی کێوین و
ڕێی مەرگی سوور ئەگرنەبەر .
بە پێ دەشتی سوژن ڕێژدا ئەدەنە غار
چەمی سەرکەش جڵەو ئەکەن
چۆکە بە دەربەندو هەورازو
کلکەی سەر چیا دائەدەن
تفەنگی شان ، کۆڵی پشتیان ، قۆناغ قوناغ
ئەبەن هەتا جێگەی پرسیار ، جێگەی سۆراغ
بە هەر کوێیەکدا ڕەت ئەبن
زەردەخەنە ئەچێ بە پیر لێویانەوە
سوورە گوڵ بەرەو بەرۆکیان
نان بۆ پشتینەکەی پشتیان
هەژارانیش بۆ ناو دڵیان !

xxxxxx

یادگانی سەر ئەو ملەیە +

بۆتە دوومەڵی سەرشانی ئەم ناوچەیە
لە یەمەندا وەکە مڵەیە

دەستەی دڵداری چاو تینوو
پەنجەی تۆڵەی سەر تفەنگیان بە پەلەیە
هەر ئەوەندەی چاو بترووکێ
لە پڕێکدا دەست ڕێژ وەکوو
باران و هەورە تریشقە
بەسەر بەرازی پادگاندا دائەبارێ
شریخەی چەک .. ناڵەو گرمە
بۆ سەعاتێ دوو سەعاتێ
ژیان لە مڵە تاڵ ئەکەن
لە چەند لاوە بەرازی خیش زامدار ئەکەن .

XXXXXXX

ئیستە دەستە لەسەر ڕێگەی گەڕانەوەن
بەرەو بنکەی لێوە هاتوو ..
ماندوو .. ماندوو
وەکە دوا شەپۆلی کەناری لە گوڕ کەوتوو
تینوو .. تینوو
وەکە قلیشی لەشی زەوی گەرما بردوو

دوو برینداری ناو دەستە

یەکی بە شەلە شەل ئەڕواو
ئەویتریان سەر شان پیکراو
خوێنی قاچ و ئەو سەرشانە
هەتا ئیستەش تکە تکە
دائەدەنە سەر جامانە ؟
کانی و ئاو و سیبەری کر
بوون بە ئیزگەی حەسانەوەی

پشکۆو وئاگر
لەوێ کە خۆیان کردەوە
بۆ کزە با .
دەمیان خستە دەمی کانی ی
ئەوسا دەرکەوت
قژ درێژیکە
سنگە بەرزیکیان
سەر دەستەیە
ئەویش ( بەیان )ی برووسکەی
ئەم گەلدیە ؟

xxxxxxx

بەیان وابوو
برایمۆکی هەژارانی ئەم وڵاتە .. یاری ئەو بوو

دەستێ کورتەکە و شەرواڵی کوردی شڕۆڵ
بەرگی بووکێنیەکەی ئەو بوو ..
ڕیزە فیشەکی ناو قەدی .. هەیاسەکەی پشتی ئەو بوو .
ئەستێرە سووری پێنج گوشە .. ملوانکەکەی ملی ئەو بوو .
قوڵفی نارنجوکی دەستی ی .. موستیلەکەی پەنجەی ئەو بوو .
خۆڵ و باڕووت .. بۆن و پۆدرەی لەشی ئەو بوو .
بەیان وابوو
ئەو سێبەری باڵای بیری کەڵەگەت بوو
چاوی گەشی منداڵانی لە دڵدا بوو
ئەو دەنگدانەوەی هاواری سەربەستی بوو
مێژووی نزیکە .. مێژووی دووری لەگەڵدا بوو
بەیان وابوو
کچە پێشمەرگەی سەعات و دوو سەعاتی
ناو چیمەن و سەیران نەبوو .

دە بینووسە !
بە مەرەکەبی ئەو خوینەی شەهید دایمێ و
وا لە شووشەی چاوی مندا
دە بینووسە !
چەند مەزنە
بەیان ڕابەری کۆمەڵێ بڕووسکە بوو

ئەوان پیاو و هەر ئەو کچ بوو !

xxxxxx

بەڵام کەی بووە شیعری من
بێ ئاخ و داخ شەوێکە بنوون ؟
کەی بووە کەی لەدوای ماچی هەموو گوڵێکە
بە زماندا هەڵ نەچەقێ دڕکێکە ، چقڵێکە ؟
کەی بووە کەی لەناو ماڵی شیعری خۆمدا
لەیەکە ژووردا
وشەو وشەی دایکە و باوکی
دووانەی نووکێ
دووانەی سکی

لە خانەوادەی یەکە ئازار

لێرەو لەوێ
لەبەر چاوی تیغی گەورەی لەسەر ملم
لەبەر چاوی شیعری گەورەی
ڕاوەستاو لەسەر سەر سەرم

ئەو خوێنی ئەم
ئەم خوێنی ئەو
نەکەنە کاسەی ڕۆژگارو
لەپرسەدا نەیگێڕن بۆ هەموو گەلم ؟ !

xxxxxx

هەزار ساڵەوەتا ئەمڕۆ
تەورەکان هەر کوردستانم ئەبڕنەوە .
لەت لەت لەت لەت .. لەتم ئەکەن
کەچی منی لەتە برین
لەتەکەی تری خۆم ئەخۆم
کەچی منی ئازارو ژان
بەسەر جەستەی ئازارەکەی ترما ئەڕۆم

من ئەو برینە گەورەیەم

ئەبمە چەقۆو دیسانەوە

هەمان برین کەرت کەرت ئەکەم

ئەو کەرتانەش دیسانەوە
ئەبنە چەقۆی تازە تروو
ئازارەکەم وردتر وردتر
وردتر ئەکەم !

xxxxx

گەر دوو زامی لەشی باخێکە

دەس لەملی ئازارەکانی یەکە نەکەن
چۆن برینی گوڵی باخچەی
دنیای دوورتر ساریژ ئەکەن ؟
گەر دوو کەناری ڕووبارێکە

باڵی فڕینی باڵندەی یەکتر بکەن
بو باڵندەی زەریا ی دوورتر
چۆن هێلانە دروست ئەکەن ؟ !
گەر دوو ئاگر
گەر سێ ئاگر
گەر چوار ئاگر
هەموو نەبن بە ئاگرێ
بە کڵپەیەکە
گڕ لە دێوی هەزارخۆری ئەم کوردستانە بەرنەدەن
چۆن هەژاری ئەم دنیایە
چۆن رووباری ئەم دنیایە
چۆن باڵندەی ئەم دنیایە
لە چنگی دێوی گەورەتر قوتار ئەکەن ؟ !

xxxxxxxxxx

لێرەو لەوێ
تەور تەورە
لێرەو لەوێ
خوێن یەکە خوێنە
تەماشاکە
نەخشەی گوڵینی ئەم لەشە
ماڵی گەرەکی قوربانی ی

یەکە .. یەکە
ژووری زامی نەچوو ئاوارەو سوڵتانی
ژووری برینی شەماڵ و مامە ریشە
وەکوو ماڵیان
دەرگای دڵیان لەسەر یەکە .

xxxxxxx

ئەو وەختەی چاوی بازێکی لای موعینیم
هەڵ ئەکوڵن
سۆمای چاوی هەڵۆیەکی لای سوڵتانیم
تاریکە دایەت ..
ئەو کاتەی دەمی شیعرێکی من ئەبەستن
تۆ هەناسەت بۆ نادرێ .
ئەو دەمەی ( بەیان ) ئەکوژرێ
یەکە یەکە لەیەکە وەختا لای هەموومان
خورێ ، مانگێ ، گوڵێ ئەمرێ
بەیان ، بەیان ، بەیان
ئەو تفەنگەی دەستەکەی تری خۆم کوشتی
ئەو شیعرەی هەر قەڵەمەکەی خۆم بوو کوشتی
ئەو شەپۆلەی ڕووبارەکەی خۆم خنکاندی
ئەو درەختەی برووسکەی خوم سەری بڕی

# بەیان ، بەیان ، بەیان

xxxxxxx

هەتا دوێنێ دێکەی بەیان
ناونیشان و شوێنی بەیان
بزر بوو وەکە مرواری ناو بنی زەریا

بەلام ئەمڕۆ دێکەی بەیان
" بەر قەڕوی " لای مەریوان
بوو بە هەموو نەخشەی شێران
بوو بە چاوانی کوردستان
بەیان . بەیان . بەیان
ئیتر بەیان هەر بە تەنها
دار گێلاسی مەریوان و شێران نییە
کانی سنەو بۆکان نییە

ئەمڕۆ سبەینێ و داهاتووش
ئیتر بەیان کچۆلەکەی دایە گەورەی کوردستانە
ئیتر بەیان لە ئێستەوە

ئەستێرە سوورە گەشەکەی
هەزارانی گشت جیهانە

بەرگەلو ۱۹۸۵/۷/۱۸

چاپخانەی شەهید جەعفەر

# HELO

CIWAMÊR

1986

[illegible]HED BY :

[illegible] UNION OF KURDISTAN WRITERS